

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ڕێکخراوەکانی

نووسینی: حەسەن حاتەمی

----------------------------

ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران و ڕێکخراوەکانی

پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، بەتایبەتی کوردەکان.

## پێڕست


لەگەڵ خوێنەران ........................................................................ ٧

پێشەکی .......................................................................................... ٨

* بەشی یەکەم ................................ ١٣

١- دەوری مەزهەبی شیعە

٢- مەدرەسەی فەیزییەی قوم

٣- حەوزەی عیلمییەی قوم

٣- مەشرووتە و مەشرووعە

٤- ڕەزا شا و ڕووحانییەت

* بەشی دووەم ............................. ١٧

ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی

١- ئیهزەتی خودا پەرستانی سوسیالیست

٢- کۆمەڵی فیدائییانی ئیسلام

٣- ئەنجومەنی دژی بەهاییەت (حوجەتییە)

٤- بیروڕا

٥- چوارچێوە (ساختار)

٦- چالاکییەکانی ئیسلامی سیاسیی لە حەوزەی عیلمییەی قوم دا

٧- نێهزەتی ئازادی

٨- حیزبی میلەلی ئیسلامی

٩- موئتەلیفەی ئیسلامی

١٠- ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران

١١- چەند گرووپی چالاکی چووک

١٢- مەکتەبی قورئان

١٣- پێگە گرینگەکانی ئیسلامی سیاسی

* بەشی سێیەم ........................... ٣٣

چەخماخەی ڕاپەڕین

١- ئێران و ئیستیعماری سوور و ڕەش

٢- کێ ئەو وتارەی نووسی و بۆ

٣- شاپووری بەختیار، دوایین هەل

٤- بەمێژوو سپاردنی ڕژێمی پاشایەتی

* بەشی چوارەم ................................ ٤٠

١- شوڕای شۆڕش

٢- کردەوەکانی شووڕا

٣- داگیرکردنی باڵیوێزخانەی ئەمریکا و شووڕای شۆڕش

٤- نێهزەتی ئازادی دوای ڕاپەڕین
٥- ڕێکخراوسازی نوێی ئیسلامی
٦- کۆمەڵی ڕووحانییەتی موباریز
٧- دەوری کۆمەڵی ڕووحانییەتی موباڕێز لە ڕاپەڕین دا
٨- حیزبی جمهووری ئیسلامی (حجا)

* بەشی پێنجەم ........................................................ ٥٢

١- ڕێفڕاندۆم (ڕاپرسی)
٢- کۆبوونەوەیەکی گرینگ لە سەقز
٣- نامەی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی
٤- ناڕەزایەتی مەکارم شیرازی
٥- پێش نووسی یاسای بنەڕەتی
٦- ویلاتی فەقیه
٧- دەسەڵاتی ڕێبەر

* بەشی شەشەم ...................................... ٦٢

١- هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆماری لەمێژووی ئێران دا
٢- قەیران دروستکردنی نوێ
٣- یەکەمین خۆلی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای میللی
٤- ناکۆکێی حجا لەگەڵ بنی سەدر
٥- زیادبوونی دەسەڵاتی حجا
٦- بەشێک لە کردەوەکانی حجا

* بەشی حەوتەم ................................ ٧٠

١- ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی
٢- ئەنجومەنی حوجەتییە لە کۆماری ئیسلامی دا
٣- زانستگا و گرینگەکانی
٤- دەفتەری تەحکیم ی وەحدەت
٥- کورتەیەک لە بەرنامە و پێڕەوی دەفتەری تەحکیم
٦- شووڕای گشتی
٧- شووڕای ناوەندی
٨- داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران
٩- ناکۆکیی تەحکیم وەحدەت لەگەڵ حجا
١٠- چونی دەفتەری تەحکیم بۆ نێو ڕووداوە سیاسییەکان

* بەشی هەشتەم ......................... ٨٣

١- ئیسلامی شۆڕشگێڕ
٢- موجاهیدینی خەڵق دوای ڕاپەڕین
٣- موجاهیدینی خەڵق و ویلایەتیی فەقیە
٤- موجاهیدینی خەڵق و پێشنووش ی یاسای بنەڕەتی
٥- موجاهیدین خەڵق و هەڵبژاردن ی مەجلیسی خێبرەگان
٦- داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا و موجاهیدینی خەڵق
٧- یاسای بنەڕەتی و موجاهیدینی خەڵق
٨- بەربژاری سەرکۆماری مەسعوود ڕەجەوی
٩- مافی گەلانی ئێران لە بەرنامەی ڕەجەوی دا
١٠- پشتیوانیی کوردەکان لە بەرنامەی ڕەجەوی




سەرچاوە
Serchawe

١١- ڕاگەیاندنی ژمارە ٩ ی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد
١٢- ڕاگەیاندنی کۆمەلە
١٣- ڕوانگەی حدک (ئێران)
١٤- هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا و موجاهیدینی خەڵق
١٥- شۆڕشی فەرهەنگیی و موجاهیدین خەڵق
١٦- شەڕ بیانوویەکی گەورە بۆ سەرکوت
١٧- موجاهیدین خەڵق و کردەوەی چەکداری
١٨- شەڕی دووبۆچوونی ئیسلامی
١٩- موجاهیدین خەڵق و کردەوەی چەکداری

* بەشی نۆیەم ............................ ١٠٦

١- لابرانی یەکەم سەرکۆمار
٢- بۆمب دانانەوە بۆ عەلیی خامنەیی و دەفتەری حجا

* بەشی دەیەم ................................................ ١١١

١- ئەحمەد موفتی زادە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین
٢- دامەزرانی شەمس
٣- کردەوەی جیاواز
٤- گیرانی موفتی زادە و ژمارەیەک لە هاوبیرانی
٥- هێرش بە حیزبی توودە و فدائیانی ئەکسەریەت
٦- ڕاگیرانی چالاکییەکانی ئەنجومەنی حوجەتییە
٧- بەرەودانی پتر بە پاوانخوازی ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe

# لەگەڵ خوێنەران

**بەڕێزان!**

هاوین یا پاییزی ساڵی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) بوو، بەهۆی کاک ڕەحیم محەممەدزادە، بە کاک تاهیر عەلیار ناسێندرام بۆ وتووێژی جارجارەی تلویزیۆنی. - کاک تاهیر ئەوکات لە ئاسۆ سات تی ڤی دوو بەرنامەی لە حەوتوو دا، هەبوو کە یەکێکیان ناوی "پانۆڕاما" بوو.

دوای دوو، سێ جار قسەکردن لەسەر ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەشێوەی تەلەیفونی، هاتمە سەر ئەو بڕوایە، بەرنامەی پانۆڕاما، شوێنێکی باشە بۆ ناساندنی هەناوی کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتی سەپاندنی ئیسلامی سیاسی و" ئەنفال کردنی" ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کە بەدژی سەرەڕۆیی ڕێژیمی پەهلەویەکان، بەئاکامی سەرەتایی خۆی گەیشتبوو. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە "شەپۆلی سەوز"- بە بڕوای من -، یا بە وتەی زۆر کەس "بزووتنەوەی سەوز" یا جووڵانەوەی "دێمۆکڕاسی خوازی"، لەحاڵی پەرەگەرتنی بەرین دابوو.

ئیدەکەم لەگەڵ کاک تاهیر باس کرد. زۆری پێ باش بوو. بە پێی زەمینەی پێشوو، دەستم بە موتاڵای پتر لەوبارەیە دا، کرد. دوای ماوەیەک ئامادەبووم بۆ یەکەمین وتووێژی تلویزیۆنی، سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا. - وتوێژەکە بەهۆی باش هەماهەنگ نەبوون لە گەڵ کاک تاهیر، بەڕێوە نەچوو. بەڵام بەڕێز ئاکۆ محەممەدیان، زەحمەتی ئاخاوتنەکەی کێشا. پاش بڵاوبوونەوەی؛ ژمارەیەک خەڵک پێیان باش بوو. کاک ئەمیر قازی پێوەندی بە کاک تاهیر عەلیارەوە، گرتبوو و سەبارەت بەنێوەرۆکی باشی وتووێژەکە لەگەڵی دوابوو.

کاک تاهیر پێشنیاری وتووێژی دوویەمی سەبارەت بە باسەکە کرد. لە ڕێکەوتی... وتوێژەکە ئەنجام درا. بەڵام نە لە درێژەی باسەکەی پێشوو دا، بەڵکوو لە سەر بزووتنەوەی سەوز و ئاکامەکانی بوو. کاک تاهیر لەویش زۆر ڕازی بوو. - هەرچەند پتر ئامادییم بۆ درێژەی باسەکەی پێشوو هەبوو.-

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو بەرنامەیەش کاک ڕەحیم محەممەدزادە پێشنیاری کرد، ئەو باسە بکەم بە نامیلکەیەک کە لەنێو تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بە فەرمی بڵاوکرێتەوە. منیش

هەوڵم بۆ دا و لە ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٨٨ (٢٢ ی ژانویەی ٢٠١٠) دا، بەشی یەکەمی نامیلکەکەم نووسی و بۆ بەڕێزان محەممەد زادە و سەعید بێگزادە م نارد. ماوەیەک چاوەڕوان بووم، نامیلکەکە بڵاو نەبۆوە. لەگەڵ چەند کەس کە کاری نووسین و وەرگێران دەکەن بۆ وێنە بەڕێزان، مامۆستا ئاشق، عەلی فەتحی، قاسم قازی و کەمال گەرویسی و حەسەن ئەهوەن و... باسم کرد و زۆربەیان بڕوایان وابوو، ئەو مەتڵەبە بکرێتە کتێب باشترە. من لەگەڵ کاک ڕەحیم باسم کرد و ئەوەیش پێی باش بوو.

لەو کاتی ڕا هەوڵم بۆ بە کتێب کردنی نامیلکەکە دا. لە ڕەوتی موتاڵاکردن و گوێ گرتن لە مەتڵەبە پێوەندی دارەکانی بابەتەکە، هەستم کرد ئەو "هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ". بۆیە لە بەرگێک دا، زۆر قەبە و ئەستوور و درێژخایان دەبێ. کوتم با جارێ ڕەوتی بیر و کردەوی ئیسلامی سیاسی لە مەشروتە هەتا ٥ ساڵ پاش دامەزرانی ئەو دیارەدەیە بکەمە کتێبێک و پاشان - ئەگەر تەمەن و ڕووداوەکان مەودا بدەن -، درێژە بە نووسین و لێکۆڵینەوەکە دەدەم. بۆیە لە ڕێکەوتی ٢ی ژانوییەی ٢٠١١ دا، بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەم تا ڕادەیەکی سەروبەر کرد. بەڵام بۆم تەواو نەبوو.

حەسەن حاتەمی

---------------------------------------------------------

## پێشەکی

٣٠ ساڵ لە دامەزران و دەسەڵاتی پڕلە کارەساتەکانی سەرەڕۆیی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا، تێپەڕی. ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لەو ماوەیە دا، و نەخشی پڕڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خۆڵقاندنی توندوتیژییەکان، پەرەگرتوویی بەرفراوانی بناژۆیی (بونیادگەرایی) ئیسلامی سیاسی شیعە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو دەسەڵاتە ناتەبایەی ئیسلامییەت و جمهوورییەتە دەگەڕێتەوە کە لەنێو خۆی دا، کێشەی زۆر لێکەوتۆتەوە. پڕە لە قەیران و خۆی قیران خوڵقێنە و خۆدەبازکەر لە قیرانەکانیشە!؟

جەمشید فاروقی - لێکۆڵەر -، دامەزرانی ئەو ڕێژیمە بە" شۆڕشی ئیسلامی" ناو دەبا و بەڕووداوێکی گەورەی دەزانێ کە سیمای ئێران و ناوچەکەی لە بنەڕەت ڕا گۆڕی. بە قەولی ئەو:" مەتەڵ (موعەما) ی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران بۆتە ٣٠ ساڵە". گرینگی ئەو ڕووداوە سیاسییە

دەتوانیین لە کاریگەرییەکانی و دواهاتەکانی سیاسی، ناوچەیی و نێونەتەوییەکانی - کە زۆریان لەسەر نووسراوە -، چاو لێبکەین. - یادداشتەکانی جەمشید فارووقی ۷ - ۲ - ۲۰۰۹، "بازخوانی انقلاب اسلامی بخش اول".

سیمای خەباتی ڕزگاریخوازی فەلەستین، گۆڕانی بەسەر داهات و لە هەڵبژاردنی ۲۵ ی ژانوییەی ۲۰۰۵ دا، پتر بەلای ڕێکخراوەکانی حەماس و جیهادی ئیسلامی دا شکایەوە و لانی کەم هەم ئەو برەخاکەی فەلەستینییەکان لێی دەژین و هەم خەباتەکەی و ئیدارە سیاسی و حکوومەتەکەی تا نووسینی ئەو دێڕانە بۆتە دوو بەش. باریکەی غەزەی ئیسلامی و لێوارەکانی چۆمی ئۆردون، نا ئیسلامی و سکۆلارە.

لە لوبنان حیزبوڵڵاو ئەمەلی ئیسلامی دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەیە. لە ئەفغانستان و ئێراق دوای ڕووداوی جینایەتکارانەی ۱۱ی سێپتامبری ۲۰۰۱، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان گۆڕان. بەمێژوو سپاردنی ڕێژیمەکانی سەرەڕۆی بەعس و تالیبان زۆر بە قازانجی دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستا تەواو بووە.

لە ئێراق دا، دوای لابرانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی حیزبی بەعس و دیکتاتۆری سەدام حوسێن، گرووپەکانی حیزبودەعوە، مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی ئێراق - ناوی گۆڕاوە و بۆتە مەجلیسی بەرزی ئیسلامی عێراق -، سپای بەدر و ڕەوتی سەدر، کە دەستکردی ئێران بوون، زۆرترین دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. تەنانەت لە ناوچەی هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامی دەستێوەردان دەکا و دەسەڵاتێکی شاراوەی بەهێزی هەیە. دروستبوونی حیزب و گرووپە ئیسلامیەکانی توندئاژۆی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەنسارو ئیسلام و ئەنسارولسونە - کە ئێستا ناوی خۆیان گۆڕیوە -، بە یارمەتی ئێران دروست کران.

ڕێژیمی ئێران و بەتایبەتی سپای قودس، سازمانی ئیتلاعاتی سپا(ساس) و دەزگا ئەمنییەتی و نیزامی یە توند کردووەکان، ئاژاوەگێڕانی گرینگ و شەڕ خوڵقێنی ئێراقی نوێن.

کاتێک کە ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تالیبان و ئەلقاعدەی موخالیفی کۆماری ئیسلامی، بە هۆی هێرشی نیزامی ئەمریکا، لەسەر دەسەڵاتی کابول لادران؛ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بەهۆی پشتیوانی لە حیزبی ئیسلامی گوڵبەدین حیکمەتیار و پاشماوەی تالیبان و ئەلقاعیدە، بۆ شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆ، بەربەستێکی گەورەی لە قەیرانەکانی نێوخۆیی ئەفغانستان دروست کرد. - پێشتریش زۆرترین پشتیوانی لە گرووپە ئیسلامییە توند ئاژۆیەکان، لەشەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا، - کە دەسەڵاتێکی کوودێتایی چەپ ئاژۆ لە ئەفغانستان، دەسەڵاتدار بوو و یەکیەتیی سۆڤیەتیی بەرگری لێدەکرد و لەشکر و قۆشنی ناردبوو، دژایەتی دەکرد.

لە یەمەن و وڵاتە عەرەبییەکانیی کەنداو، ئیسلامی فێندەمێنتالی(بناژۆیی) - کە کۆماری ئیسلامی ئێران، هەوڵی بۆ دەدا -، کێشەیەکی مەترسی داری دروست کردوە.

دوو جار هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیسلامی نەرم نوێن (مام ناوەندی) لە تورکیە، بەشێوەیەک کارتێکەریی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و لەنێو خەڵک دا، بەسەرەوە بوە. بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا، کە حیزبی داد و گەشە پێدان (ئاک پارتی)، براوەی بەهێزی هەڵبژاردنی پارلمانی ئەو وڵاتە بوو و زۆرینەی کورسی یەکانی پارلمانی وەدست خست و کابینەی بەتەنیای پێک هێنا. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، جگە لە کابینەی وەزیران، پۆستی سەرکۆماریشی مسۆگەر کرد. لەو ڕەوتەدا، بیری ئیسلامی لەو وڵاتەش زیاتر بەستێنی بەرەو پێشەوەچوونی بۆڕەخسا. بیری ئیسلامی - جارێ مەدەنی -، لەو وڵاتە، دەسەڵاتی نیزامی و بەرگریی لە سیستێمی لائیک و سکۆلاری، تووشی دڵەڕاوەکێ کردوە.

لە ئەمریکای لاتین، لەدوای نەمانی شەڕی سارد لە ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا، گەورەترین گۆڕانکاری بە هۆی هەڵبژاردنەکانی تا ڕادەیەک ئازاد، لەو وڵاتانە دا، پێک هات. نێوەرۆکی زۆربەی ئەو گۆڕانکاریانە، چەپ و یەکسان خوازانەیە. بەڵام نزیکایەتیی و دۆستایەتیی سیاسیی و بازرگانی ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی ئێران، بێ وێنەیە. وڵاتانی چەپ ئاژۆی وێنزۆئێلا، نیکاڕاگوا و برزیل لە دۆستان و پشیتوانانی نزیکی کۆماری ئیسلامی ئێرانن!؟

لە ئەفریقاش گۆڕانکاری مەزن ڕوویان داوە و زۆربەی وڵاتانی ئەو دەڤەرە، خۆیان لە دیکتاتۆریی دەیەکانی شەڕی سارد نەجات داوە. وڵاتانی سودان و سۆمالی - کە ئیسلامییەکان دەسەڵاتدارن. - لەگەڵ ئێران باشترین پێوەندیان هەیە. ئێران لە زۆر وڵاتی ئەو قاڕە(ویشکانی) یە دا، دەستە و تاقمی ئیسلامیی توندئاژۆ و تێرۆریستی، دروست کردوە. بەشێک لە ئاژاوەگێڕان لەو ناوچانە، بەشێوەیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پێوەندییان هەیە.

لەنێو خۆی ئێرانیش لەو ٣٠ ساڵە دا، زوربەی خەڵکانی ئێران، بە تورکی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و فارسەکانی دیکتاتۆر نەویستەوە، لەژێر گۆشار و تەپەسەری ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە دان. بەتایبەتی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین سەرکۆماری و کوودێتای سپای پاسداران و وەلی موتڵەقەی فەقیە (علی خامنەای) لە دەنگەکانی خەڵک، لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) دا، گەورەترین قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ ڕێژیم، بەدواوە بووە.

سەرەڕای ئەم شتانەی ئاماژەیان پێکرا، مەسەلەی دەسڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە چەکی ناڤوکی

(ئـەتۆمی)، لەوانەیـە جیهـان توشـی هەڕەشـەی "تیرۆریسـمی ئـەتۆمی" بکاتـەوە. ئـەو ئاکـارە دزێوانـە زۆربـەیان، ماکەکـەیان دوای دامـەزرانی ئیسلامی سیاسیی لـە ئێـران دا، سـەری هەڵـداوە. بۆیە ناسینی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران و ڕێکخراوە گرینگەکانی زۆر پێویستە.

جگە لەوانەش "مادی وایبزمن" و "افریم اینبار"* لە نووسینی پێشەکی کتێبی "ڕادیکالیسمی مەزهەبی لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست" دا، گرینگی بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەدەن و ئاماژە بە دیاردەی سیاسی بوونی ئیسلام دەکەن.

لەوپێوەندییە دا، پێویستە باس لەوەش بکرێ کە ئایا"ئیسلامی سیاسی" بناخەی ڕوودانی شۆڕشی ئیسلامی بوو یا "سیاسی بوونی ئیسلام"؟ هەڵبژاردنی هەرکام لەو دوو ڕوانگەیە، دەتوانێ بەستێنی خوێندنەوەی شۆڕشی ئیسلامی دیاری بکا.

- بازخوانی انقلاب اسلامی، بخش دوم "مفهوم و نافهوم"، جمشید فاروقی، تهران ریویو .-

هـەروەها، "مـاری ویتـزمن" و "افـریم اینبـار" دەڵـێن: ئەگـەر قبـووڵی بکـەین کـە شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران بەرهەمی مەیلی سیاسیی بوونی ئیسلام لە جیهان دا، بوە؛ ئەوکات دەتوانیین بە ڕوونـی بڵێین کـە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەرجەستەترین وێنەی ڕەوتی سیاسیی بوونی ئیسلامی لە سەدەی ڕابراو دایە. سیاسی بوونی ئیسـلام لـە سـەدی بیسـتەم دا، لەسـەر سیاسـیی بـوونی دینـەکانی دیکـەش کاریگـەری هـەبوە و ڕەوتـی لەنێوچوونی ئیدئۆلۆژییەکان کە لە دوایین دەیەیی ڕابـردوو دەستی پێکردبـوو، دەور و نـەخش و کاریگـەری بیروهزری دینی پتر کردوە.

هەر ئەو باسە سەرنجی زۆربەی وتار و کتێبە مێژوویـە نووسـراوەکانی لـەو چوارچێوەیـە دا، سـەبارەت بـەو ڕووداوە گرینگە لە جیهان دا، کردۆتە ئامانجی هۆیەکانی لێکدانەوەی ڕووخانی حکوومەتی شا.

- بازخوانی انقلاب اسلامی بخش دوم "مفهوم و نامفهوم"، جمشید فاروقی، تهران ریویو .-

*

Bruce Maddy-Weitzman and Efraim Inbar, "Introduction", in: Religious - Radicalism in the Greater Middle East, edited by Bruce Maddy-Weitzman and Inbar, (London-Portland, Or. 1997), p. 1 Efraim

***



سەرچاوە Serchawe

* **بەشی یەکەم:**

## دەوری مەزهەبی شیعە

لە کاتی دەسەڵاتی سەفەوییەکان - ١١٠ هەتا ٨٨٠ ی کۆچی - هەتاوی(١٥٠١ هەتا ١٧٢٢) ی زایینی لە ئێران دا، شیعەی دوازدە ئیمامی بوو بە دینی رەسمی وڵات و رووحانییە شیعەکان بوونە شەریکی دسەڵات. بۆ پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە، مەکتەب و مەدرەسە دینییەکان بەرەوی پتریان پەیدا کرد. یەکێک لەو شوێنانەی بوو بە بنکەیەکی گەورە و چەند لایەنەی پەرەگرتوویی مەزهەبی شیعە، مەدرەسەی فەیزییەی قوم بوو.

## مەدرەسەی فەیزییەی قوم

قوم لە زەمانی ئیمامی عومەر - خەلیفەی دووهەمی موسڵمانان- دا، لە ساڵی ٢٣ی مانگی - ساڵێک پێش مردنی -، بەدەستی موسوڵمانەکان گیرا. پاشان ئەشعەرییەکان هاتنە ئەو شوێنە و تایفەکانی جۆراوجۆریان لەوێ کۆکردوە و مەدرەسە دینییەکانیان دروست کرد.

ساڵی ٢٠٠ی کۆچی ئیمام ڕەزا دەچێتە قوم و بەرەوی زیاتر بە مەدرەسە دینییەکان دەدا. ساڵی دواتر، ناوبراو دەچێتە خوراسان. بەدوای ئەو دا مەعسوومەی - کچی ئیمام موسا کازم - لە ساڵی ٢٠١ کە بۆ خوراسان دەچێ، لە قومێ، کۆچی دوایی دەکا و لەوشارە دەنێژرێ. شوێنێکی گەورەی بۆ تەرخان دەکەن و گومبەزێکی مەزنی بۆ دروست دەکەن. ئەوشوێنە لەوکاتی ڕا دەبێتە ناوەندی ناشتنی ئیمامزادە گەلی دیکە و زیارەتگەی "مقدس"ی شیعەکان.

لە سەدەکانی ٥ و ٦ دا، سەلجووقییەکان دەسەڵات بەدەستی ئەو ناوچەیەن. مەزهەبی شیعە بەهێزتر دەبێ. قوتابخانەکانی "سعد صلت، اثیرالمولک، زین الدین، ظهیرالدین" دروست کران و قوتابییەکان زۆرتر بوون.

مەدرەسەی فەیزییە لە زەمانی سەفەوییەکان دا دروست کرا. مەدرەسەکانی دیکەی دینیش سازکران. زانایانی ئەوکات وەک" ملا صدرا، ملا محسن فیض، علامە لاهیجی، شیخ بهایی" و... دەرسیان لە قوم گوتوە.



سەرچاوە
Serchawe

لەدەورانی قاجارەکانیش دا مەدەرسە دینییەکان هەر بەرەوپێش چون و خوێندنگە ئیسلامییە شیعەکان زۆرتر بوون.

## حەوزەی عیلمییەی قوم

حەوزەی عیلمییەی قوم لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی بەهۆی شێخ "عبدالکریم حائری" دروست کرا. ناوبراو ماوەی ١٥ ساڵ بەرپرسی ئەو شوێنە بوە. دەرسە دینی یەکان لق و پۆپی پتریان هاویشت. دوای مەرگی حائیری ٨ ساڵ ئەوشوێنە بەهۆی "سید محمد حجت، سید صدرالدین صدر و سید محمد تقی خوانساری" بەڕێوە برا.
دوای ئەوان" آیت الله بروجردی" دەبێتە بەرپرسی حوزەی عیلمییەی قوم. لە ماوەیەکی کەم دا مەدرەسە و مەکتەبەکان زیاد دەکەن. کتێبخانەی گەورە دادەندرێن و دەرسی جۆراوجۆری ئیسلامی دەخوێندرێن.

- سەرچاوە گووگل -.

## مەشرووتە و مەشرووعە

لە ڕەوتی شۆڕشی مەشرووتەدا و سەرکەوتنی لە ساڵی ١٢٨٥ (١٩٠٦)، رووحانییەکان دەورێکی زۆر گرینگیان گێڕا. دوو بۆچوون و هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەنێودا بوو.

**یەکەم:** کەسانی وەک ئایەتوڵڵا(ئا) سەید عەبدوڵڵا بێهبەهانی ئا. سەید محەممەد تەباتەبایی بە پشتیوانی مەرجەعی مەزهەبی دیکە لە نەجەف وەک: ئا. محەممەد کازم خوراسانی وئا. عەبدوڵڵا لاهیجی، پێیان وابوو شا نابێ دەسڵاتی تەواوی لە بەڕیوەبەری دا هەبێ و پێویستە مەجلیس شووڕای میللی ( پارڵمان) بەهێزترین دەسەڵات بێ، کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەوان ناوی مەشرووتە خوازان یان لەسەر دانرا.

**دوویەم:** کەسانی وەک ئا. شێخ فەزوڵڵا نووری، محەممەد کازم یەزدی، میرزا حەسەن موجتەهیدی تەبریزی، قوربانعەلی زەنجانی و... هەبوون کە پێیان وابوو، یاساکانی پارڵمانی و مافەکانی دیکەی یاسایی، دەبێ بە پێوانەی شەریعەتی ئیسلامی و مەزهەبی شیعە دابڕێژرێ، و لەژێر چاوەدێریی فەقیەکان دا، بەڕێوە بچن. هەروەها ناوی حکوومەت، مەشرووعەی مەشرووتە بێ. ئەوانیش ناویان مەشرووعە خواز بوو.

- سایت موسسه مطالعات معاصر ایران -.

ئەو دوو بۆچوونە بوون بەهۆی ئەوە کە، کەلێنێکی گەورە لە یەکگرتوویی خەڵک، بۆ پشتیوانی لە ڕەوتی شۆڕشی مەشروتەدا، دروست بێ. چونکە شێخ فەزوڵڵانووری و هاوبیرانی بزووتنەوەی مەشروتە خوازانیان- وەک دیاردیەکی گوماناوی سەیر دەکرد - و بە پیلانی وڵاتانی ئیستیعماری رووس و ئینگلیس و مەرامەکانی ئەوان، پێناسەیان دەکرد.

کەسانی وەک: یەحیا دەوڵەت ئابادی، نازمولئیسلامی کرمانی و ئەحمەد کەسرەوی - ش، جیاوازی بیرو بۆچوونی شێخ فەزوڵلا و هاوبیرانیان بۆ پاوانخوازی، دنیا ویستی و قازانجی توێژ (سینف) ی لێک دەدایەوە. هێندێک لە لێکۆلەرانی دیکەش ناکۆکیی بیروبۆچوونی عولەماکانیان بۆ "جیاوازی بیرو بۆچوونی بنەڕەتی" و بەشیکیش بۆ "هۆیەکانی دەوروبەر" لێکداوەتەوە.

- هەمان سەرچاوە.-

دوای سەرکەوتنی دووبارەی مەشرووتە خوازان لە ١٢٨٨ (١٩٠٩) دا، شێخ فەزوڵڵا نووری، کە موخالیفی مەشرووتەخوازی، تەکفیر کردنی، خوراسانی و لاهیجی و ناودێرکردنی شۆڕشی مەشرووتە بە "فتنە" و... بوو؛ بە حوکمی کۆمیتەی ئینقلاب و دەستووری شێخ ئیبراهیم زەنجانی لە مەیدانی تۆپخانەی تاران لەدار درا. پاشان لە "حەرەمی ئیمامەکانی" قوم نێژرا.

- سایت، دلتنگی ها و اندشەها -.

بەڵام بیروبۆچوونی مەشرووتە و مەشرووعە لە چالاکییەکانی ڕووحانییە شیعەکانی ئێران و ئێراق، لە پشتیوانی یا دژایەتیی کردنی دەسەڵاتدارەکان، کاریگەری گرینگی لە کۆمەڵگا دا، هەبوو.

## ڕەزا شا و ڕووحانییەت

دوای کوودێتای ١٢٩٩ (١٩٢٠)، ڕەزا خان - سەید زیا و دژایەتی ڕووحانییەت لەگەڵ کۆماری بوونی ئێران لە مەجلیسی پێنجەمی ئێران دا، ڕەزا میر پەنج لە ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٥) بوو بە ڕەزا شا و دەسەڵاتی نوێی پەهلەوی دروست کرد.



سەرچاوە
Serchawe

ڕەزا شا بە لاسایی کردنەوەی مستەفا کەماڵ پاشا (ئاتاتورک)، سەرکۆماری تورکیە دراوسێی باکووری جوغرافیای ئێران و پێکهێنانی "دەوڵەت - میللەت"، بە بیانووی مودڕنیزاسیۆنی ئێران، هەم کوشتاری بەردەوام و ئەنفالی نەتەوە غیرە فارسەکانی کرد و هەم دژایەتیی توندی لەگەڵ ڕووحانییەت ئەنجام دا. بەتایبەتی ئەو بەشە لە مەلاکانی مەجلیس کە یارمەتی ناوبراویان کرد، هەتا ببێ بە شا.

یەکێک لەو کەسانە ئا. سەید حەسەن مودەڕڕیس بوو. ناوبراو یەکێک لە موخالیفانی توندی ئیمزای بڕیارنامەی وسووقودەولە لەگەڵ بریتانیا بوو. کردەوی مودەڕڕیس و هاوبیرانی بوو بە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی وسووق و پەسند نەکرانی بڕیارنامەی ١٩١٩ لە مێژووی ئێران دا.

مودەڕیس لە مەجلیسی دوویەمی شووڕای میللی دا، یەکێک لە ٥ فەقیهی چاوەدێری یاسای بنەڕەتی بوو. ئەو دژایەتی توندی لەگەڵ مافی دەنگ دان بە ژنان و هەڵبژاردنی ئەوان بۆ نوێنەرایەتی مەجلیس بوو. ئەو کوتبووی: هەرچەند لە زۆر وڵاتی دنیا مافی ژنان لەم بارەوە ڕەچاو کراوە؛ بەڵام من قەت لەشم بە شێوەی ئەمڕۆ نەلەرزیوە کە ناوی ژنان دێ، کە مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان پێ بدرێ. چونکە خودا ئەو لێهاتوویەی بەوان نەداوە. دیارە فەقیرو هەژارەکانیش هەر لەو ڕادەیە دان. جگە لەوە ژنان لە مەزهەبی ئیسلام دا، لەژێر چاوەدێریی پیاوان دان. "الرجال قوامون علی النسا".

- کتاب شیعە و نظام سیاسی مشروطە، داوود فیوجی -.

سەید زیا تەباتەبایی دوای پتر لە ٣ مانگ لەسەرکار لابرا. مودەڕڕیس کە ماوەیەک گیرابوو و دواتر بۆ قەزوێن دوورخرابۆوە، ئازاد کرا. بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیسی خولی چوارەم هەڵبژێردرا و بوو بە جێگری سەرۆکی مەجلیس.

خولی پێنجەمی مەجلیس لە ١٣٠٢ کرایەوە. ڕەوتی گرینگی گۆڕینی سیلسیلەی قاجار بۆ پەهلەوی دەستی پێکرد. مودەڕڕیس لە مەجلیس ڕێبەری فۆڵی کەمایەتیی دەکرد. لەو مەجلیسە دا، ڕەزا خان هاتە ژێر پرسیار (ئیستیزاح). بەڵام وەک سەردار سپە هەر مایەوە. - سەردار سپە، ناز ناوی ڕەزا خان لە کاتی فەرماندەری هێزە نیزامییەکان دا، بوو. -

لە ٧ی گەلاوێژی ١٣٠٤ (١٩٢٥) دا، مودەڕڕیس و ٦ کەسی دیکە، دژی سەرۆک وەزیر بوونی سەردار سپە بوون. ئەوان ئەو پۆستەیان بۆ نابراو بە پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی مەشرووتە دەزانی. کۆبوونەوەی مەجلیس بوو بە شوێنی کێشەی لایەنگرانی سەردار سپە و مودەڕڕیس. زۆربەی لایەنگرانی مودەڕڕیس خەڵکی

مەدنی و زۆربەی لایەنگرانی سەدار سپە، نیزامییەکان بوون. لایەنگرانی هەردوو لا، دروشمی مان و نەمانیان بە دژی یەکتر دەدا. بەڵام ڕەزا خان توانی بەستێنی بەمێژوو سپاردنی قاجارەکان، ئامادە بکا و لە ٩ی گەڵاڕێزانی ١٣٠٤ ببێتە شای ئێران و سیلسیلەی پەهلەوی دامەزرێنێ.

لە ساڵی ١٣٠٥ (١٩٢٦) دا، بە پیلانی بەکرێگیراوەکانی ڕەزا شا، مودەڕڕیس تێرۆر کرا. بەڵام نەکوژرا. ڕەزا شا بە دەستێوەردانی ئاشکرا لە هەڵبژاردنی خولی حەوتەمی مەجلیس و بەتاڵ کردنی دەنگەکان، ئیزنی بە مودەڕڕیس نەدا، بچێتە مەجلیس. دواتر لە ١٦ی ڕەزبەری ١٣٠٧(١٩٢٨)، مودەڕڕیس یان گرت. سەرەتا بۆ دامغان و پاشان بۆ خەواف دوورخرایەوە. ناوبراو ٧ ساڵ لەو شوێنەو لەژێر چاوەدێری کاربەدستانی خۆجێی دابوو. لە ٢٢ی ڕەزبەری ١٣١٦ (١٩٣٧)، بۆ کاشمەر گوێزرایەوە. لە شەوی ١٠ی سەرماوەزی ئەو ساڵە دا، کوشتیان و دوور لە کاشمەر شاردیانەوە. داوی نەمانی دەسەڵاتی ڕەزا شا، مودەڕڕیس بە هۆی خەڵکی ناوچەکە هێنرایەوە کاشمەر و لەوێ نێژرا.

لە دوای دامەزرانی یەکەم دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، مودەڕڕیس - وەک هێمای خۆڕاگری لەبەرانبەر سەرەڕۆیی شا دا -، لە کتێبە دەرسییەکان دا، ناسێندرا. وێنەکەی بە دوو ڕستەی" سیاسەتی ئێمە عەینی دیانەتی ئێمەیە و دیانەتی ئێمە عەینی سیاسەتی ئێمەیە" لەسەر پووڵی کاغەزی ١٠ تمەنی چاپ کرا. - ناوبراو یەکێک لە مەرجەعەکانی مەشرووعەخوازی بوو.-

لە نووسراوەیەک سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕەزا شا، سەبارەت بە ڕووحانییەت بەو شێوە باسی کراوە: ئەو لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەسەڵاتی دا، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕووحانییەتی شیعە بەوجۆرەبوو. لە ساڵی ١٢٩٩ هەتا ١٣٠٤، کردەوە گەلێکی لەخۆی نیشان دا، کە ڕووحانییەکان پشتیوانی باشیان لێکرد. بەڵام لە ساڵی ١٣٠٥ هەتا ١٣١٢، دژایەتیی لەگەڵ ڕووحانییەتی ئەنجام دا و لە ١٣١٣ هەتا ١٣٢٠، دژایەتیی لەگەڵ مەزهەب دەست پێکرد.

- سایت آفتاب، برخورد رضا شا با علما.-

ئەو سەرچاوەیە لە قەولی ئیوانۆف - مێژوو نووسی رووس - یش دەنووسێ: لە ساڵی ١٣٠٤ - ١٣٠٣ دا، ڕادەی مەدرەسەی ڕووحانییەکانە ٢٨٢ دانە و تەلەبەکانی ٥٩٨٤ کەس بوون. بەڵام لە ساڵەکانی ١٣١٩ و ١٣٢٠ دا، مەدرسەکان ٢٠٦ دانە و فەقیەکان ٧٨٤ کەسیان لێمایەوە.

هەروەها لە کتێبی "ڕێکخراوی ڕووحانییەتی شیعە لە دەورانی ڕەزا شا پەهلەوی" دا، نووسراوە: ئاڵوگۆڕ و نوێبونەوی لاسایی کەرەوانە لە دەورانی ڕەزا شا دا، بەرەو سکۆلاریزم دەچوو.

لەئاکامی ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕەزا شا لە ساڵەکانی ١٢٩٩ هەتا ١٣٢٠ دا ئاڵوگۆڕەکان هەریەکەی بەشێوەیەک دەبوونە هۆی لاوازبوونی هێز و کارتێکەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕێکخراوی ڕووحانییەتی شیعە.

- سایت آفتاب، چالشهای روحانیت و رضا شا.-

---------------------------------------

* بەشی دوویەم

## ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دوای شەڕی دوویەمی جیهانی

دوای نەمانی دەسەڵاتی پەهلەوی یەکەم (ڕەزا شا)، کۆمەڵگا بەرەو جم و جۆڵی چەند لایەنە چوو. لە ماوەی ١٢ ساڵ دا، یانی ١٣٣٢ - ١٣٢٠ (١٩٥٣ - ١٩٤١) تێکۆشەرانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەگوێری تێگەیشتوویی و هەلومەرج، ڕێکخراو و دامەزراوی جۆراوجۆری خۆیان پێکهێنا. لەو گۆڕەپان دا سێ لایەن چالاک بوون. چەپ، نەتەوەیی و ئیسلامییەکان. باسی ئێمە لەسەر ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی ئیسلامییە، کە لە ڕووداوەکان دا، دەوری تایبەتی خۆیان هەبووە لە بەدەسەڵات گەیاندنی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا.

## نێهزەتی خودا پەرستانی سوسیالیست

لە ساڵی ١٣٢٠ ڕا، لە نێو کەسانی خوێندەوار و تارادەیەک دەمارگرژی ئیسلامی دا، بۆ دژایەتی لەگەڵ بەهاییەکان و حیزبی تودەی ئێرانی تازە دامەزراو و وەزعییەتی نوێی سیاسیی و ئابووری، کۆبوونەوەی بچووک بچووک و نیوە بە نیوە لە لایەن ژمارەیەک خوێندکارەوە، بەڕێوە دەچوو. لە نێویان دا، دوو دەستە بە ڕێبەرایەتی "محمد نخشب" و "جلال آشتیانی"، هەڵسووڕانێکی هاوبەشیان دەست پێکرد. ئەوان ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی ڕێکخراوێکیان بە ناوی "نهضت خدا پرستان سوسیالیست" پێکهێنا.

سەرەتا چالاکییەکانیان نهێنی بوو. بەڵام بە دەستپێکی مەجلیسی شازدەیەم و پەرگرتوویی جووڵانەوەی میللی کردنی سەنعەتی نەوت، نێهزەت - یش، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەستپێکرد. نەخشەب و هاوبیرانی پێیان وابوو: ئێران لە بەرەبەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دایە و تەنیا حیزب دەتوانێ بەئامانجی بگەیەنێ. بەڵام ئاشتیانی و هاوڕێیانی هەر شێوەکارە نهێنییەکەیان پێ دروستتر بوو.

لە گرووپی نەخشەب دا، کەسانی وەک "حسین رازی، معین الله مرجانی، علی شریعتمداری، مصطفوی، لاجوردی" و...چالاک بوون. ئەو گرووپە، لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی دا، لەگەڵ حیزبی ئێران ئیئتیلافیان کرد و لە ساڵی ١٣٣١، لێی جیا بوونەوە.

لە پاییزی ساڵی ١٣٢٧ (١٩٤٨) دا - کە وڵاتی ئیسراییل دروست بوو -، ئەو ڕێکخراوە وێڕای دوو ئایەتوڵڵا (کاشانی و تاڵەقانی) و ڕێکخراوەکانی ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکاران، فداییانی ئیسلام و یەکیە تیی موسوڵمانان، یەکەمین مێتینگی هاوبەشی دژی ئیسراییل یان سازکرد.

نێهزەت دوای کوودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناوی خۆی کردە، "حزب مردم ایران". پاش سەرکوتی ناڕەزایەتی ١٢ هەتا ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢(١٩٦٣)، بوون بە "جنبش آزادیبخش مردم ایران" (جاما). پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، ئەو ڕێکخراوە ناوی خۆی کردە "جنبش انقلابی مردم ایران" (جاما) و درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا. ئەو ڕێکخراوە لە جموجۆڵەکانی پتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردووی دا دەکەوێتە بەرەی "ملی - مذهبی" یەکان.

## کۆمەڵەی فیداییانی ئیسلام

ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) دا، دامەزرا. ئامانجیان دامەزرانی حکوومەتێکی ئیسلامی بوو. ڕێبەرەکەیان "سید مجتبی میرلوحی (نواب صفوی)" بوو. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: "سید حسن امامی، سید عبدالحسین واحیدی، خلیل تهماسبی، سید محمد واحیدی و سید علی محمد امامی -. هەیئەت رەئیسەکەشیان: "رضا قدیری، حسین کارجو، غضنفر حیدرعربی، حسین ئازاد و قەدیر خرمیان" بوون.

پێناسەکەیان ئاڵایەکی سەوز بوو، سێ هیلالی مانگی سپی تێدابوو، کە بە ڕەنگی ڕەش،"لااله‌الاالله، محمد رسول الله و علی ولی الله"ی، لێ نووسرابوو.

بیروڕای فیداییانی ئیسلام لە کتێبێک دا، بە ناوی "راهنمای حقایق "، یا" نمایندەی کوچک حقایق نورانی

جهان بزرگ"، بەقەڵەمی نەواب سەفەوی لە ساڵی ١٣٢٩(١٩٥٠) دا، بڵاوکرایەوە. ئەو کتێبە، لەڕێگای پۆست بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندانی سیاسیی و مەزهەبی بەڕێ کرا. لەو کتێبە دا، کۆمەڵگا بە" فاسد" دادەنرێ! لەبەر پێوەندیی زۆری پیاوان و ژنان. هەروەها ڕەخنە لە حەوزەی عیلمییەی قوم و ئایەتوڵڵا بروجێردی دەگرن؛ لە بەر ئەوەی خۆ لە کاری سیاسی نادا و... لە پاڕاگرافێکی لەو کتێبەدا نووسراوە:

"یەکێک لە بنچینە خراپەکانی "، ئیجرا نەکردنی حوکمەکانی ئیسلام،قانوونی موجازاتە. ئەگەر ئیجرا کرابان "لە ئێران دا، لەبەیانی هەتا ئێواریێ نووربـاران دەبـوو." بڕینی دەستی دز بە جێگای بردنی بۆ "ئاسایشگا و خۆشگوزەرانی زیندان" و کوشتنیش دوای جاری چوارەم. شەللاق لێدان لە ژنانی زینـاح کـار و کوشتنیان دوای سێ جار زیناح و یاسای دیکە، خراپە لەنێو دەبـا. ئەگەر "سوودخواردن، کەم فرۆشی و تێرنەبوون لە معامەلە و بەرتیل خواردن و ڕاگرتنی شتومەک بۆ گران بوون، وەتەن فرۆشی و نەفت فرۆشی و دەنگ فرۆشی و مەشرووب فرۆشی و ڕێگە دان بە زوڵـم و زاڵمی و خائن و حوکم بە ناحەق کردن بە حەرام" بزانرێ و ئەنجام نەدرێن. ئەگەر "شوێنەکانی خۆش ڕابواردن و ڕەش" نەبن و یا "خودا فەرامۆش" نەکرێ، کەس جینایەت ناکا. ڕووت بوونی لەشی ژنانی خۆش ڕابوار و ڕۆمانە پڕ لەززەت و سینەماکانی جیناتەت فێرکەر و ڕەنگ و دەنگە بەلاوێنەکانی جینایەت خوڵقێن و زانیاری کۆڕ، وجوودیان نەدەبوو. بە جێگەی ئەوان " نەغمەکانی فەرهەنگی نوورانی قورئان و بانگ و راستی یەکان، دەهاتنە کایە کە ڕووح مرۆڤیان پاکتر دەکرد."

ئەو بۆچوونەی فیداییانی ئیسلام جەوهەر و نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی یە، کە پاش ٣٤ ساڵ دامەزرێنرا.

فیدایـیانی ئیـسلام، ماوەیـەک لەگـەڵ جبهـەی میللی بـوو. دوای جیابوونـەو لـەوان و لـە گـەلاوێژی سـاڵی ١٣٣٠(١٩٥١) دا، دوکتـور "مصـدق" یـان بـە "کـەزاب" نـاو بـرد. لەبەر ئەوەی کـە گۆیـا لـە بەرانبـەر موسوڵمانان دا، بە باشی نەجووڵاوەتەوە. لە ساڵی ١٣٣١ ش دا، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەیارانی خۆیان "کۆمیتەی مجازات" یان لە ژێر چاوەدێری کەسێک بەناوی عەبدولحوسێن واحیدی پێکهێنا.

نەواب سەفەوی لەساڵی ١٣٠٣ لە گەڕەکی خانی ئابادی تاران لە دایک بـوو. لـە تەمەنی ١٥ سـاڵی دا باوکی بە هۆی دەسەڵاتدارانی پەهلەوی یەکەم دەکوژرێ. ئـەو مەدرەسەی سەنعەتی ئاڵمانییـەکانی تـەواو کردبوو. بەڵام هەوڵی بۆ دامەزرانی دەسەڵاتێکی بناژۆی ئیسلامی دەدا.

لەماوەی ١٠ ساڵ دا، لـە کـاتی راگەیـاندنی فیداییانی ئیسلام ١٣٢٤، هـەتا ئێعدامی نەواب سەفەوی و ژمارەیـەک لـە هـاوبیرانی ١٣٣٤(١٩٥٥)، - ماڵپـەڕی ئیتلاعـات نیـت. ئەو رێکخـراوە - بـۆ دامـەزرانی

حکوومەتی ئیسلامی، لە تیرۆر و کوشتار کەڵکیان وەرگرت. لەو ماوە دا کەسانی وەک: "ئەحمەد کەسرەوی "- مێژوونووسی بەتوانا، کە جارێک نەواب بۆ خۆی تەقەی لێکرد و برینداری کرد. پاشان لەبەر دەرگای کۆشکی دادگوستەری تاران بە چەقۆ کوشتیان. -، عەبدولحوسێن هەژیر - وەزیری دەربار و سەرۆک وەزیر، لە مزگەوتی سپەسالار تیرۆر کرا و کوژرا.-، ڕەزم ئارا - سەرۆک وەزیر، لە مزگەوتی سوڵتانی تەقەی لێکرا و کوژرا. - هەرچەند ئا. کاشانی، وەک باوکی رووحی ئەو ڕێکخراوە، ئەو قەتڵەی بەدەستی بوخارایی بەدروست نەزانی.- موخالیفانی ڕێژیمیش کوشتنی ڕەزم ئارا بە ترسی شا لەو دەزانن و بە پیلانی دەرباری لێکدەدەنەوە. ئەو بۆچوونە لە بەرنامەی "رهروان مهر و کین: همه در مقابل استعمار، رادیو فردا" ئاماژەی پێ کراوە -.

دوکتور حوسێن فاتمی - وەزیری دەرەوەی د. موسەدیق -، تیرۆر کرا. بەڵام لەمەرگ رزگاری بوو. - فاتمی دوای کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە لایەن دەسەڵاتدارانی پەهلەوەی دووهەم بە نەخۆشی ئیعدام کرا.- حوسێن عەلا - سەرۆک وەزیر - یان تیرۆر کرد؛ بەڵام لە مەرگ ڕزگاری بوو. دواتریش هاوکاری فداییانی ئیسلام و هەیئەتی موئتەلیفەی ئیسلامی بەشێوەی تیرۆر درێژی هەبوو. ئەوان لە ساڵی ١٣٤٣(١٩٦٤) دا، حەسەن عەلی مەنسوور - سەرۆک وەزیر- یان لە بەر دەرگای مەجلیسی شووڕای میللی - بە هۆی محەممەد بوخارایی -، تیرۆر کرد کە دوای چەند رۆژ گیانی دا.

لەدوایین مانگەکانی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم دا، گیراوانی فیداییانی ئیسلام وەک زۆربەی زیندانییە سیاسییەکانی دیکە، لەژێر سێبەری خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکانی گەلانی بەرایی لە ئێران ئازاد کران و چالاکییەکانیان دەست پێکردەوە.

### ئەنجومەنی دژی بەهاییەت (حوججەتییە)

پێش ئەوەی ڕێکخراوی دژی بەهاییەت لە ئێران دابمەزرێ؛ کەسانی ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی بەڵام دەمارگرژی ئیسلامی، تەبلیغاتیان دژی بەهاییەکان دەکرد. بەڵام دامەزرانی ڕێکخراوێکی بەڕواڵەت خێرخوازی، هەم لە بواری تیئۆری، مەزهەبی شیعەیان بەهێزتر دەکرد و هەم بە دژی بەهاییەت قسەیان دەکرد. لەبارەیەدا نووسراوە:

لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ١٣٢٠ی هەتاوی، بەهاییەت بەشێوەی ئاشکرا و بە پشتیوانی دەوڵەتی ئەو کاتی، چالاکی ئەنجام دەدا. ڕووحانییەتی شیعە بەتوندی لەو مەسەلەیە نارەحەت بوون. ئەوان شاهیدی پەرەگرتوویی ئەو فیرقەیەش بوون و پێویستیان بە ڕێکخراوێک و تەشکیلاتێک بوو کە لەگەڵ کارتێکەری

(نفوذ)ی بەهاییەت خەبات بکا.

- نوذری، عزت الله، تاریخ احزاب سیاسی در ایران، شیراز، نوید شیراز، ١٣٨٠، ص ١٤٠.- لە هەل ومەرجێکی وادابوو کە ئەنجومەنی دژی بەهاییەت هاتە کایەوە، هەتا بەربەرەکانی لەگەڵ بەهاییەت بکا و ئیسلامی شیعی لە بەرانبەر بەهاییەکان دا، بپارێزێ.

دوای سەرکەوتنی ڕووداوی شوومی کوودیتا لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ (١٩٥٣) دا، زۆربەی چالاکانی سیاسی و مەزهەبی دەستیان لە تێکۆشان هەڵگرت. وەزعەکە بەشێوەیەک بوو کە لەگەڵ هەرچەشنە جموجۆڵێکی دژی حکوومەت بە توندی هەڵسوکەوت دەکرا. لەوهەلومەرج دا، بەشێک لە هێزە مەزهەبییەکان ڕوویان لە خەباتی غەیرە سیاسی و بەتایبەت فەرهەنگی و مەزهەبی (بێ لایەنی سیاسی) کرد.- هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ١٤٠ و ١٤١.-

ئا. برووجێردی - مەرجەعی شیعەکانی ئەوکاتی-، بە تێکەڵاوبوونی مەلاکان لەگەڵ سیاسیەت موخالیف بوو. ئەو تەنیا جارێک چالاکی یەکی سیاسی لە دژی بەهاییەت لەساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥)، ئەنجام دا.

- کدیور، جمیله؛ تحول گفتمان سیاسی در ایران، تهران، طرح نو، ١٣٧٨، ص ٣٥٨.-
ئەنجومەنی حوجەتییە لەسەر ئەو بناخەیە دامەزرا و هەڵسووڕانی مەزهەبی و فەرهەنگیی خۆی دەست پێکرد و لەهەر چەشنە تێکۆشانێکی سیاسی خۆی پاراست. ئەو ئەنجومەنە، لە لایەن ڕووحانییەک بە ناوی شێخ "محمود ذاکر زاده تولایی" ناسراو بە شێخ "محمود حلبی" دامەزرا.

حەڵەبی لەکاتی لاوی دا، یەکێک لە خەتیبە ناسراو و چالاکەکانی سیاسی لە مەشهەد بوە و لە ڕادیۆی ئەو شارەدا، قسەی دەکرد. گرینگترین کاری حەڵەبی لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١) دا، دژایەتی لەگەڵ بەهاییەکان لە تریبوون و شوێنەکانی قسە لێکردنی بوو.

کەسانێک پێیان وایە لە کردوەکانی ڕووحانییەت بە دژی بەهاییەت دا، شێخ مەحموود حەڵەبی لەگەڵ هاوپۆلێکی بە ناوی سەید عەبباس عەلەوی - لەلایەن مامۆستاکەیان، میرزا مێهدی ئیسفەهانی -، ڕاسپێردران لێکۆڵینەوە لەسەر بەهاییەت بکەن. لە بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیەدا، عەلەوی دەبێتە بەهایی و حەڵەبیش ئیحساسی مەترسی پتر لەلایەن بەهاییەکان دەکا و دەبێتە دژی بەهایی و ئەو ڕێکخراوەیە دادەمەزرێنێ.

**ئەو ئەنجومەنە سەرەتا، بەناوی ئەنجومەنی دژی بەهاییەت لە ساڵی ١٣٣١ (١٩٥٢) لە مەشهەد دامەزرا. پاشان لە ساڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧)، بە تەدوینی پێڕەو (ئەساسنامە) یەک، چالاکی خۆی بە ناوی "انجمن خیریەی حجتیەی مهدوی" دەست پێکرد.**

**لەو پێڕەو دا، ئامانج لە دامەزرانی ئەو ئەنجومەنە، تەبلیغی دینی ئیسلام و مەزهەبی جەعفەری و دیفاعی زانستی لەو، بە پێی پێویستییەکانی زەمان ڕادەگەیەندرێ. لە بەشێک لە خاڵە گرینگەکانیشی دا، بە دەخاڵەت نەکردن لە سیاسەت دا و بەرپرس نەبوونی لە ئەندامەکانی - ئەگەر کاری سیاسی بکەن -؛ هەروەها چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسای وڵات دا، لەبەرچاو دەگرێ، ئاماژە کراوە. - سایت، آینده روشن -**

**یەکەم جار پرۆژەی حەڵەبی لە مەشهەد بەڕێوە چوو. پێشکەوتن لەو شوێنە جێی ئومێد نەبوو. ماوەی ٦ مانگی پێچوو هەتا حەڵەبی توانی یەک خوێندکاری جیدی دامەزرێنێ و پەروەردەی بکا. حەڵەبی هاتە تاران و لەگەڵ وەزعێکی باش بەرەوڕوو بوو. سەرەتا قوتابیانی بازاڕیی و کاسبکارانی مەزهەبی کۆکردەوە. ئەوان توانیان لە نێو قوتابیانی زیرک و خوازیاری مەکتەبی دینی لە رادەی دواناوەندی دا، کەسانێک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.**

## بیروڕا

**بیروبۆچوونی ئەنجومەنی حوجەتییە شتێک زێدەتر لە بیروڕای شێعە نییە. ئەوان بڕوایان بە ئیمامییەتی ١٢ ئیمامی دوای پێغەمبەر هەیە و دوازدەهەمین ئیمام بە زیندوو دەزانن و بە ناوی "ارجمند مهدی" دەیناسن. ئەوان موخالیفی دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی و دەخاڵەتی زانایانی دینی لە سیاسەت دا بوون. - بە پێی بەڵگەی، "جلد ٨ی کافی، ص، ٢٩٥ و "وسایل الشیعە" ج ١٥ ص ٥٢ و "مشترک الوسایل" ج ١١، ص ٣٤.- و بە پێێ" دایت" پێیان وابووە کە هەر ئالایەکی دەوڵەتی ئیسلامی، پێش ئیمامی زەمان بەرز بێتەوە سەرکەوتوو نابێ. هەروەها بە پێی بەڵگە و ڕەوایەتەکانی "امام صادق": دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی تەنیا لە زەمانی مێهدی دا دروستە.**

**بە پێی بۆچوونی شێخ حەڵەبی: شیعە لە زەمانی غەیبەتی ئیمامی زەمان دا جیهادی نیە. بۆ؟ چونکە ئەو بۆچوونە کە: حاکمی ئیسلامی دەبێ پاک (معصوم) بێ؛ ڕاست دەرنایە. ئەوان سیاسەتی چاوەڕوانی (انتظار) یان پێ دروستترە.**

## چوارچێوە (ساختار)

لە دوای دەیەی ٤٠ی هەتاوی دا، جیلی دوویەمی تازە فێرکراوان (نو آموزان)ی ئەنجومەن، چونە زانستگاکان و هەوڵی مۆدێرن بوون و ستانداردکردنی ئەنجومەنیان دا. لە سەرەتای ١٣٥٠ دا، ئاڵۆگۆڕێکیان پێک هێنا و کارەکانیان دابەش کرد. دوای ئامووزش سەبارەت بە بەهاییەت وئیلاهییات، چوونە نێو گرۆپە لێزان (تخصص) یەکان. بۆ وێنە ئیرشاد. لەوەیّ باسیان لەگەڵ تەبلیغات چییەکانی بەهایی دەکرد و داوایان لێدەکردن، ببنە موسوڵمان. مەبەستیان پووچەڵ کردنەوەی چالاکی بەهاییەکان بوو. ئەنجومەن، چەند گرووپی پێک هێنابوو کە بریتی بوون لە:

گرووپی دەرس گوتن و نووسین: ئەو دەستەیە، نووسراوەکانی ئەنجومەنیان بەشێوەی تایپ و پۆلیکۆپی بۆ پۆلەکانی ئەنجومەن دەنارد. پۆل (کلاس) ەکان، حەوتووی جارێک لە ماڵە ئەندامەکان لە سەرانسەری ئێران دا، بەڕێوە دەچوون. نووسراوەکان بۆ ماوەی حەوتوویەک دەدرا بەئەندامەکان و لێیان وەردەگرتنەوە. ئەندامەکان ئیزنیان نەبوو نووسراوەکان نیشانی خەڵک بدەن یان باسیان لەسەر بکەن.

گرووپی سوخەنڕان: حەوتوانە، لە شوێنە جۆراوجۆرەکان قسەیان دەکرد؛ هەوڵیان دەدا بەهۆی گرووپی لێکۆڵینەوە (تحقیق) وەک: "ستون"ی پێنجەم، بچنە نێو بەهاییەکان و لەویّ چالاک بن. ئەوان دەیانتوانی بەئارامی و لە نێو پلە جۆراوجۆرەکانی بەهاییان دا، جێ بگرن. بەوجۆرە بێ ئەوەی بەهاییەکان پێ بزانن، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی دژی بەهایی ببون بە موبەلیغانی مەزهەبی!؟
پسپۆڕانی سەروو (متخصصان ارشد)ی ئەنجومەن وەک: سوخەنڕان، چالاک، مامۆستا، لێکۆڵەر، دەناسێندران. ئەوان لە کۆبوونەوەکانی حەوتوانە دا. دوو ئەرکیان پێدەسپێردرا،

١- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژکردوەی بەهاییەکان.
٢ - گرتنە پێشی وەزعییەتی بەربەرەکانی، بە خۆپارێزی لە باسەکان.

چالاکییەکانی ئەنجومەن، ڕێکخراوەکەیانی بەربەرین کرد. لە سەرانسەری ناوچە شیعە نشینەکانی ئێران و وڵاتانی پاکستان و هیندوستانیش پەرەی گرت.

لە کاتی دامەزرانی ئەو ئەنجومەنەدا، هەتا سەرەتای ساڵی ١٣٥٠- نزیکەی ٢٠ ساڵ -، زۆربەی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی، لە ئامووزشەکانی ئەو ئەنجومەنە، کەڵکیان وەرگرتوە. هەروەها ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوەیە لە ماوەی هەڵسووڕانی دا، جێگەی پەسندی "مەرجەعەکانی شیعە یانی ئایەتوڵڵاکان" بوە. پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارەی ئایەتوڵڵاکان لە پاشان، ئەویە کە: چونکە کەس پێش بینی نەدەکرد، ڕێژیمی شا برووخێ، چالاکی دژی بەهاییەت، دیتوانی کارێکی، باش و بەسوود بێ و لە ڕیزی پێشەوەی ئەرکەکان بێ.

- سایت آینده روشن -

ئەنجومەن لە پەنا "مەدرەسەی عەلەوی - کە"علی اصغر کرباسچی" دامەزرێنەری بوو -، هەوڵیان دا، ئیسلامی شیعە بۆ نێو دنیای نوێ ڕاکێشن. ئەوە جێی سەرنجە کە چالاکانی ئەنجومەن هەوڵیان دەدا لەگەڵ بەهاییەکان بەربەرەکانی بکەن. بەڵام لێشیان فێر دەبوون!؟ بۆ وێنە: لە ئامێر و ڕاگەیەنەرەگشتی یەکانی ئەوان، کەلکییان وەردەگرت.

هەتا پێش کرانەوەی "حسینیەی ارشاد" - یەکەمین ساڵۆنی سوخەنرانی لە باکووری تاران -، ئەنجومەن، مینبەر و فەرشی، لەگەڵ تریبوون و سەندەڵی ئاڵوگۆڕ کرد. هەروەها ئەندامانی ئەنجومەن، جل و بەرگی جوانیان لەبەر دەکرد هەتا، لە شوێنە ئامووزشی و حیرفەیەکانی سێکۆلار دا، سەرنج ڕاکێش بن.

ئەنجومەن بە ڕێبەری حەڵەبی توانی، ئێزنی کەلک وەرگرتن لە "عشریەها (سهم امام)" لە "مراجع تقلید" ەکان وەردەگرێ. چالاکی ئەوان لە یەکەم ڕۆژەکانی دا، سەرنجی "سازمان امنیت و اطلاعات کشور" (ساواک) و دەزگا ئەمنییەتییەکانی دیکەی ڕێژیمی پەهلەوی دوویەمی، بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەهۆی ئەو بەڵگانەی دوای شۆڕش بڵاوبوونەوە، دەریدەخەن کە ڕێبەری ئەنجومەن لەژێر فشار دابوو، هەتا بەشێوەی ڕەسمی ڕێکخراوێکی "غیره انتفاعی" (خێرخوازی) بە ناوی "ئەنجومەنی خیریەی حوجەتیەی مێهدوی " ناونووس بکا و بەڵێن بدا لە چالاکی سیاسی خۆ بپارێزێ.

- ویکی پدیا -

## چالاکییەکانی ئیسلامی سیاسی لە حەوزۆی عیلمییەی قوم

"حجت الاسلام خمینی" پاش کۆچی دوایی برووجێردی - خاکەلێوەی ١٣٤٠(١٩٦١) -، دەچێتە حەوزەی عیلمییەی قوم. ئەو کات لەو شوێنەدا چالاکی سیاسی نەدەکرا. دینی مەدنی پتر برەوی هەبوو. - ئەو شێوە دینە حورمەت و ئیعتباری لە نێو خەڵک دا زۆر بوو -. بەڵام بیری ئیسلامی سیاسی لە قۆناخی نوێ

دا، لە حوزەی عیلمییەی قوم و لە دەییەی ٤٠ی هەتاوی و بەتایبەتی لە ساڵەکانی ٤٢ - ١٣٤١ دەستی پێکرد. جم وجۆڵەکان لە چوارچێوەی حەوزەش چونەدەر و تارادەیەکی زۆر، خەڵکی شەقام و بازاڕیشی گرتەوە.

لە ساڵی ١٣٤١ دا، لە مەجلیسی شووڕای میللی لایحەی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان پەسند کرا. بە پێی پەسندی ئەو لایحەیە شەرتی سوێندخواردنی نوێنەرانی مەجلیسی شووڕای میللی - لە کاتێک دا ئەندامی ئەو ئەنجومەنانە بن -، بە قورئان لابرا.- نوێنەرەکان دەیانتوانی بەپێی باوەڕی خۆیان بە کتێبەکانیان سوێند بخۆن. ئەو کارە بوو بەهۆی نارەزایەتی توندی خومەینی. ناوبراو لە ماڵە خۆی لە قوم - گەڕەکی یەخچاڵی قازی -، دژی ئەو لایحەیە قسەی کرد.

لە حەوزەی علمییەی قوم و چەند شاری دیکە نارەزایەتی پەیدا بوو. ڕێژیمی شا ناچار کرا، لایحەکەی وەرگرێتەوە. دواتر نارەزایەتییەکان بە دژی ڕێفۆرمی شا - کە لە ٢١ی بەفرانباری ١٣٤١ دا، ڕاگەیاندرا - ، پەرەی گرت.

بە قەولێک ئەو ڕێفۆرمە کە - بەهۆی فشاری کێنێدی سەرکۆماری دێمۆکراتی ئەوکاتی ئەمریکا بە شا، کرا.- لە لایەن ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان بە تایبەتی خومەینی، موخالیفەتی توندی لەگەڵ دەربڕدرا. ناوبراو لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٤١(١٩٦٣) ڕاگەیاندراوی تەحریمی دژی ڕاپرسی"هەمەپرسی" بڵاوکردەوە. - لە ٦ی ڕێبەندان ڕاپرسی ئەنجام درا و دەنگی ئەرێنی پێدرا.- هەروەها "حجت الاسلام خمینی"، لە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەشەممەی ١٣٤١(١٩٦٣)، نامەیەکی بۆ شا نووسی و دژایەتی خۆی لەگەڵ مافی دەنگدان بە ژنان دەربڕی و ئەوکارەی بە ناتەبایی لەگەڵ قورئان لە قەلەم دا؟!

خومەینی لە نەورۆزی ١٣٤٢(١٩٦٣) دا، "عزا"ی ڕاگەیاند. دوو ڕۆژ دواتر - ٢ی خاکەلێوە -، بەبۆنەی مەرگی "امام صادق" ژمارەیەک"طلبە" (فەقیە)ی لە ماڵە خۆی کۆکردوە، "روضە" ی بۆ خوێندنەوە وقسەی بۆکردن. دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە مەدرەسیەی فەیزییە"آیت الله گلپایگانی" پرسەی دانابوو. ساواک و شارەبانی هێرشی پێکردن و تەقەی لێکردن. ژمارەیەک بریندار و چەند کەسێکیش کوژران و گیران. دوای چلەی ڕووداوی فەیزییە، لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢دا - کە هاوکات لەگەڵ عاشووڕا بوو - ، خومەینی سوخەنڕانییەکی توندی بە دژی شا کرد و دژایەتییەکانی خۆی لەگەڵ کردەوکانی ئەو دەربڕی و خەڵکێکی زۆر پشتیوانیان لێکرد.

خومەینی بە هۆی کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی دووهەم (حەمە ڕەزا شا) گیرا، بۆ تاران برا و زیندانی

کرا. چونکە لە زەمانی حەمە رەزا شا دا، بە پێی یاسا، ئایەتوڵڵاکان نەدەکوژران" آیت الله شریعتمداری" بە هاوکاری" آیت الله سید جلال تهرانی،" و سەرجەم ١٢ ئایەتوڵڵا - بەهۆی بەڕیوانی پاکرەوان - سەرۆکی ئەو کاتی ساواک - ئیمزایان کرد کە خومەینی "آیت الله"یە و لە کوشتن رزگاریان کرد.

حوجەتولئسلام خومەینی بە"آیت الله" کراو، ماوەی ١٠ مانگ لە زیندان مایەوە. دوای ئازادکرانی لە خاکەلێوەی ١٣٤٣ دا، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ کاپیتالاسیۆن؛ یانی محاکەمە نەکرانی ئەمریکاییەکان لە ئێران "مصونیت قضایی" بۆ ئەوان، موخالیفەتی خۆی دەست پێکردەوە. لە ١٣ی گەلاریزانی ١٣٤٣(١٩٦٤) خومەینی یان سەرەتا بۆ تورکیە و دواتر بۆ شاری نەجەف لە عێراق دوورخستەوە.

## نێهزەتی ئازادی

نهێزەتی ئازادی لە ١٤ی مەی ١٩٦١ (٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٠)، لە لایەن "مهدی بازرگان. آیت الله سید محمود طالقانی و د. یدالله سحابی" لە نێو ئێران و" د.علی شریعتی، د. ابراهیم یزدی، صادق قطب زادە و مصطفی چمران" لە دەرەوەی وڵات دامەزرا. زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە لە چالاکانی پێشووی جەبهەی میللی و حیزبی ئێران بوون، جگە لە بازررگان، تاڵقانی و یەدوڵلا سەحابی.

ئەو رێکخراوە چالاکی خۆی دژی شا دەست پێکرد و لە ساڵی ١٩٦٤ (١٣٤٤)، بازرگان، تاڵقانی و یەدوڵلا سەحابی گیران و ٤ تا ١٠ ساڵیان زیندان بۆ برایەوە. ئەوان پشتیوانیان لە نارەزایەتییەکانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کرد. لەو کاتی بەولاوە تێکۆشانی نێهزەت قەدەغە کرا. "ساواک" لە دەیەی ٧٠ی زایینی دا بە توندی سەرکوتی کردن. بەڵام لقەکانی ئەو حیزبە لە ئۆرووپا و ئەمریکا دەستیان بەکار کرد. د. عەلیی شەریعەتی و د. ئیبراهیمی یەزدی لە دەرەوەی ئێران، لە درێژەدانی چالاکییەکانی نێهزەت دا نەخشی بەرچاویان گێرا. نووسراوەکان و قسەکانی شەریعەتی لەنێو نێهزەت و توێژی لاوانی شۆڕشگێڕی ئیسلامی و تا رادەیەک غەیرە ئیسلامییەکانیش دا، کاریگەری بەهێزی هەبوو.

ئەو رێکخراوە، لە پێوانەی بیروبچوون دا، کە ساڵانێک لە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی بەرایی ئێران، بە میللی - مەزهەبی خۆیان پێناسە کرد؛ دەچنە نێو ئەو بنەماڵەیە. ئەوان خۆیان بە ئێرانی، ئیسلامی و موسەدیقی پێناسە دەکەن.

## حیزبی میلەلی ئیسلامی

ئەو حیزبە لە ساڵەکانی ١٣٤٠- ٤١ بەهۆی "سید کاظم بجنوردی" و هاوبیرانی لە سەر چوار ئەسڵ دامەزرا.

**یەکەم،** پێداگری لەسەر ئیسلام.
**دوویەم،** کەلک وەرگرتن لەقورئان وعەقڵ.
**سێیەم،** هەڵوێستە لەسەر هاوپێوەندی میللەتە ئیسلامیەیەکان لەو وڵاتانەی تێدا دەژین و چوارەم، بڕوا بە شۆڕش کردن.

ئەوان شەڕی چەکداری و بردنی بۆ نێو خەڵکیان، بەدژی دەسەڵاتی پەهلەوی دووهەم تەبلیغ دەکرد کە ئەو کردەوەیە دەتوانێ ڕاپەڕین پێک بێنێ. ساڵی ١٣٤٤ خۆیان ئاشکرا کرد. بەڵام هەر لە سەرەتای دەسپێکی جموجۆڵیان، ساواک بە گرتنی کەسێک بە ناوی "محمد باقر صنوبری"، ئەندامەکانی گرتن. لە نێو ئەوان دا جگە لە بجنووردی - کە بە زیندانی ئەبەد مەحکووم کرا.-، "سید ابوالقاسم سرحدی زادە- ١٥ ساڵ - و محمد جواد حجتی کرمانی - ١٠ ساڵ-" حوکم دران.

مانگنامەی"خلق" ئۆرگانی ئەو حیزبە بوو و ئەستێرەیەکی ٨ تیشک، کە جەغزێکی سپی لە ناوەندی هەبوو، پێناسەیان بوو. - یەکەمین ژمارەی "خلق"، لە یەکەمی ڕێبەندانی ١٣٤٣ و لە ساڵرۆژی شەڕی "بدر" بڵاوکرایەوە. لەو ژمارەدا، باسی سیاسەتی ئەمریکا، هێزە نیزامی ئەمریکایەکان لە ویتنام، کوودێتای سیا لە سایگۆن - پێتەختی ویتنامی باشووری ئەوکاتی -، نارەزایەتی لە یەمەن، خەباتی خەڵک لە ئەلجەزایر و... تێدا نووسرابوو.

ئەو حیزبە هاوتەریبی موءتەلیفەو ڕێکخراوە مەزهەبییەکانی دیکە بوو. بەڵام ئەندامەکانیان پتر لە نێو قوتابییەکان، مووچەخۆرانی دیپلۆمە و بێ ئەزموونەکان لە سیاسەت دا سازمان دەدا. لە نێو گیراوەکانی ئەو حیزبە دا، تەنیا یەک ڕووحانی تێدا بوو، (محمد حجتی کرمانی). ژمارەیەک لە ئەندامەکانی ئەو حیزبە کە نەگیرابوون، پاشان گرووپێکیان بەناوی "حزب الله" پێک هێنا.

لە بارەی ئەو حیزبەی دا، لە کتێبی "١٤ سال رقابت ایدئولوژیک شیعە در ایران" (١٤ ساڵ ململانێی ئیدیۆلۆژیکی شیعە لە ئێران دا) نووسراوە: لە مانگی ڕەشەممەی ١٣٤٠ دا، یەکەمین هەستەی حیزب

دامەزرا. لە یەکەم کۆبوونەوە دا، "سید کاظم بجنوردی، هاشم آیت الله زادە، حسن عزیزی، محمد مولوی، عربشاهی و سید محمود طباطبایی قمی" لە ماڵە "آقا هاشم" کۆبوونەوە و "آقای بجنوردی" ئامانجی حیزبی نووسی. دەستەی یەکەمی حیزب - جگە لەمولوی -، هەموویان دیپلۆم و بێ خێزان(مجرد) و نزیکەی ٢٠ ساڵیان تەمەن بوو.

پێکهاتەی حیزب بریتی بوو لە: کۆمیتەی ناوەندی، شەبەکەکان، کادر، دەستە، واحید، مەدرەسە، کلاس. بەو شێوەیە: هەر کلاس لە چوار کەس و هەر کلاس یەک مەدرەسە. هەر دوو مەدرەسە یەک واحید. هەر دوو واحید، یەک لق(شاخە). هەر دوو شاخە یەک دەستە و هەر دوو دەستە یەک گرووپ. هەردوو گرووپ یەک کادر و هەر چند کادر دەبوونە شەبەکەیەک.

ئەو حیزب سەرەتا زۆرترین چالاکی خۆی بۆ ئامووزشی کادر لەنێو ئینسانە موئمین و سیاسییەکان تەرخان کرد. بۆ ئەوکارە ١٦ ژمارە بڵاوکراوەیەک بەناوی"نشریە"ی دەرکرد. لە ژمارە ٤ی "نشریە" دا، ئیسلام و نەخشی ئیمان لە تیکۆشانی خەڵک باسی لێکراوە. هەروەها لە ژمارە ١٢ دا نووسرا، سەلتەنەت موخالیفی ئیسلامە. لە مەرامنامەکەشیان دا باس لەوە کراوە کە ئەو حیزبە هەوڵدەدا، حکوومەتیکی جیهانی ئیسلامی فدراتیڤ دامەزرێنی.

## موئتەلیفەی ئیسلامی

ئەو ڕێکخراوە بە ناوەکانی بەرەی موئتەلیفەی ئیسلامی، جەمعیەت هەئیەتهای ئیسلامی و حیزبی موئتەلیفەی ئیسلامی چالاکی هەبوە.

ئەو ڕێکخراوە لە ئیئتلافی ٣ هەیئەتی مەزهەبی لایەنگری ئا. خومەینی - هەر لە ماڵەکەی ئەو-، بە ناوەکانی هەیئەتی مزگەوتی شێخ عەلی، هەیئەتی ئیسفەهانییەکان و هەیئەتی موئەید، شکڵی گرت و لە ساڵی ١٣٤٢(١٩٦٣)، دامەزرا. زۆربەی ئەندامانی "فدائیان اسلام" دوای ئیعدامی نەوابی سەفەوی - کە پەرش و بڵاو ببون -، چونە نێو ئەو ڕێکخراوەیە.

موتەلیفە دەڵێ: دژی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی و ڕێفراندۆمی شا چالاک بوە. پەیرەوی لە "عزای ملی" نەورۆزی ١٣٤٢، بەدستووری ئا. خومەینی کردوە. سازمان دانی چۆنیەتی پێکهاتنی نارەزایەتییەکانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ دا لە مەدرەسەی فەزییەی قوم و تەحریمی مەجلیسی دەورەی ٢١ دا، نەخشی گرینگی هەبووە. هەروەها "حسنعلی منصور" - سەرۆک وەزیری ئەوکاتی-، لە ساڵی ١٣٤٣ دا، بەشێوەی



سەرچاوە Serchawe

تێرۆر کوشت. لە بەر ئەوەی لایەنگری لە لایحەی کاپیتالاسیۆن( مصونیت قضایی)، بۆ ئەمریکایەکان دەکرد. دامەزرانی "صندوقهای قرض الحسنه" و ئەنجام دانی ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکان و بەشداری لە کۆمیتەی پێشوازی لە کاتی هاتنەوەی ئا. خومەینی و پارێزگاری و ئیدارە کردنی شوێنی مانەوەکەی لە تاران، لە کردەوەکانی ئەو ڕێکخراوە پێش سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوون.

## ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران

ئەو ڕێکخراوە بە نهێنی لە ساڵی ١٣٤٢، لەلایەن سێ خوێندکار بە ناوەکانی "محمد حنیف نژاد، سعید محسن، علی اصغر بدیع زادگان " دامەزرا. دوو ساڵ دواتر (١٣٤٤)، بەڕەسمی ڕاگەیاندرا. ئەوان پێشتر لە نێو ڕێکخراوی نێهزەتی ئازادی دا چالاک بوون. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە خەباتی چەکداری بە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم بوو. چونکە ئەوان پێیان وابوو: سەرکوتی نارازیانی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢، بەهۆی ساواک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و گیران و دادگایی و زیندانی کرانی "مهدی بازرگان، یدالله سحابی و آیت الله طالقانی" و هەڵسوکەوتی گرتن، ئەشکەنجە و ئازار، زیندانی و دوورخستنەوەی تێکۆشەرانی دیکە، شکستی تێکۆشانی ئارام و هێمنانەیەی ماوەی ساڵەکانی ١٣٣٩ - ٤٤، بەهۆی دەسەڵاتدارانی سەلتەنەتی لەنێو برا و ڕێژیم ئاڵوگۆڕ هەڵناگرێ و دەبێ بڕووخێ.

چالاکانی موجاهیدین بەتایبەتی لاوەکانیان، ستراتیژی خەباتی توندوتیژ(قهرآمیز) بە تەفسیری رادیکاڵ (توند بیری) یان، گرتەبەر. هەروەها بەرەبەرە بەسوودوەرگرتن لە تیئۆریە شۆڕشگێڕیەکانی ئەمریکای لاتین، شێوەی "چریک شهری" و کاری نهێنی و چەکدارییان لە تاکتیک دا قبووڵ کرد.

ئامانجی بنەڕەتی ئەو ڕێکخراوە، دامەزرانی کۆمەڵگای یەکسانی تەوحیدی(جامعهء بی طبقهء توحیدی)، لەڕێگای ئیسلامی شۆرشگێرو مەکتەبی بوو. بەڵام بەرێبازی ناسیونالیزمی ئێرانی - بەشێوەیەک موسەدقی - ئابووری جیهانی - بەشێوە مارکسیستی یا عەداڵەتخوازانە - و دژی ئیمپریالیستی - ، بڕوایان هەبوو.

لە خەرمانانی ساڵی ١٣٥٠ و لە بەرەبەری بەرێوەبەری، "جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهنشاهی" دا، ١٣ کەس لە رێبەرانی موجاهیدین گیران. پاش ئەشکەنجە و ئازاری زۆر ١٢ کەسیان شەهید کران. "مسعود رجوی" تەنیا کەسێک بوو - بەهۆی تێکۆشانی بێوچانی د. کازمی رەجەوی برای لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان-، لە ئیعدام رزگاری بوو. چالاکانی موجاهیدینی خەڵق، لە دەرەوەی زیندان بە ئەنجامدانی چەند کاری چەکداری، پترلەنێو کۆمەڵگادا، ناسران.

لە دەیەی ١٣٥٠ دا، گوشاری بەرفراوانی ساواک بۆ هێزە بەرایییە سیاسییەکان هێنرا. ڕێکخراوی موجاهیدین لە هەلومەرجێکی دژوار دا، بەنهێنی تێدەکۆشا. لەوکاتی دا ژمارەیەک لە "ڕووناکبیرەمەزهەبیە موسڵمان و ڕووحانییەکان"ی شیعە پشتیوانیان لە موجاهیدین دەکرد. کاربەدەستە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی شا، موجاهیدینیان ناو نابوو "مارکسیستهای اسلامی".

لە ساڵی ١٣٥٤ دا، "تقی شهرام" - یەکێک لە کادر شارەزاکانی موجاهدین.-، لە زیندانی ساری هەڵات. ئەو زۆربەی ئەندامانی پەرش و بڵاوی موجاهدینی سازمان دایەوە. زۆری پێنەچوو ناوبراو لەگەڵ "بهرام آرام و وحید افراخته"، دروشمی ئیسلامی موجاهدینیان لە لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەی "پیام مجاهد"، لابرد و ڕاگەیاندراوێکیان سەبارەت بە "تغییر ایدئولوژی"، لە جێی ئەو بڵاوکردەوە. ئەو کردەوەیە لە لایەن موجاهیدین بە "کوودێتای اپورتونیستی" (فرصت طلبانه)، لە قەڵەم درا. مەسعوود ڕەجەوی لە بیانییەکی ١٢ ماددەیی دا، ڕوانگەی موجاهیدنی لەوبارەوە ڕاگەیاند. ئەو لەو سەردەم دا، وێڕای بەباش نەزانینی ئەو هەڵوێستە، خەبات بە دژی ڕێژیمی شای بە گرینگتر زانی.

کردەوی تەقی شەهرام و هاوبیرانی بووە هۆی کوژرانی کەسانی وەک: "صمد لبافی نژاد و مجید شریف واقفی". ئەو هەڵوێست و کردەوانە، زەبری زۆر گەورەی لە تەشکیلاتی و بیروهزری موجاهیدین دا. تەقی شەهرام لە زیندانی ساری بەهۆی کاریگەری هاوبەندییەکی بە ناوی "حسین عزتی" - کە موتاڵای باشی لەسەر مارکسیزم هەبوو. -، بیروڕای گۆڕا. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، گرووپی تەقی شەهرام، ناوی خۆی نا"سازمان پیکار در راه آزادی طبقه کارگر"، کە پاشان چەند لقی لێ جیا بۆوە.

مەسعوود ڕەجەوی لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٥٧ لە زیندان ئازاد کرا، سەرەتا وەک کادری ڕێبەری و دواتر وەک بەرپرسی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق، چالاکی بەربڵاوی دەست پێکرد. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ڕەوینەوەی فەزای سەرەڕۆیی و برەو پەیداکردنی تێکۆشانی سیاسی و پەرەگرتوویی حیزب و ڕێکخراوەکان، موجاهیدین بوو بە یەکێک لە ڕێکخراوە بەهێزەکانی "چەپی ئیسلامی" قانوونی، تارادەیەک دوور لە دەسەڵات.

- ویکی پدیا -

## چەند گرووپی چالاکی چووک

لە ساڵی ١٣٥٠ هەتا ٥٧ دا، چەند گرووپی چوکەی ئیسلامی، خۆرسک یا ناوچەیی، بۆ وێنە لە ئوستانی خوزستان، ئیسفەهان، کرمان، گەڕەکەکانی فەقیرنشینی تاران؛ کە زۆربەیان ماوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوی

موجاهیدینی خەڵق، کاریان کردبوو یا لایەنگری بوون، لەنێو زیندانەکان یا لە دەرەوە دروست بوون. کەسانێک لەو گرووپ گەلە، لە نێوخۆی ئێران، سووریە، لوبنان و لەگەڵ فەلەستینی یەکان، کاری چریکیان دەکرد. ژمارەیەکیش لە ئورووپا و ئەمریکا چالاک بوون. لەنێو ئەوان دا ٧ گرووپ، هەوڵی پتریان دا و ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان، دوای ڕاپەڕین بوون بە کاربەدستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە بریتی بوون لە:"امت واحده، توحیدی بدر، توحیدی صف، فلاح، فلق، منصورون و موحدین."

***

## مەکتەبی قورئان

لەنێو سوننییەکان و دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٤٢ لە قوم و تاران و گیرانی ژمارەیەک لە ڕووحانی و لایەنە ئیسلامییەکان، بیری ئیسلامی سیاسی لە ناوچە سوننییەکانی ئێرانیش کەم و زۆر برەوەی پەیدا کرد. یەکێک لەو ناوچانە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

کاک ئەحمەد موفتی زادە، بەهۆی تێکۆشانی نەتەوەیی و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) دا، لە تاران گیرا. لەوەیّ بە قەولی خۆی ئاڵوگۆڕی فیکری بەسەرداهات و دوای ئازاد بوونی لە زیندان پەرەی بە بیروڕایەکەی دا. ناوبراو لە ساڵی ١٣٤٢ لە مزگەوتی سەیە مستەفا- ی سنەدا، دەستی بە چالاکی کرد. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: "دوای ساڵانێک هەلومەرجێک پێکهات کە بە بێ نێوەرۆکی و ڕووکەش بوونی کردەوەکانی ڕابردووم بگەم ولە ساڵی ١٣٤٢ دا، بڕیارم دا، هێڵی سەوزی ئەسڵی شۆڕشی ئیسلامی... بگرمە بەر".

- سایت ویکی پدیا -.

کاک ئەحمەد، لە ساڵی ١٣٤٣، دەگەڕێتەوە شاری سنە و ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧) دا، مەدرەسەی قورئان - کە دواتر بوو بە مەکتەبی قورئان -، ی دامەزراند.

موفتی زادە لە ساڵی ١٣١١ (١٩٣٢)، لە شاری سنە لەبنەماڵەیەکی ئایینی بەناوبانگی موفتییەکان لەدایک بوو. لە ناوچەی سنە و کرماشان لەنێو خەڵک دا، لایەنگریان هەبوو. بۆیە دامەزرانی مەکتەبی قورئان، لایەنگرانێکی بەرچاوی لەو ناوچانە و سەقز، بۆکان و دەرووبەریان پەیدا کرد.

موفتی زادە گوتوویەتی: کاتێک ئاگری شۆڕش لە جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣)، بۆ یەکەمین جار چەخماغەی

لێدا، لە شەقامی ناسر خوسرەو لە تاران بوە و حیماسەی خەڵک و جینایەتەکانی ڕژێمی شای بەچاوی خۆی بینیوە و بیروڕای خۆی گۆڕیوە و پێوەندی عاتیفی لەگەڵ جووڵانەوەی سەرانسەری پەیدا کردوە.

- کتاب، دربارەء کوردستان، احمد مفتی زادە، ناشر انتشارات نور، چاپ روودکی، تابستان ١٣٥٩، ص ١٥٨-.

ناوبراو دەڵێ: لە خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨)، لە گەرمەی نارەزایەتی و ڕێپێوانەکانی گەلانی ئێران، لەگەڵ ئا. مونتەزیری، م. بازرگان و... پێوەندی هەبوە. - هەمان سەرچاوە -.

لە کاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران بەدژی دەسەڵاتی سەرۆی پەهلەوی دوویەم دا، موفتی زادە بۆ هاوتەریب (همسو) کردنی موسڵمانی سوننی لەگەڵ شۆڕش هەوڵی زۆری دا و مەکتەبی قورئانی بۆ ماوەیەک بەجێهێشت و تەواو وەخت هاوکاری ڕاپەرینی دەکرد.

## پێگە گرینگەکانی ئیسلامی سیاسی

پێگەی بنەڕەتی ئیسلامی سیاسیی بناژۆ، حەوزە عیلمییەکان، مزگەوتەکان، هەیئەتە جوراوجۆراکانی ماتەمگێڕی شیعە بوون. جگە لەوانیش، بەهۆی باوەڕی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی مەزهەبی و زۆرینەی شیعە لە زانستگا و قوتابخانەکان، مەدرسەکانی"علوی، حقانی و رفاە"ی کچان، کە خوێندنگەی نیوە ئیسلامی و "خێرخوازی" بوون، نەخشێکی بەرچاویان بۆ پەروەردەکردن و بەهێزکردنی ئەو جۆرە بیروفیکری هەبوە و هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخراوە ئیسلامییەکان دەورێکی کارامەیان لە سەرخستنی ئەو دیاردەیە دا، گێڕا. زۆرترین یارمەتیی بە بیری ئیسلامی پەهلەوی دوویەم و دەست و پێوەندەکانی کردوویانە!؟ چونکە ئەوان پتر بیری چەپ و دیموکڕات و نەتەوەخوازی گەلانی بەرایی ئێرانیان، پێ سەرکیی ترین مەترسی دەسەڵاتی دژی ڕژێمە دیکتاتۆریەکەیان دەزانی وبەتوندترین شێوە سەرکوتیان دەکرن. بەڵام زەختێکی کاریگەریان لەدژی چالاکە ئیسلامییەکان نەدەگرتە بەر. ئەو بۆچوونە لە حالێک دا بوو کە بە پێی خوێندنەوەی دکتور ئەسەدی لە ساڵی ١٣٥٥ (١٩٧٦) دا، نیشانەی بەهێز هەبوو کە بیری ئیسلامی بەرەو سەر دەچێ.

هەروەها مزگەوت و نوێژ و خوتبەکانی پێش نویژ، وەک بەهێزترین ڕێکخراو دوای ڕووداوەکانی ١١ی بەفرانباری ١٣٥٦ (١٩٧٨) چالاک بوون و پێشیان پێ نەگیرا. ساواک کە بۆچوونەکانی فورمەلە دەکرد، لە هەڵسەنگاندنی جموجۆڵەکانی دژی ڕژێمی حەمە ڕەزا شا، هەڵەیەکی گەورەی کرد. ئەو دەسەڵاتە

ئەمنییەتی و سەرکوتکارە - کە بەهێزترین دەسەڵاتی نادیاری ڕێژیمی شا بوو -، تەنیا هێزە سەرەکییە دژبەرەکانیان، چەپەکان و ڕووناکبیرانی سکۆلار و تا ڕادەیەکیش نەتەوەخوازەکانی دەناساند و چ دوای کوودێتای ١٣٣٢ (١٩٥٣) و چ دوای ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥) دا، پترین زەبریان لێ وەشاندن و زۆرترین کەسیان لێ کوشتن و زیندانی کردن. گەورەکردنەوەی مەترسی سوور (کومونیزم) و سەرکوت و تەپەسەری ئازادیخوانی نا ئیسلامی و نەتەوەیی، بیری رەشبینی ئیسلامی سیاسی کردە گۆتاری زاڵ.

---------------------------------------

* بەشی سێیەم

## چەخماخەی ڕاپەڕین

لە بەفرانباری ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٨) لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات دا، وتارێک لەژێر سەردێری "ئێران و کۆنەپەرستی سوور و ڕەش" بە قەڵەمی کەسێک بە ناوێکی خوازراو "احمد ڕەشیدی مطلق" بڵاوکرایەوە کە نارەزایەتیی توند و خۆپێشاندانی حەوزی عیلمییەی لە قوم لێکەوتەوە. هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی شا، هێرشیان کردە سەر خۆپێشاندەران و ژمارەیەک کوژران و بریندار کران و کەسانێکیش گیران. ٤٠ ڕۆژ دواتر لە مانگی ڕێبەندان دا، لە تەوریز خۆپێشاندان چێ بوو. سەرنێزەی نیزامییەکان و زنجیری تانکەکان نارازیانی خۆپێشاندەری شەقامەکانی ناوەندی شاریان بەتوندی سەرکوت کرد، کە ڕەدیەکی ئەوتۆی ڕووحانی لەگەڵ نەبوو. دواتر چلە گەیشتە تاران و شارە گەورەکان. لە بەهار و هاوینی ساڵی ١٣٥٧ دا، خۆپێشاندانەکان بەشێوەیەکی چاوڕوان نەکراو و بەربەرین بوون و شەقامەکانیان داگیر کرد.

سەرکوت و حکوومەت ی نیزامی و گرتن و زیندانی، ئەشکەنجە و ئازاری پتر هاتە ئاراوە. بەڵام کارلەکار ترازا و خەڵکانی وەزاڵە هاتوو لە دەسەڵاتی کوودێتایی شا و ناعەدالەتی و خۆبەزلزانی یەکانی کاربەدەستان وکردەوە دزێوەکانی ئەو ڕێژیمە، لەژێر دروشمەکانی" خودا، شا، نیشتیمان"، "چە فەرمانی یەزدان، چ فەرمانی شا" و...دا، بێ منەتی لەخەڵک دوای دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخیز لە ساڵی ١٣٥٥(١٩٧٦) دا، نارەزایەتی پەنگ خواردووی خەڵکانی بەرایی لە ئێران، ڕاپەڕینێکی گەورەی لێ دروست بوو. - لە کوردستان خۆپێشاندان لە ١٥ی جۆزەردان دا، لەکاتی ناشتنی تەرمی عەزیز یۆسفی - تێکۆشەری دیموکرات کە پاش ٢٥ ساڵ زیندان ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو- و بەتایبەت سێیەمین ڕۆژی لە

مەهاباد دەستی پێکرد و پاشان شارەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە. مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی لەسەر قەبران قسەی باشی کرد کە وزەی زۆری دا بە خۆپێشاندەران -.

ئەو چەخماخەی نارەزایەتییە پەنگ خواردویە بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیی کوودێتایی، پتر لە ١٣مانگی خایاند و دەسەڵاتی پاشایەتی بەمێژوو سپێردرا. ئەو وتارەی بوو بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیی شا، بەم شێوەیە نووسرابوو:

## ئێران و ئیستیعماری سوور و ڕەش

"ئەو ڕۆژانە بە بۆنەی مانگی محەڕەم و عاشووڕای حوسێنی، جارێکی دیکە فیکرەکان هەستیان بە ئیستیعمار( داگیرکەر) ی ڕەش و سوور یا بە واتایەکی دیکە یەکیەتیی ئیستیعماری کۆنە و نوێ کردوە. ئیستیعماری سوور و ڕەشە کۆنە و نوێیەکە، رووحی هێرش و دەسەڵات و تاڵانیان هەیە و بەو هۆییەی کە نێوەرۆکی زاتییان وەک یەکە، کەم واهەبوە ئەو دوو ئیستیعمارە ناسراوی مێژوو لەگەڵ یەک هاوکاری بکەن، مەگەر لە بوارگەلی تایبەتی دا، کە یەکێک لەو هاوکاری نزیک و سەمیمانە و سادقانەیەی هەردوو ئیستیعمار لە بەرانبەر شۆڕشی ئێران بەتایبەتی بەرنامەی پێشکەوتوانەی دابەشینی زەوی لە ئێران دایە. سەرەتای شۆڕشی شا و میللەت کە ڕۆژی شەشەمی ڕێبەندانی ٢٥٢٠ شاهنشایی [(١٣٤٠) هەتاوی و (١٩٦١) زایینی بوو]؛ ئیستیعماری سوور و ڕەشی ئێران کە بەڕواڵەت هەر یەکەی لە وڵاتی ئێمە بەرنامە و نەخشەی تایبەتییان هەبوو، یەکتریان گرت. کاکڵی ئەو هاوکارییە سەمیمانەیە لە گێرەشێوینی ڕۆژەکانی ١٥ و ١٦ی جۆزەردانی ٢٥٢٢ [(١٣٤٢) (١٩٦٣)]، لە تارانێ ئاشکرا بوو.

دوای گێرەشێوێنی شوومی ١٥ی جۆزەردان کە بە مەبەستی ڕاگرتن و ناکام کردنی شۆڕشی درەوشاوەی شا و میللەت دارێژرابوو، سەرەتا کەسانێک کە ئەو ڕووداوەیان موتاڵا دەکرد، تووشی سەرئێشەیەکی سەیر دەبوون. چونکە جێ پەنجەی ئیستیعماری سوور و ڕەش، هەریەکەی بەشێوەیەک، لەو گێرەشێوێنییە دا، بە ئاشکرا دەبینرا. لە لایەک کەسانێک کە بەئیجراکردنی بەرنامەکانی چاکسازی زەوی، هەموو ئۆمێدەکانی خۆیان بۆ فریودانی وەرزێران و دروست کردنی ئەنجومەنەکانی وەرزێران بە شکست خواردو دەزانی، لەبەرانبەر شۆڕش دا، هەوڵی گێرەشێوێنیان دا. لەلایەکی دیکە خاوە زەویە گەورەکان کە ساڵانێکی زۆر بوو چەند میلیون جوتیاری ئێرانیان تاڵان کردبوو و بەئومیدی شکاندنی ئەو بەرنامەیە و گێڕانەوەی هەلومەرجی پێشوو، پووڵیان دا بە بەکرێ گیراوانی توودەیی و شکست خواردوکانی دیکەی سیاسی. سەیر ئەوەیە ئەو کەسانەی باوڕیان وابوو کە دەتوانن، گەڕی شۆڕش ڕاگرن و زەویەکانی بە وەرزێران دراوە، لە دەستیان دەرێنن، دەست و داوێنی ڕووحانییەت بوون. چونکە بیریان دەکردەوە کە دژایەتی زانایانی

ڕووحانی - کە لە کۆمەڵگای ئێران دا، حورمەتێکی تایبەتی یان هەیە-، دەتوانن نە تەنیا گەڕی شۆڕش تووشی گیروگرفت کەن، بەڵکوو وەکوو ملکدارێکی گەورە کە بیری کردبۆوە(" وەرزێڕەکان زەویەکانیان وەک عەرزی داگیرکراو بدەنەوە بەخاوەنەکانیان!") بەڵام زانایانی ڕووحانی وشیارتر لەوەی بوون کە بەدژی شۆڕشی شا و میللەت هەستن کە لەگەڵ ئوسوول و فێرکاری ئیسلامی بە مەبەستی پێکهێنانی عەداڵەت و نەبوونی چەوساویی کەسێک بەدەست کەسێکی دیکە، کە لە لایەن ڕێبەری شۆڕشی ئێران گەڵاڵە کرابوو.

ملکدارەکان کە بۆ درێژەدانی دەسەڵاتی خۆیان هەمیشە لە ژاندرمە هەتا وەزیر، ڕەوزە خوێن هەتا چەقۆکێش یان لە ئیختیار دابوو، کاتێک لەگەڵ بێ هەڵویستی ڕووحانییەتی بەرجەستە بەرەروو بوون، لە ئاکام دا هەوڵیان دا، گیروگرفت بەدژی شۆڕش دروست کەن. ڕووحانییە پلە بەرزەکان ئامادە نەبوون هاوکاریان بکەن، لە بیری دیتنەوەی "ڕووحانی" یەک کەوتن کە پیاوێکی سەربزێو و بێ باوەڕ و بەکرێگیراوی ناوەندگەلی ئیستیعمار بێ کە بتوانێ، ئامانجی ئەوان وەدیبێنێ، کە بەهاسانی پیاوێکی وایان دیتەوە. پیاوێک کە ڕابردوویەکی نادیاری هەبوو و لە دەمارگرژترین و کۆنەپەرستەکان بەکرێگیراوەکانی ئیستیعمار بوو. ئەو چونکە لەلایەن ڕووحانییەکانی پلەبەرزی وڵات بە هەموو جۆر پشتیوانی لێکراو سەرکەوتوو نەبوو، بەدوای هەلێک دا دەگەڕا کە بە هەرجۆرێک بێ خۆی بخزێنێتە نێو ڕووداوە سیاسییەکان و ناو و ناوبانگێکی هەبێ.

ڕووحوڵڵا خومەینی بەکرێگیراوێکی باش بوو بۆ ئەو مەبەستە و کۆنەپەرستانی سوور و ڕەش، ئەویان پێ باشترین کەس بوو بۆ دژایەتی شۆڕشی ئێران کە وەک خوڵقێنەری ڕووداوی قێزەونی ١٥ی جۆزەردان ناسرابوو.

ڕووحوڵڵا خومەینی کە بە "سەیدی هیندی" دەناسرا. لەبارەی هیندی بوونی دا، هێشتا نزیک ترین کەسەکانی باسیان نەکردوە، بە وتەیەک ئەو بۆ ماوەیەک لە هیندوستان ژیاوە و لەوێ لەگەڵ ناوەندەکانی ئیستیعمار (داگیرکەر) ی ئینگلیس، پێوەندی هەبوو. هەربۆیە بە سەید-ی هیندی ناوبانگی دەرکردوە. بۆچوونێکی دیکە ئەوە بوو کە ناوبراو لەکاتی لاوی دا، شێعری ئاشقانەی کوتوە و ناوی هیندی بۆخۆی هەڵبژاردوە و بۆیە بە هیندی ناوبانگی دەرکردوە. کەسانێکیش بڕوایان وایە کە چونکە فێرگەکانی ئەو هیندوستان بوە و ناوبانگی هیندی لە وێڕا هەڵبژاردوە کە لە منداڵیەوە لەژێر فێرکاری مامۆستایەک [ی هیندی] دا بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ناوبانگی ئەو لەگەڵ گێرەشێوێنی ١٥ی جۆزەردان لەبیر هەمووان ماوە. کەسێک کە بەدژی شۆڕشی ئێران و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی نەخشەی سوور و ڕەش هەستاوە و بەدەستی بەکرێگیراوانی تایبەتی بە دژی دابەشینی زەویەکان، ئازادی ژنان، میللی کردنی جەنگەڵەکان هەوڵی دا و خوێنی بێ تاوانەکانی ڕشت و نیشانی دا، هێشتاش کەسانێک هەن کە سادقانە ئامادەن

خۆیان لە ئیختیاری پیلان گێڕان و کەسانی دژی میللی دا بنێن.

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕووداوی ١٥ی جۆزەردان و نەخشی پاڵەوانانەی ئەو، سەرنج بۆ نێوەرۆکی ڕاپۆرتێک و ڕاگەیاندراو و وتووێژێک، یارمەتیدەرێکی باش دەبێ. چەند حەوتوو دوای گێرەشێوێنی ١٥ی جۆزەردان، ڕاپۆرتێک لەلایەن ئۆپێک بڵاوکرایەوە کە لەودا، هاتبوو:"داهاتی دەوڵەتی ئینگلیس لە نەوتی ئێران چەند قات پترە لە کۆی گشتی داهاتەکانی ئێران."

چەند ڕۆژ پێش گێرەشێوێنیەکە لە تاران ئاشکرا بوو کە کێشە خوڵقێنێکی عەرەب، بە ناوی "محمد توفیق القیسی" بە چەمەدان (جانتایەک) یەکی ١٠ میلیون قرانی پوولی نەغدەوە لە فرۆکەخانەی مێهرئاباد گیرا. قەرار وابوو ئەو پووڵە لە ئیختیاری کەسانێکی تایبەبەت بنرێ. چەند ڕۆژ دوای ئەو گێرەشێوێنییە، کە سەرۆک وەزیری ئەوکاتی، لە وتووێژێکی چاپەمەنی دا، ئاشکرای کرد و گوتی:"بۆ ئێمە ڕوونە کە پووڵێک لە دەرەوە ڕا هاتووە و بەدەست کەسانێک گەیشتوە بۆ بەڕێوەبەری نەخشەی چەپەڵ و لەنێو دارودەستەی جۆراوجۆر دا، دابەش کراوە".

بەخۆشییەوە شۆڕشی ئێران سەرکەوت. دواین بەربەرەکانی ملکدارانی گەورە و بەکرێ گیراوانی توودەیی تێک شکان و ڕێگا بۆ پێشکەوتن و گەشە(هەڵدان) ی بەرز و بەڕێوەبەری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی خۆش بوو، لە مێژووی ئێران دا.

ڕۆژی ١٥ی جۆزەردان وەک بیرەوەرییەکی تاڵ لە لایەن دوژمنانی میللەتی ئێران دەمێنیتەوە و بە میلیۆنان موسڵمانی ئێرانی وەبیریان دێتەوە کە چۆن دوژمنان هەرکات قازانجەکانیان یەک بگرێتەوە، تەنانەت لە جلوبەرگی موقەددەس و جێی ڕێزی ڕووحانیش دا، دەست وەدەستی یەک دەدەن.

### کێ ئەو وتارەی نووسیبوو و بۆ؟

لەسەر نووسینی ئەو وتارە، ماوەیەکی زۆر دەمەتەقە هەبوو. لەم بارەیەوە قامک بۆ داریوش همایون -وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعات و سیاحی-، درێژ دەکرا. چونکە ئەو وتارەکەی بردەبوە دەفتەری ڕۆژنامەی ئیتلاعات. بەڵام پاشان بە پێی لێکۆلینەوەکان دەرکەوت کە کەسێک بەناوی "فرهاد نیکوخواه" - لە ساڵی ١٣٤٣ وە، ڕاوێژکاری چاپەمەنیی و فەرهەنگیی - "هویدا" سەرۆک وەزیر - ١٣٥٥ - ١٣٤٢- بوە. پاشان کە هویدا دەبێتە وەزیری دەربار، نیکووخواە لەگەڵ خۆی دەبا بۆ دەربار. ناوبراو- کە لیسانسی علوومی سیاسیی لە زانستگای تاران وەرگرتوە -، ماوەیەک سەرۆکی پێوەندییە گشتییەکانی بونیادی پەهلەوی بوو



سەرچاوە
Serchawe

و یەکێک لە بەرنامەڕێژانی جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهنشاهی.

- مظفر شاهدی، موءسسه مطالعات تاريخ معاصر -.

جێمز ئا. بیل - لێکۆڵەری ئەمریکایی -، جگە لە دەستووری شا لە نووسینی ئەو وتارە دا، ناکۆکیی نێوان هوویەدا - وەزیری دەربار - و جەمشید ئاموزگار - سەرۆک وەزیری ئەو کات -، بە هۆیەکی گرینگی نووسینی ئەو نامەیە دەزانێ.

کەسێکی دیکە بەناوی"احمد علی مسعود انصاری" لە بیرەوەری خۆی دا، سەبارەت بەو وتارە دەنووسێ: خەلعەتبەری - وەزیری دەرەوەی ئێران -، لە باڵوێزخانەی ئێران لە عێراق ڕاپۆرتێکی پێگەیشتوە کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە شێوەی زێمنی مەسەلەی سەڵتەنەتی بە نا شەرعی زانیوە... و شا لە پێگەیشتنی ئەو راپۆرتە زۆر نارەحەت دەبێ و بە وەزیری دربار دەستوور دەدا، بە دژی ئەو بۆچونە بابەتیک بنووسرێ و لە ڕۆژنامەکان دا، بڵاوبکرێتەوە.

- هەمان سەرچاوەی پێشوو -.

ئەو بۆچوونانەی ئاماژەیان پێکراوە، سەرچاوە ئێرانییەکان، هەردووکیان لایەنگری ڕێژیمی سەڵتەنەتی بوون، بۆیە ڕووداوەکە لە چوارچێوەیەکی تەسک دا، دەبینن. زوڵمی و زۆری و نەبوونی دێموکڕاسی و ئازادی سیاسی و نەکوولی لە بوونی نەتەوە نا فارسەکان و پێشێکاری بەردەوامی مافەکانیان و قان دانی بەربڵاو بە ڕێژیم ویستان و تەنانەت تەحەموول نەکردنی فەزای چەند حیزبی - لەچوارچێوەی دەسەڵات دا- و... کە لە پێشووش دا ئاماژەیان پێکرا، لە نێو دڵی خەڵکانی ئێران دا، پەنگی خوادبوّوە و چاوڕوانی چەخماخەیەک بوو کە لێدرا.

### شاپوور بەختیار، دوایین هەل

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٨) دا، سێ کەس لە ڕێبەرانی جەبهەی میللی، دکتور شاپوور بەختیار، دکتور کەریم سەنجابی و داریوش فروهەر، نامەیەکی گرینگیان بۆ شا نووسی و داوایان لێکرد، بۆ نەجاتی وڵات کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیی بێنێ و ڕێز بۆ ئەسەڵەکانی مەشرووتییەت دابنێ. - سایت ویکی پدیا - بەڵام قبووڵی نەکرد. وڵامەکەی گۆشار هێنان بۆ ناوبراوان و زیندانی کردنیان بوو.



سەرچاوە
Serchawe

دوایین مانگەکانی ساڵی ١٩٧٨ (١٣٥٧) بوو. ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لەوپەڕی پەرگرتوویی دابوو. شا دەستووری ئازادی بەختیاری دا. لە کۆشکی نیاوەرانی تاران، شا چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ بەختیار ئەنجام دا و داوای لێکرد پۆستی سەرۆک وەزیری قبووڵ بکا. بەختیار لەگەڵ شا پێک هات کە بۆ کابینەکەی دەنگ لە مەجلیسی سەنا وەربگیرێ. ساواک هەڵوەشێ. زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بن. مەرجەکانی چاپەمەنی ئازاد بێنە ئاراوە و هەنگاوەکانی چاکسازی دەست پێبکەن. بەو مەرجانە بەختیار سەرەڕای موخالیفەتی جەبهەی میللی، سەرۆک وەزیری پەهلەوی دوویەمی قبووڵ کرد و لە جەبهەی میللی هاتە دەر.

بەختیار بەڵێنی لە شا وەرگرتبوو، ئێران بەجێ بێڵێ و پووڵ و سەروەتەکەی بە قازانجی دەوڵەت، کەلکی لێوەرگیرێ. شا و فەرەح - خێزانەکەی- لە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٥٧ (سەرتای ساڵی ١٩٧٩) ئێرانیان بەجێهێشت. ئەووەزعە بە قازانجی ئیسلامییەکان شکایەوە.

دوای بەدەستەوەگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیری لە لایەن شاپووری بەختیار، بیری ئیسلامی سیاسیی ململانێی لەبەرانبەر هێزە میللی و چەپەکان دا بردەوە. چونکە لەنێوخۆ زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە چەپەکان بە کۆن و نوێ وە، وەک حیزبی توودە و چریکە فیداییەکان، چەپە ئیسلامییەکان (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و میللی مەزهەبییەکان)، ئیسلامیی مللییەکان وەک : نێهزەتی ئازادی و میللی گەراکانی سەرانسەری و بەڕابردوو کە لەنێو جەبهەی میللی دا بوون پشتیوانیان لە ئا. خومەینی کرد.

لە دەرەوەش لە کۆبوونەوەی گوادالۆپ دا، کە بەئیبتیکاری والێری ژیسکادستێن - سەرکۆماری ئەوکاتی فەڕانسە پێک هات -، پشتیوانی لە گۆڕانکاری لە ئێران دا، کرا. ئەو کۆبوونەوەیەش بەلای لاوازبوونی دەسەڵاتی سەرەڕۆیی شا دا، شکایەوە. ئەو بەشە پتر دەچێتە خانەی شەڕی سارد و بیر و کردەوەی پشتێندەی سەوز لە بەرانبەر مەترسی سووری یەکیەتیی سۆڤیەتی دا، کە پێیان وابوو دەسەڵاتێکی ئیسلامی شوورە یا پەرژینەکەی قایمتر دەکا.

بەڵام گرینگترین هەڵوێست، کردەوەکانی پەهلەوی دوویەم و دەسەڵات بەدەستەکانی بیست و پێنج ساڵ پێشتر ئەنجامیان دابوو. داروودەستەی شا، دەوڵەتی قانوونی دکتور موسەدیقی بە یارمەتی ئەمریکا و ئینگلیس، بە کوودێتایەکی نیزامی لابردبوو و دەسەڵاتی کوودێتایی کرا بە ڕێبازی دەسەڵاتی پاوانخوازانە و شای هەڵاتووی گەڕانەدرایەوە سەر دەسەڵاتە نگریسەکەی. خوێندکارانی سەنعەتی زانستگای تاران ناڕەزایاتییان، لەووەزعی خراپ ئیدارەکردنی وڵات و داداگایی ناعادڵانەی موسەدیق و هاتنی ڕیچارد نیکسۆن - جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، وەک پشتیوانی کوودێتا- بۆ تاران دەربڕی؛ بەداخەوە

وڵامیان بە ڕێژنە بارانی گولە درایەوە.

ترس لە بیری چەپ و ئیزن نەدان بەگەشەکردنی کۆمەڵگا، لەبواری سیاسی و فەرهەنگیی و قبووڵ نەکردنی فرەگەلی بوونی پێکهاتەی ئێران، هەڵەی سەرەکیی ڕێژیمی پەهلەوی دوویەم بوو. درێژەنەدان بە ڕیفۆڕمەکانی ساڵانی ١٣٣٨ هەتا ١٣٤٢ (١٩٥٩- ١٩٦٣)، بەشێوەی پێویست و قبووڵ نەکردنی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی لەنێو خۆی وڵات دا، سەرکوتی بزووتنەوەکانی گەلانی ماف پێشێل کراو، بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ؛ بە هێند نەگرتنی نارەزایەتیی حوجەتولئیسلام رووحوڵڵا خومەینی و تەلەبەکانی حەوزەی عیلمییەی قوم و پێشگیری نەکردنی ئەوتۆ لە مەلاکانی شیعە و کەلک وەرگرتینان لە منبەر و مزگەوتەکان و بۆنە مەزهەبییەکان بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک ئازاد لە دوا ساڵەکانی دەسەڵاتی شا دا، کە- بە پێی ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئێران موسلمانی مەدەنی بوو - و گوشار هێنان بۆ ڕێکخراوە چەپ و دێموکڕاتەکان - بەتایبەتی حیزبی توودە و چریکە فیداییەکان و نەتەوەخوازان- کە لەنێو ئەوان دا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زۆرترین گوشاری لەسەر بوو. - ، زیندانی، ئەشکەنجە و ئیعدام و ئاوارەکردنی ئەوان، مەیدانێکی باشی بۆ بەرەی ئیسلامی سیاسیی پێک هێنا.- لەنێو بەرەی ئیسلامییەکان دا، موجاهیدینی خەلق لەم بارەوە جیاوازە و دەسەڵات بەدەستانی شا، لە گوشار هێنانی زۆر بۆیان و لەنێوبردنیان دا، دریخیان نەکرد -

شا ئەوەندە لەخۆ بایی بوو دوای سەرکوتی زۆربەی موخالیفان و ناڕازییەکان دەستووری دا، لە ١١ی ڕەشممەی ١٣٥٣ (١٩٧٥) دا، "حزب رستاخیز ملت ایران" ی ناسراو بە "حزب رستاخیز" دامەزرێ. حیزبە بەراییەکانی دەوڵەتی وەک "حزب ایران نوین، حزب مردم، حزب پان ایرانیست و حزب ایرانیان" تیکەڵ یەک کرد و بردیاننە نێو "حزب رستاخیز". ماوەیەک دواتر ئەندامەتی لەو حیزبە دا، بوو بە زۆری و ئیجباری. شا لەم بارەیەوە کوتی:" هەموو کەس دەبێ ببێتە ئەندامی ئەو حیزبە و چارەنووسی خۆی ڕوون کاتەوە. ئەگینا لە ئێرانێ بڕواتە دەرێ. ئەگەر نەیانهەوێ وەدەرکەون، جێیان زیندانە." دەوڵەتیش کوتی هەر ئێرانییەک خوازیاری بەشداری لە حیزب نەبێ، پاسپۆرتی دەدرێتی و دەنێردرێتە دەرەوە.

- سایت ویکی پدیا -.

ئەو حیزبە نزیکەی سێ ساڵ دوای دامەزرانی، بەهۆی کردوە نادروستەکانی، کێشە و ململانێی نێوخۆیی - کە لە سێ قۆڵی "پیشرو،سازندە و لیبراڵ" پێک هاتبوو- و هێرشی موخالیفانی ڕێژیم بەو حیزبە، لە پاییزی ١٣٥٧ (١٩٧٨) بەدەستووری شا هەڵوەشا.

- هەمان سەرچاوە -.



سەرچاوە
Serchawe

قبووڵ کردنی پۆستی سەرۆک وەزیری و پێک هێنانی کابینەیەکی نوێ و دەستپێکردنی خێرای ئاڵوگۆڕەکان و قبووڵی ئۆپۆزیسیون لە لایەن بەختیار، دیسان پتر بە قازانجی ئیسلامی سیاسی شکایەوە. چونکە بەداخەوە، ئەرتەشیش پشتیوانییەکی ئەوتۆی لە بەختیار نەکرد. ئەو بە تەنیا لە بەرانبەر کردەوەیی میلیونی خەڵکی سەر شەقامەکان مایەوە و ئیزنی پێنەدرا ڕیفۆرمەکانی خۆی بۆ سنووردارکردنی سەڵتەنەت و بردنی بۆ خانەیەکی نمادی و تەشریفاتی لە چەشنی سوئێد، هولەند، نورویژ یا... جێبەجێ بکا. ئەو هەلە ئەرێنییەش، لە دەست چوو. بەختیار تەنیا ٣٧ ڕۆژ، سەرۆک وەزیری ئێران بوو.

## بەمێژوو سپاردنی ڕێژیمی پاشایەتی

دوای ٣٧ ساڵ خەبات بەگشتی لە زەمانی پەهلەوی دوویەم دا و ٢٥ ساڵ دوای کوودیتای ١٣٣٢، گەلانی بەرایی ئێران لە ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا،ڕێژیمی پتر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتیان، بە مێژوو سپارد و دەسەلاتێکی نوێ هاتەکایەوە. گۆڕەپانی سیاسیی پتر کەوتە دەست ئا. خومەینی و چەند ئاخوندی وەک: بەهێشتی، ڕەفسەنجانی، موتەهەری، مووسەوی ئەردەبیلی، مەهدەوی کەنی، باهونەر، عەلیی خامنەیی کە هەمە کارە بوون. کەسانی غەیرە رووحانی وەک: بازرگان و ژمارەیەک لە ڕێبەرانی نێهزەتی ئازادی، ئەبولحەسەن بنی سەدر، سادقی قوتبزادە، داریوشی فروهەر و... دەسەلات بەدستانێکی کەم دەسلاتیش هەبوون. بەڵام بڕیار دەرانی ئەسڵی مەلاکانی شیعە و لەسەرووی هەموویان ئا. خومەینی بوو. دیاریکرانی دەوڵەتی کاتی بازرگان لە پێش رووخانی دەسەڵاتی شا لەبەرانبەر کابینەی بەختیار دا، ڕەوتی داسەپاندنی ئیسلامی سیاسی تا ڕادەیەک دیاری کرد.

-----------------------------------------

## ⁕ بەشی چوارەم

## شوورای شۆڕش

ماوەیەکی کورت پێش ڕاپەڕین و هەتا دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری، و دروستبوونی کابینەی دەوڵەت و یەکەم مەجلیسی شوورا، شوورای شۆڕشی ئیسلامی(شورای انقلابی اسلامی) دەورەیەکی گرینگی لە چۆنیەتیی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی نوێ دا هەبوو. ئەو شوورایە دوای چوونی موتەهەری بۆ لای ئا. خومەینی لە نۆفێل لووشاتۆی فەڕانسە، لە ٢٢ی بەفرانباری ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا، سەرەتا لە ٥ کەس، کە هەموویان

ڕووحانی بوون پێک هات. "مطهری، بهشتی، باهنر، رفسنجانی، موسوی اردبیلی"، ئەندامانی سەرەتایی ئەو شووڕایە بوون.

دواتر ئەندامانی شووڕای شۆڕش بوون بە ١٥ کەس. بە وتەی هاشمی ڕەفسەنجانی: بڕیار وابوو ڕادەی ئەندامانی شووڕا، لە ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی وەک یەک، بەکۆی دەنگ زیاد بکرێن. بۆیە ئا. سەید مەحموود تاڵقانی، عەلی خامنەیی، مەهدەوی کەنی، ئەحمەد سەدری حاج سەید جەوادی، م. بازرگان، د. یەدوڵڵا سەحابی، م. مستەفا کەتیرایی، سەرلەشکر وەلی قەرەنی و سەرتیپ علی ئەسغەر مەسعوودی لێ زیاد کرا.

دوای دامەزرانی دەوڵەتی کاتی، چەند کەس وەک: بازرگان، د. سحابی، کەتیرایی، حاج سەید جەوادی و قەرەنی نەمان و کەسانی دیکە وەک: د. حەسەن حەبیبی، م. عیزەتوڵڵا سەحابی، د. عەبباس شیبانی، ئەبولحەسەن بەنی سەدر و سادق قوتبزادە بوون بە ئەندامانی شووڕا. دوای تێرۆری موتەهەری - ١١ی بانەمەری ١٣٥٨-، چەند کەسی دیکە بەشووڕا زیاد کران کە بریتی بوون لە: م. میرحوسێن مووسەوی، د. حەبیبوڵڵا پەیمان و ئەحمەد جەلالی.

- ماڵپەڕی ویکی پیدیا -

## کردەوکانی شووڕا

لە یەکەمین ڕۆژی هاتنەوەی خومەینی دا، باسەکانی گرینگی وەک: پێکهاتنی دەوڵەت، دامەزرانی مەجلیسی دامەزرێنەران (موئەسیسان) و خیبرەگان، لە شووڕا هاتنە ئاراوە.

**یەکەم هەنگاوی شووڕا،** پێشنیاری بازرگان وەک سەرۆک وەزیری دەوڵەتی کاتی بوو کە خومەینی پەسندی کرد. دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا، شووڕای ئینقلاب و دەوڵەتی کاتی لەژێر ڕێبەری خومەینی کە بە پشتیوانی خەڵک مەشرووعییەتی پێدرابوو، دەسەڵاتیان وەدەست گرت.

**هەنگاوی دوویەم،** دامەزرانی "کۆمیتەی کاتی شۆڕشی ئیسلامی" بوو. بۆ بەرگری لە شۆڕش لە بەرانبەر دژی شۆڕش لە شارەکان دا. مەهدەوی کەنی وەک:"سەرپەرستی کۆمیتەی ناوەندی کۆمیتەکانی شۆڕشی ئیسلامی" بە حوکمی خومەینی دیاری کرا.

پاشان ئەو شووڕایە، میللی کردنی بانکەکان و سەنعەتە گەورەکان، ڕێکوپێک کردنی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامی، بەڕێوەبردنی ڕاپرسی لە پێوەندی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی، پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکان دا، پەسندی یاسای شووڕاکانی محەللی، پەسندی پێڕەو (اساسنامە) ی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی - لە ٢ی بانەمەڕی ١٣٥٨ دا -، پەسندی ئایین نامەی مەجلیسی خیبرەگان [یاسای بنەڕیتی]، بەڕێوەبەری هەڵبژاردنی سەرکۆماری و مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و...ی ئەنجام دا.

- سەرچاوەی پێشوو -.

## داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئامریکا و شووڕای شۆڕش

دوای هێرشی نادروست و پەیمان شکێنانەی نێودەوڵەتی بە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، لە لایەن خوێندکارانی بناژۆی ئیسلامی - کە پاشان ناوی خوێندکارانی خەتی ئیمام یان لەخۆیان نا -، لە ١٣ی گەلاڕێزانی ١٣٥٨ دا، دەوڵەتی کاتی و بەتایبەتی مێهدی بازرگان هەوڵی زۆر بەجێیان دا، ئەوکارە دزێوە هەرچی زووە چارەسەر بکرێ. بەڵام خومەینی بێ گوێ دان بە یاسای و پرێنسیپەکانی نێونەتەویی، ئەو کردوە دژی یاسایی و مرۆڤایەتی - کە وەک هێرش بۆ سەر خاکی وڵاتێک حیسێبی بۆ دەکرێ-، بە "شۆڕشی دوویەم" و گەورەتر لە شۆڕشی یەکەم (ڕاپەڕینی گەلانی بەرایی ئێران) پێناسە کرد!؟ کە کارەکەی زۆر دژوارتر کرد.

دەوڵەتی کاتی  وەک نارەزایەتی دوای ٩ مانگ بەڕێوەبەری، دەستی لەکار کێشایەوە.

هەرچەند دژکردەوەکەی بازرگان و کابینەکەی هەڵوێستێکی ئەرێنی بوو؛ بەڵام ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو دەوڵەتە - کە ئەندامی شووڕای شۆڕش بوون -، بۆ ماوەیەک دەوڵەتیان بەڕێوە برد. لەو کابینەیە دا، عەلی خامنەیی - بەرگری و سپا -، هاشمی ڕەفسەنجانی - نێوخۆ -، محەممەد جەواد باهونەر - فێرکردن و بارهێنان-، مەهدەوی کەنی - دادگوستەری -، بەنی سەدر - دەرەوە و ماوەیەکیش دارایی -، موعین فەر - نەوت -، حەبیبی - ئاموزشی بەرز -، عیزەتوڵلا سەحابی - بەرنامە و بوودجە -، میناچی- ئیرشاد - ، شیبانی – کشتوکاڵ -، کەتیرایی - خانوو (مسکن)-، قوتبزادە - ماوەیەک دەرەوە -. ئەو شوێنانەی ئاماژەیان پێکرا لەو وزارەتخانانە بوون کە شووڕای ئینقلاب سەرپەرستی دەکردن. هەروەها حوجەتولئیسلام قوودووسی ش سەرۆکی دادگای شۆڕش ئیسلامی بوو.

دوای ڕاپرسی یاسای بنەڕەتی- ١٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨-، هەڵبژاردنی سەرکۆماری - ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ (١٩٨٠) و دامەزرانی مەجلیسی شووڕای میللی- لە ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ (١٩٨٠)- کە دواتر ئەو مەجلیسە بە پێچەوانەی قانوونی نووسراو ئیسلامی کرا -!؟ شووڕای شۆڕش لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٥٩ دا، دوایین کۆبوونەوەی خۆی گرت. د. حەسەن حەبیبی - وتەبێژی شووڕا - کوتی: بەدامەزرانی مەجلیسی شووڕا و تەکمیلی شووڕای نیگابان، ئەرکی شووڕای ئینقلاب تەواو بوو.

یەکەم سەرۆکی شووڕای ئینقلاب، ئا. مورتەزا موتەهەری، بوو. پاش تێرۆر کردنی ئەو، ئا. تاڵقانی - کە لە ١٩ی خەرمانانی ١٣٥٨دا -، بە شێوەیەکی گوماناوی مرد، سەرۆکی دوویەم و بەنی سەدر سێیەمین و ئاخرین سەرۆکی ئەو شووڕایە بوون. دواین کەسانی شووڕا بریتی بوون لە" بهشتی، علی خامنەای، موسوی اردبیلی، باهنر، رفسنجانی، حبیبی، بازرگان، شیبانی، عزت الله سحابی، قطب زاده، علی اکبر معین فر و ابوالحسن بنی صدر".

- ماڵپەڕی ویکی پیدیا -.

## نێهزەتی ئازادی دوای ڕاپەڕین

لەدوای هاتنەوەی خومەینی- لە نۆفل لوشاتۆوە بۆ تاران -، لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧(١٩٧٩) دا، دوای ١٠ ڕۆژ (٢٢ی ڕێبەندان)، دەسەڵاتی شا نەما و ٥٧ ساڵ سەلتەنەتی پەهلەویەکان بە مێژوو سپێردرا. شووڕای شۆڕش - کە پێشتر لە ٥ ئاخوند (مطهری، بهشتی، رفسنجانی، موسوی اردبیلی ومحمد جواد باهنر) پێکهاتبوو، لە دواتر دا زیاد کرا و کەسانێکی وەک "مهدی بازرگان، آ. طالقانی، یدالله سحابی، احمد صدر حاج سید جوادی، مهندس عزت الله سحابی" - کوڕی دکتور یەدوڵڵا سەحابی - لە ئەندامانی نیهزەتی ئازادی چونە نێو ئەو شووڕایە.

نێهزەتی ئازادی بۆ ماوەیەکی کورت زۆرترین پۆستەکانی بەڕێوەبەری دەوڵەتی کاتی بەدەستەوە بوو. مێهدی بازرگان - سکرتێر و سەرۆک وەزیر.-، د. یەزدی - وەزیری دەرەوە-، م.عەبباس ی ئەمیر ئینتزام - وتە بێژی دەوڵەت و جێگری سەرۆک وەزیر.-* هاشم سەباغیان- وەزیری نێوخۆ-، عەلێی ئەکبەر موعینفەر- وەزارەتی نەوت -، ئەحمەد سەدری حاج سەید جەوادی - وەزیری نێوخۆ -، مستەفا چەمڕان - وەزیری بەرگری، دوای مەدەنی - محەممەد تەوەسولی - شارەداری تاران -.

دەوڵەتی کاتی بەڕەسمی هەتا ١٣ی گەلاڕێزانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) لەسەر کار بوو. پاش هێرشی "دانشجویان

مسلمان پیرو خط امام" و گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، بازرگان بە نارەزایەتی لەوکارە دژی یاساییە، دوای ٩ مانگ دەستی لەکار کێشایەوە و خۆمەینی دەستبەجێ لێی قبووڵ کرد. ئەو حیزبە بۆ یەکەمین و ئاخر جار ئەوەندە ماوەیە کاربەدەست بوە. هەروەها م. بازرگان، یەدوڵڵا سەحابی، حاج سەید جەوادی و موعینفەر نوێنەرانی دەوری یەکەمی مەجلیسی شوورا بوون.

دوای ئەوەی بەنی سەدر بە یەکەمین سەرۆککۆماری مێژووی ئێران هەڵبژێرا - ٥ی ڕێبەدان ١٣٥٨- . ساڵی تێوەرنەسوورا، شەڕی ئێران و عێراق چێ بوو. نیهزەت لایەنگری شەڕی بەرگری بوو. مستەفا چەمران، لەو شەڕە دا، نەخشێکی گرینگی هەبوو. [چەمران ئەندامی ڕێبەری نێهزەتی ئازادی، لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی جیهادی خومەینی بوو.] ئەو لە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٦٠ کوژرا. نیهزەتی ئازدی بەشێوەی نافەرمی درێژەی بە تێکۆشان دا.

* - ناوبراو لە٢٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨ گیراو ئێستا وەک قەدیمیترین زیندانی سیاسیی ٣٠ ساڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەناوبانگە.-

سەرچاوەکان: ڕاپۆرتی بی بی سی فارسی بەبۆنەی ٤٥ مین ساڵی دامەزرانی "نهضت آزادی ایران". سایتەکانی ئینترنێتی گۆگۆل.

## ڕێکخراو سازی نوێی ئیسلامی

فەزای گشتیی و نوێی ئەوکات، پلۆرالیسمی ڕێکخراویی بوو. بۆیە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی، لە زەمانی پەهلەوی دوویەم دا، لە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕێژیم دامەزرابوون و ریشەیان داکوتابوو، پەریان گرت. زۆر حیزب و ڕێکخراوی دیکەش دامەزران. - بەبڕوای من ڕاپەڕین یا شۆڕش خەڵکانی ئێران بەهۆی ئا. خومەینی و دەست و پێوەندە ئیسلامییەکانی بە غەدرکرا بە شۆڕشی ئیسلامی. ئەو غەدر و زوڵمە پتر دوای ڕاپرسییەکی ئیحساسی بە چوارچێوەیەکی تەنگەبەری یەک پرسیاری، دیاردە (پدیدە)ی "کۆماری ئیسلامی نەک یەک وشە زیادو نە یەک وشە کەم" ی، بە سەر گەلانی ئێران دا، داسەپا. بەڵام کاتێک چاو لە ڕابردووی مێژووی سیاسی ئێران دەکەین، بۆچوون و کردەوەکانی ئیسلامی چە سیاسیی و چ غەیرە سیاسی، لەسەر شێوەی بەڕێوەبەری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی ئێران دا، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە.

بۆیە ژمارەیەک لە مەلاکانی شیعە بەو هەلەی بۆیان هەڵکەوت و بوونی کەسێکی وەک ئا. خومەینی کە پشتی گرتن و فێڵی لە نیاز پاکی خەڵکانی وەزاڵەهاتوو لە دەست دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی حەمە ڕەزا شا



سەرچاوە Serchawe

کرد کە دەستیان بە ڕێکخراو سازی خۆیان دەست کرد.

هێندێک لە ڕووحانییەکانی شیعە لە لێکدانەوەکانیان دوای ناڕەزایەتییەکانی جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣) دا،و شکست خواردن خۆیان لەنەبوونی حیزبێکی بەتوانا و کارامەی ئیسلامیی سەرانسەری پێناسە دەکرد. هەروەها هەلومەرجی نوێ و بوونی ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی لەحاڵی گەشەی ئیسلامی غەیری حەوزیی و میللی و چەپ، ژمارەیەک لە رووحانییەکانی هان دا بۆ دروستکردنی دەزگا و دامەزراو و حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان.

## کۆمەڵی ڕووحانییەتی موباریز

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٦ (١٩٧٧) دا، جەمشید ئامووزگار بوو بە سەرۆک وەزیر و جێی هوووەیدا- ی گرتەوە. سیاسەتی نوێی ڕێژیمی پەهلەوی دوویەم هێندێک کراوەیی لە ساڵوەگەڕی مەشرووتە دا، ڕاگەیاند کە ناوی فەزای کراوەی سیاسی لەسەر دانرا. ئەو کراوەییە ١٣ مانگی پتر نەخایاند. ئەو هەناسە سیاسییە کە ویستی جبهەی میللی بوو، هاتی دی و جبهەی میللی چوارەم تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد و بەختیار بوو بە سەرۆکی. شەریف ئیمامی جێی ئاموزگاری گرتەوە و دەوڵەتی ئاشتی میللی پێکهێنا. بەڵام ٢ مانگ دواتر، دەوڵەتی نیزامی ئەزهاری جێی گرتەوە. سەرەنجام سوپەهبود موقەددەم - رەئیسی ساواک ی ئەوکات -، بەختیاری بەعینوانی دوایین ئومێد، بە محەممەد رەزا پەهلەوی پێشنیار کرد. - [کتاب] محمد رضا پهلوی ص ٢٣. - جموجۆڵ گەلێکی نهێنی و نیوە ئاشکرای نوێ لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەستیان پێکرد.

لەوسەروبەندی دابوو، چەند کەس لە رووحانییەکانی قوم و تاران، ڕێکخراوێکیان بەناوی "جامعەء روحانیت مبارز تهران" (کۆمەڵی رووحانییەتی موباریز تاران) یان دامەزراند. ژمارەیەک لە چالاکانی ئەو ڕێکخراوە بریتی بوون لە:" استاد مطهری، آ. سید علی خامنەای د. بهشتی، د. مفتح، د. باهنر، آ. موسوی اردبیلی، آ. مشکینی، آ. امامی کاشانی." - دارابی، علی؛ سیاستمداران اهل فیضیه، تهران، سیاست ١٣٧٩، ص ١٣٧ تا ١٣٩-. - بەشێک لە ناوبران ئەوکات ئایەتوڵڵا نەبوون -.

ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوە ساڵی ١٣٥٧ نووسرا و لە لایەن دامەزرێنەرانی، بە پەسندی ئا. مونتەزیری و ح. هاشمی رەفسەنجانی - کە لە زیندان بوون-، گەیاندرا و بۆ تەئیدکردنی بۆ ئا. خومەینی لە تاراوگە، نێردرا. - رضوی مسعود،هاشمی و انقلاب، تهران، همشهری، ١٣٧٨ ص ١٣٥-.



سەرچاوە
Serchawe

### ئامانج و ڕێبازی ئەو کۆمەڵە بەکورتی بریتی بوون لە:

١- هەوڵدان بۆ مەکتەبی بوونی شۆڕشی ئیسلامی و دەسکەوتەکانی.
٢ - بەهیزکردنی ڕێکخراوە بەراییەکانی ئیسلامی و دامەزراوە شۆڕشگێڕیەکانی.
٣- هاوئاهەنگی و کۆدەنگی نێوان ئیسلامییەکانی غەیرە رووحانی و رووحانییەکان.
٤- چاوەدێری بەسەر ڕووداوەکانی وڵات دا.
٥- گرتنی پێوەندی لەگەڵ ناوەندی هەواڵەکان و شوێنە تەبلیغییەکان.
٦- چالاک کردنی ناوەندە ئیسلامی و تەبلیغاتییەکان.
٧- دانانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی دینی و فەرهەنگی.
- دارابی، علی؛ سیاستمداران اهل فیضییە، تهران، سال ١٣٧٩ ص ٢٥٧.-

### دەوری کۆمەڵی رووحانییەتی موبارێز لە ڕاپەڕین دا

ئەو ڕێکخراوە بەهۆی موتەهەری و بهێشتی، پێوەندیان بە خومەینی - یەوە هەبوو. بەشداری لە ڕێپوان و نارەزایەتییەکان و کۆڕیاد و پرسەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی یان دەکرد. هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوی دیکەی تا رادەیەک هاوبیر دەکرد. بۆ پێکهێنانی کۆمیتەی پێشوازی لە گەڕانەوەی ئا. خومەینی لە پاریس - وە بۆ تاران هەوڵی زۆر دا.

ئەو ڕێکخراوە نەخشی سەرەکی لە پێکهاتنی شووڕای ئینقلاب لە گەرمەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا، هەبوو. - ئەو شووڕایە لە ٢٢ ی بەفرانباری ١٣٥٧ دامەزرا و ٥ کەس بەناوەکانی موتەهەری، باهونەر، بهێشتی، ڕەفسەنجانی و مووسەوی ئەردەبیلی بوون کە زۆربەیان، ئەندامی کۆمەڵی رووحانییەت بوون.-
پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (ئینقلاب)، ئەو ڕێکخراوە ئامانجی نوێی بۆ خۆی دیاری کرد کە گرینگترینیان بریتی بوون لە:

پشتیوانی هەمە لایەنە لە شۆڕشی ئیسلامی.
ئیلتیزام بە ویلایەتی فەقیە و یاسای بنەڕەتی و پەسندکراوەکانی.
پارێزگاریی لە داب و نەریتە شەرعی و ئیسلامییەکان.
پێداگریی لەسەر نەخشی سەرەکیی رووحانییەت لە دەسەڵات و گرێدانی دین و سیاسەت لەیەک، لە نیزامی نوێی ئێران دا.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵی رووحانییەت وێڕای مانەوەی وەک تەشکیلاتێکی سەربەخۆ لە دامەزرانی حیزبی جمهووری ئیسلامی (حجا) دا دەورێکی گرینگی گێڕا. هەروەها لە ڕاپرسی کۆماری ئیسلامی، هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان قانوونی ئەساسی و چەسپاندنی ویلایەتی فەقیە و بەندە ئیسلامییەکانی یاسای بنەڕەتی زۆر چالاک بوو. لە هەڵبژاردنی یەکەمین خولی سەرکۆماری دا، پشتیوانی لە ئەبولحەسەن بەنی سەدر کرد؛ کە زۆرینەی دەنگەکانی هێنایەوە.

ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە سەرەتای دەسبەکاربوونی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا لە شووڕای ئینقلاب، دەزگاکانی یاسایی، ئیجرایی و قەزایی، شووڕای نیگابان، هێزە ئینتیزامی و نیزامییەکان، بەرپرسانی حەوزەکانی عیلمییە، شووڕای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی، شووڕای بەرزی تەناهی (ئەمنییەت) ی میللی، ناوەندە ئاموورشییە بەرزەکان، پێشنوێژکانی ڕۆژانی هەینی، و نوێنەرایەتییەکانی وەلی فەقیە لە پارێزگاکان دەوری کاریگەریان هەبووە و هەیە.

"محمد رضا مهدوی کنی"- سکرتێری ئەو ڕێکخراوە. -، سەرپەرستی کۆمیتەکانی ئینقلاب بوو کە لە ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩)،دامەزران.- نەخشی کۆمەڵی ڕووحانییەت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ" جامعهء مدرسین حوزهء علمیهء قم" ( کۆمەڵی دەرس وێژانی حەوزەی عیلمیەی قوم) و پێوەندی لەگەڵ موئتەلیفەی ئیسلامی دا، وەک باب و ئەولادایەتیی دەچوو.

دەفتەری سەرکی کۆمەڵی رووحانییەتی موبارێزی تاران وەک "موسسه فرهنگی" ناونووس کراوە. بەڵام لە زۆربەی هەرەزۆری دەسەڵاتداریەتی ڕێژیم دا، بەشدار بووە!؟ هەروەها لە ڕۆژنامەی "رسالت" وەک زمانحاڵی کۆمەلی رووحانییەت کەلک وەرگیراوە، بێ ئەوەی بەوشێوەیە بشووبهێندرێ. "هەواڵنامەی کۆمەڵ"، مانگانە لە نێو ئەندامان و لایەنگرانیان دا بڵاودەکرایەوە.

## حیزبی جمهووری ئیسلامی

"محمد حسین بهشتی" یەکێک لە رووحانییە چالاکەکانی ڕێپێوانەکانی تاران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨) دا، و ئەندامی شووڕایٔ شۆڕش(١٩٧٩) و لە نزیکانی ئا. خومەینی، پێی وابوو گرینگترین هۆی شکستی ناوبراو لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) دا، نەبوونی تەشکیلاتێکی سیاسیی تایبەتی ڕووحانییەت بووە. - دیارە ئەو کاتی هەلومەرج جۆرێک بووە کە ئەو تەشکیلاتەی ناوبراو بەو تایبەتمەندییەوە باسی دەکرد، ئیمکانی دامەزران و بەردەوامی یەکجار کەم بوو.- بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٩)، حەوتوویەک دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، حیزبی جمهووری ئیسلامی- دامەزرا.

گرووپی یەکەمی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بریتی بوون لە: "محمد حسین بهشتی، علی اکبر هاشمی رفسنجانی، سید علی خامنەای، محمد جواد باهنر و عبدالکریم موسوی اردبیلی". ناوبراوان هەمووی لە قومێ دەرسیان خوێندبوو و موقلیدەکەیان ئا. خومەینی بوو. بەڵام بهێشتی لە ئیسفەهان، خامنەیی لە مەشهەد، ڕەفسەنجانی لە ڕەفسەنجان، مووسەوی لە ئەردەوێڵ و باهونەر لە کرمانێ را هاتبوون و یەکیان گرتبوو. بە نەقڵ لە وتاری - حزب جمهوری اسلامی، اولین و آخرین حزب روحانیت، م. رضا علوی، از فعالان حقوق بشر ایران و پژوهندەء سیاست و تاریخ، ساکن تکزاس ئامریکا.-

بە پێی قسەی "عبداله جاسبی"، یەکەم جار ئەو حیزبە بڕیار بووە ناوی "حیزبوڵڵا" لێبنرێ. بەڵام دوای شۆڕش، دەستەی دامەزرێنەران ناوی" حزب جمهوری اسلامی"یان لێناوە. بەهێشتی- یەکەمین سکرتێری ئەو حیزبە - دەڵێ: بیرمان لە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی دەکردەوە؛ بۆیە بە ئیبتیکاری ئەو حیزبە "حکومتی اسلامی"مان کردە"جمهوری اسلامی". تەنانەت دروشمی"استقلال، آزادی، حکومت اسلامی"، ئەو حیزبە کردی بە "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی". ئەو ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ بیروڕای "امام خمینی" ش نزیک بوون. جگە لەوەش بەهێشتی دەڵێ: ڕێکخراوەکانی ئێهزەتی ئازادی و موجاهیدینی خەڵقی ئێران، نەیانتوانی بوو ویستی شۆڕشگێڕی ڕووحانییەکان ڕێبەری بکەن و ئیسلام وەک مەکتەبی تەواو عەیار واتا بناژۆیی بناسێنن. هەروەها پێویستیی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی بۆ ئێدارەی کۆماریی تازەدامەزراوی ئیسلامی بوونە هۆی ئەوەی، ئەو تاقمە( گرووپی دامەزرێنەر) هەوڵیان بۆ دروستکردنی حیزبێکی سەربەخۆ دا. - عبداله جاسبی، تشکل فراگیر، تهران، انتشارات دانشگاه آزاد اسلامی ١٣٧٩، ج ١، صفحات ٣٦٦ و ٣٧٩.

هەروەها گوتراوە: ڕەوتی ئیسلامی کە ئاگاداری بۆشایی تەشکیلاتی حیزبی خۆی بوو، بەخێرایی لە ڕێکەوتی ٢٩ - ١١ - ١٣٥٧ دا، حیزبێکیان بەناوی جمهووری ئیسلامی دامەزراند کە شوێندانەرترین حیزب لە مێژووی سەردەمی ئێران بوو. - شادلو، عباس؛ انقلاب اسلامی از پیروزی تا تحکیم، تهران. مؤلف ١٣٨٥، ص ٢٢.-

"حسن آیت، اسداله بادمچیان، عبداله جاسبی، میرحسین موسوی، حبیب اله عسکر اولادی مسلمان، سید محمود کاشانی، مهدی عراقی، علی درخشانی و..." ئەندامانی یەکەمین شووڕای ناوەندی حیزبی جمهوری ئیسلامی بوون.

گرووپێک لە ڕووحانییەکان و ژمارەیەکیش لە دەست و پێوەندییە غەیرە ڕووحانییەکان، بەپشتیوانی ئایەتووڵڵا خومەینی بەپەلە، هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتێکی ئیسلامیان دەدا. لەوکاتی دا، کە فەزای گشتیی و ململانێی لە نێوان، میللی گەراکان، چەپەکان - بەئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە - و ئیسلامی



سەرچاوە Serchawe

سوننەتی و فیقهی شیعە لە ئارا دابوو؛ دەستکرا بە دامەزراوەکانی ئیسلامی. بەوجۆرە هەم ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیان بەرەو ئیسلامی برد و هەم دامەزراوە ئیسلامییەکانیان چ لە شکلی حیزبی و ڕێکخراوە وەک: حیزبی جمهووری ئیسلامی و موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی و چ وەک هێزی نیزامی وەک: کۆمیتەکانی ئینقلابی ئیسلامی و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی، دادگاکانی ئیسلامی و ئینقلابی دامەزراند.

حیزبی جمهووری ئیسلامی کە ئەندامەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵێک لە بازاریە بناژۆیەکان، خوێندکاران و مامۆستایانی لایەنگری خومەینی، موئتەلیفەی ئیسلامی، فیداییانی ئیسلامی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە دەورانی پەهلەوی دووهەم دا، لێک بڵاوکرابوون کە لە نێویان دا، لایەنگرانی موجاهیدین و بیروبۆچوونی دیکەشی تێدا بوون، پێک هات. ئەو حیزبە  بەرانبەر بە ڕێکخراوەکانی وەک حیزبی توودەی ئێران و جبهەی میللی ئێران، چریکە فیداییەکان و دژایەتیی لەگەڵ ئەوان دامەزرا.

ڕەفسەنجانی - کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بوە- لە وتوێژێک دا دەڵێ: " کاتێک کە دەوڵەتی بەختیار لە بەربەری ڕووخان دا بوو و بڕیار درا، دەوڵەتیی ئیسلامی دامەزرێ، مەسەلەی دامەزرانی حیزب، پێویست بوونی خۆی نیشان دا. نەبوونی حیزبێکی تایبەت بە ڕووحانییەت، کارەکەی زۆر دژوار کردبوو. بۆیە ئێمە ناچاربووین، نیهزەتی ئازادی وەک دەوڵەت قبووڵ بکەین. بەگشتیی ئێمە وەک ڕەوتی ئیسلامی و ئیسلام ناس لە بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕش دا، پێمان وابوو، دامەزرانی حیزب پێویستە. بەڵام موشکیلەکەمان ئیمام بوو- کە موخالیف بوو-. ئەویشمان ڕازی کرد و دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش یانی ٦ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ (١٩٧٩) حیزبی جمهووری ئیسلامی - مان ڕاگەیاند. پێشتریش لەو بابەتەوە زۆرمان قسە لەگەڵ دوکتور(د.) سەحابی و د. پەیمان کردبوو و دەستەیەکی ٣٠ی کەسیشمان بۆ شووڕای ناوەندی دەستنیشان کردبوو. بە نەقڵ لە"حزب جمهوری اسلامی؛ از تأسیس تا انحلال. هاشمی رفسنجانی در مصاحبەای با عبدالمجید معادیخواە و ابولفضل شکوری راد، در تیرماه ١٣٧٨ کە در مجلەء "یاد" منتشر شد."

یەکەم سکرتێری ئەو حیزبە "محمد حسین بهشتی" بوو. ڕۆژنامەیەکیش هەر بەناوی "جمهوری ئیسلامی" لە جۆزەردانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، بڵاوکردەوە کە  ئەوکات، عەلیی خامنەیی خاوەن ئیمتیازی بوو. - ئێستاش کە ٢٣ ساڵە ئەو حیزبە مەوجوودتی نەماوە  ئەو ڕۆژنامەیە هەر ماوە وبە مودیرییەتی مەسیح مهاجری بڵاودەبێتەوە.-

حیزبی جمهووری ئیسلامی بەهۆی پشتیوانی ئا. خومەینی، مزگەوتەکانی بۆ ناونووسی و ئەندام وەرگرتن تەرخان کرد. یەکەم شوێن "کانون توحید" بوو. لە ماوەیەکی کەم دا، ژمارەیەکی زۆر بوون بە ئەندامی

ئەو حیزبە. مورتەزا نەبەوی دەڵێ: لە یەک دوو ڕۆژی ناونووسی دا، ٨٠ هەزار کەس بۆونە ئەندامی حیزب لە سەرانسەری ئێران دا. لە وتاری "مقدمات تشکیل حزب" دا، جەواد باهونەر دوای ١٠٠ ڕۆژ تەمەنی حیزبەکەی دەڵێ: تا ئێستا ٢ میلیۆن کەس بوونە ئەندامی حیزب. ئامارێکی دیکە دەڵێ: ئەندامانی ئەو حیزبە ٧ میلیۆن کەس بوون. کە بەرەو زیادبوون دەچوون. " ئەنجومەنی ئیسلامی" یەکان بۆ بەرفراوان کردنی ئەو حیزبە لە سەرانسەری ئێران دا هەوڵیان دەدا. لقەکانی حیزب لە کارگە و کارخانەکان، ناوەندی پەروەردە و ئیدارەکان و شوێنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتدارەکانی ئیسلامی، دامەزرێندران. هەروەها بە پێشنیاری ئا. خومەینی ڕێکخراوەکانی، بەرەی موئتەلیفە، موجاهیدینی ئیقلابی ئیسلامی و رووحانییەتی موبارێز، چوونە نێو حیزبی جمهووری ئیسلامی. - ئەو حیزبە شێوەیەک بوو لە حیزبی ڕەستاخیزی دەورانی پێشوو بە نێوەرۆکی ئیسلامی سیاسییەوە-.

دوای دامەزرانی حجا، د. بەهێشتی کتێبێکی بەناوی "مواضع ما" (ڕوانگەکانی ئێمە) نووسی کە بۆچوونەکانی حیزبی ناوبراوی تێدا باس دەکا. باشتر وایە بڵێین ئەو کتێبە بۆچوونەکانی حجا بوو، لە دەورانی سکرتێری ناوبراو دا. چونکە بەهۆی چەند بۆچوونی لەو حیزب دا کە پاشان دەرکەوت جیاوازی بیروڕایان زۆر بوو.

لەو کتێبە دا چەند خاڵی لەسەر حکوومەت و ئازادی تێدایە کە جێی سەرنجە. بۆ وێنە:

١- ئیحساس، ئەزموون، بیرو هزر، وەحی و زاڵ بوون بەسەر ڕێگاکانی ناسین ئی مرۆڤن و مرۆڤ گیانلەبەرێکی زانایە، هەڵدەبژێرێ، خۆ و دەورووبەری دروست دەکا و لەگەیشتن بە تێگەیشتوویی تەواو لە ڕێنوێنی دەروونی و پێغەمبەران و ئیمامان کەلک وەردەگرێ و ژیانی وی بەتەمای خودا مانا پەیدا دەکا. بە پێی نووسراوەکانی ئەو کتێبە کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەو گۆمەڵگەیەیە کە بەها ئیسلامییەکان، لەهەموو پێوەندییەکان دا حاکم بن و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، "فقیهان" دوو بەرپرسایەتیی گەورەیان لە ئەستۆتە، ئەلف: "تفقە" بۆ دۆزینەوەی وڵامە نوێیەکان. [کە پاشان بەرژەوەندییەکانی نیزام و "حکم حکومتی" لێکەوتەوە] بێ: ویلایەتی فەقیە و حزووری ڕێبەری کردنی ئەو لە ئیجرای یاساکان دا. هەروەها نووسراوە کە: لەو بوارانەی کە داخوازەکانی خەڵک بە پێچەوانەی بەها ئیسلامییەکان بێ، بەرپرسان هیچ کات ناتوانن مل بۆ ئەو داخوازانە رابکێشن.

لەبواری ئازادی بەیان و ئەحزاب دا دەنووسێ: ڕادەی ئازادی یاسا دیاری دەکا. بڵاوکردنەوەی یەک لایەنەی بیروبۆچوونی دژی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی قەدەغەیە و بڵاوبوونەوەی کتێبی "ضالە" و بڵاوکراوەی لاڕێ پێشی دەگیرێ... ئەحزاب و کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی عادڵانە دەتوانن لە ئیمکاناتی

رادیۆ و تلویزیۆن کەڵک وەرگرن. ئەحزاب و کۆروکۆمەڵە دژی ئیسلامییەکانیش کە ئیدئۆلۆژی ئەوان ئیسلام ڕەد دەکاتەوە، ئەگەر لە مەوزعی تێکدان نەبێ و تەنیا تەبلیغات بێ، بە پێی وەزعییەتی بەشی تەبلیغ، دەتوانن ئازاد بن. بەڵام ئەگەر رەفتاری خراپیان هەبێ دەبێ پێشیان پێ بگیرێ.

هەروەها بەهێشتی لە یەکەمین  کۆبونەوەی ئاشکرای حجا دا، دەڵێ: "ئێمە لە دروستکردنی ئەو حیزبەدا، بیر لە دامەزراندنی جمهووری ئیسلامی دەکەینەوە، نە بۆ گەیشتن بە پلە و پایە. بیروفیکری ئێمە کۆماری ئیسلامییە و دروشمی ئێمەش سەربەخۆیی، ئازادی و جمهووری ئیسلامییە. کەوابوو هەموومان دەبێ بۆ بەکردەوەکردنی ئەو دروشمە هەوڵ بدین." - سایت شهدای هفتم تیر-.

لە چوارچێوەی ئەو دروشمە دایە کە، ئوسوول و ڕێبازی حیزبی جمهووری ئیسلامی لە چوار خاڵ دا دیاری کرابوو.

١- پێداگریی بەردەوامی شۆڕش و پێشگرتنی لەهەر چەشنە دواکەتن و راوەستانێک.
٢- ئیلتزام بە هاوپێوەندیی قووڵ لە نێوان هەموو ئەو هێزە ئیسلامییانەی ئامانجیان دامەزرانی ماف و عەداڵەتیی ئیسلامی بوو.
٣- خۆ دوور راگرتن لەهەر چەشنە بەستراوەییەک بە گرووپ و هێزەکانی موخالیفی ئیسلام.
٤- کەڵک وەرگرتن لەهەموو شێوەکانی تێکۆشان و ئاوەدانی کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئیسلامی یەک بگرێتەوە.
"محمد علی زندی، حزب جمهوری اسلامی؛  مواضع ما. تهران ١٣٦٠، صفحات ٨٦ - ٨١."

ئەوان جۆرێکیان حیزبایەتی دەکرد کە لەگەڵ پێوانە و بنەماکانی حیزب، بە مانای مۆدێرن بوون، بە پێی بەرنامەیەکی هەمە لایەنەی کۆمەڵگەی بەرایی ئێران، واتا فرە گەلی، فرە فەرهەنگی - مەزهەبی و یەکسانی ژن و پیاو و ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ نەدەهاتەوە.

ئەو حیزبە هەوڵی دا، خەڵک بە مەکتەبی بوون واتا بناژۆیی لە ژێر چەتری ویلایەتی فەقیە پێناسە بکا و هەرچی لەو جەغزە دا، هەڵسوکەوتی نەکردبا، بەدژبەر لە قەڵەم دەدرا؟! واتا خۆیی و غەیرە خۆیی.

لەبواری ئابووری ڕێزیان بۆ بەشی دەسمایەی تایبەتی(سرمایەی خصوصی)، دانەدەنا و نەتەنیا بۆ گەشەکردنی ئەوبەشە بەرنامەیەکیان نەبوو؛ بەڵکوو پێیان وابوو دەبێ ئیمکاناتی دەوڵەمەندان دەستی بەسەردابگیرێ و هەموو داهات و ئیمکاناتێک لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەکتەبی دابێ.



سەرچاوە Serchawe

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەییش ئە حیزبە لەژێر دروشمی "نە ڕۆژهەلات، نە ڕۆژئاوا" بە قەولی خۆی دەجولایەوە و خوازیاری پێوەندی برایانە لەگەڵ موسڵمانانی جیهان بوو. ئەوان ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەییان، وەک کەرەسەیەک لەدەست زلهێزەکان دەزانی و خوازیاریی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی وەزارەتی دەرەوە بوون. ئەو حیزبە لەقاوادانی پیلانەکانی زلهێزەکان، بەتایبەتی ئەمریکای "دنیا خۆر" یان لەسەرووەیی ئامانجەکانیان دانابوو. هەروەها بۆ ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و یارمەتیی بە ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی ئیسلامی هەوڵیان دەدا. - سەرچاوەی پێشوو -

کاربەدەستانی حیزبی جمهووری ئیسلامی هەوڵیان دا، لە سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی بەهەر شێوەیەکی بۆیان بلوێ کاریگەریان هەبێ. بۆ ئەومەبەستە بۆ بەدەستەوەگرتنی پۆستە سەرەیەکییەکان هەوڵیان دەدا. لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خێبرەگان(خۆبرەگان)

یاسای بنەڕەتی - کە بە جێگای مەجلیسی موئەسیسان دەنرا - ، کە یەکەم هەڵبژادنی دەسەڵاتی نوێ بوو؛ ململانێی حیزبی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ نیهزەتی ئازادی، موجاهدینی خەڵق، چەپ و میللی گەراکانی غەیرە مەزهەبی لە تاران و شارەگەورەکان دەستی پێکرد. هەرچەند لە یەکەم کێشەی ئەو حیزبە لە گەڵ دەوڵەتی کاتی م. بازرگان لەسەر دەسەڵات لە ئارادا بوو. بەڵام چونکە ئا. خومەینی کوتبووی دبێ پشتیوانی لە دەوڵەتی کاتی بکرێ، ئەو حیزبە ناکۆکییەکانی بە شێوەی ئاشکرا باس نەکرد. جەلال ئەدین فارسی لەو پێوەندییە دا دەڵێ: لە کابینەی بازرگان دا، ڕادەی ئەندامانی حیزب زۆر کەمرەنگە و تەنیا لە وەزارەتەکانی نێوخۆ - هاشمی رەفسەنجانی -، دیفاع - سەیە عەلی خامنەیی- و پەروەردەوفێرکردن - محەممەد جەواد باهونەر -، پلەی جێگریان هەبوو. - وتاری "مقدمات تشکیل حزب"-.

----------------------------------------

* بەشی پێنجەم

## ڕێفڕاندۆم (ڕاپرسی)

لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، بۆ سیستێمی دەسەڵاتی نوێ لە ئێران ڕاپرسێک ئەنجام درا. ئا. خومەینی و هاوبیرانی "کۆماری ئیسلامی نە یەک وشە زیاد و نە یەک وشە کەم"یان کردە ڕۆژەڤی ڕێفڕاندۆم. چونکە مەسەلەکە جۆرێک ڕێکخرابوو کە لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پاشایەتی



سەرچاوە Serchawe

دەبوو، یەکیان هەڵبژێردرێ. زۆربەی خەڵکانی ئێران دەنگی ئەرێنی یان دا، بەو ڕاپرسی یە. - ۹ / ۹۸% - بەڵام لە کوردستان خەڵکێکی کەم بەشدارایان تێدا کرد. لەبەر ئەوەی ماملۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی- یەکێک لە ڕێبەر بەرجەستەکانی میللی - ئیسلامی ئەو کات -، حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، کۆمەلەی ڕێگای ڕزگاری زەحمەتکێشان- کە پاشان بوو بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - و زۆربەی خەڵک لە کوردستان دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی - نێوەرۆک ناڕوون - نەدا.

## کۆبوونەوەیەکی گرینگ لە سەقز

لە ۲۷ ی ڕەشەممەی ساڵی ۱۳۵۷ (۱۹۷۹) دا، کۆبوونەوەیەک لە شاری سەقز گیرا. لەو کۆبوونەوەیە دا، ژمارەیەک لە ڕێبەران و نوێنەرانی ئایینی و پێش نوێژەی چەند شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر مافی، نەتەوایەتی، ئیسلامی، نەتەوایەتی، فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی و شێوەی هەڵسوکەوتی هاوبەش لەگەڵ ڕێژیمی نوێ، نووسراوەیەکیان ئیمزا کرد. - ئەوان بە پێی پێوەندی فیکر و هزری لە چوارچێوەی میللی - مەزهەبییەکانی کوردستان جێیان دەگرت. - ئەو بەڕێزانە لە نووسراوەکەیان دا، ئاماژەیان کردبوو:

لەکاری نووسین و تەدوینی یاسای بنەڕەتی دا، دەبێ زانایانی سوننی وشیعە بەشدار بن.

لە تەدوینی یاسای بنەڕەتی (قانوونی ئەساسی) دا، بەڕوونی بگوترێ هەموو میللەتەکانی ئێران لە کۆماری ئیسلامی دا، بۆ وێنە میللەتی کورد دەبێ مافی یەکسانی نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووریان هەبێ و بەهیچ جۆرێک، هیچ میللەتێک ئیمتیاز و زیدەیی بەسەر میللەتەکانی دیکەدا، نەبێ.

دەبێ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئێران جورێک دابڕێژرێ کە هەرجۆرە ئیمتیازاتێک و نێوانە چینایەتییەکان، چ ماددی و چ مەعنەوی هەڵگیرێ و لە کۆمەڵگەی ئێرانێ دا، شتێک بەناوی چەوسانەوە و خۆبەزل زانی و فەرخر فرۆشی نەمێنێ.

بەشداران بریتی بوون لە:

ماملۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، - پێشنوێژی هەینی مەهاباد -، ئەحمەد موفتی زادە - لە سنە -، مەلا ساڵە ڕەحیمی - نەغەدە -، قازی محەممەد خزری - پێش نوێژی هەینی شنۆ -، شێخ جەلال حوسێنی -

بانە -، عەبدولڕەحمان تاهیری - لە سەردەشت - ،مەلامحەممەد ڕەبیعی – کرماشان -، مەلا عەبدوڵلا محەممەدی - پێش نوێژی هەینی سەقز -، سەید عەبدولعەزیز - لە قسری شیرین -، مەلا حوسێن عەلایی - پێشنویژی مزگەوتی حاجی ئەرجومەند -، مەلا ئەبووبەکر شەفیعی - ئیمام جومعەی بۆکان -، زەڕینی - لە قوروە -، جەلال شافعی - لە سەقز -، سەید عوسمان خالیدی - لە مەریوان -، سەید عەلیی زاهید وارەسی - لە ناوچەی شنۆ -، مەلا خدر عەبباسی – لەسەردەشت -، حەکیم خوسرەوی - لە کرماشان -.

## نامەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی

لە بەرەبەری ڕیفراندۆمی دیاری کردنی سیستێمی نوێ لە ٧ی خاکەلێوە دا، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی بەم شێوەیەی خوارێ، بەشداری نەکردنی خۆی لەو ڕاپرسییە ڕاگەیاند.

بیسمیلاهیڕەحمانێ ڕەحیم
خەڵکی ئازادیخواز و موسڵمانی ئێران، گەلی موسڵمانی کورد
کۆمەڵی سوننی مەزهەب
بەسڵاو و حورمەت!

بۆ ئاگاداری بە ئێوە دەگوترێ: وێڕای پەسندی ئامانجەکانی شۆڕشی ڕاستەقینەی میللەتی شەریفی ئێران و بیروڕای ڕاشکاوانە بەنێوەرۆک و ئوسوولی بنەڕەتی ئیسلام، چونکە هێشتا نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ناڕوون و نامەعلوومە و بەتایبەتی لایەنی مافی دیاری کردنی چارەنووس و مەسەلەی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی ئازاد و مافی بێ ئەملاوئەولای گەلانی دیکەی دیاری نەکراوە، هەروەها تا کاتێکی بەفەرمی (ڕەسمی) وڵامی ڕاشکاوانە نەدرێتەوە، تا کاتێکی بە فەرمی وڵامی تەواو لەم بارەیەوە لە لایەن دەوڵەت و شووڕای شۆڕشی ئیسلامی ئێران ڕانەگەیەندرێ، وەک تاک بەشداری لە ڕێفراندۆم دا ناکەم. خەڵکیش بە پێی بەرپرسایەتی نەتەوەیی و مەزهەبی خۆیان ئازاد و موختارن.

وەسەلاموونعەلەیکم و ڕەحمەتوڵلاهی وەبەڕەکاتوو.

شێخ عێزەدین حوسێنی

پێش نوێژی هەینی مەهاباد، ٧ - ١ - ١٣٥٨
ڕۆژنامەی ئایەندەگان و ئیتلاعات، ٨ - ١ - ١٣٥٨

ناڕەزایەتیی مکارم شیرازی

ئا. مەکارمی شیرازی کە لە دواپین مانگەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دوویەم دا، بۆ شاری مەهاباد دوورخراوە و بە قەولی خۆی ٤٠ ڕۆژ لەوێ بوە، نامەیەکی کراوە بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی دەنێرێ و دەنووسێ:

کێشە لەسەر چییە؟

من لەو کۆماری ئیسلامییە بێزارم کە بەقەت سەرەدەرزییەک، کەسێکی قەڵەم بەدەست بەسەر کەسێکی مەهابادی بە گەورەتر بزانێ.

برالە: لەکاتی دوورخراوەییم لە مەهاباد دا، لە نزیکەوە لەگەڵ زانایی و تێگەیشتوویی تۆ ئاشنا بووم،لەبیرم ناچێ لە ماوەی ٤٠ ڕۆژ مانەوەم لەوێ، هەمیشە پێمخۆش بوو چاوم بە جەنابت بکەوێ و تۆش هەروا. بەڵام لەبەر زەخت و گوشاری لە ڕادەبەدەری ساواک نەمانتوانی چاومان بە یەک بکەوێ. خودا شوکر ئەو گوشار و مەترسییانە جێ گۆڕکێیان لەگەڵ ئەو ئازادییە هەمە لایەنە کردوە و لەشەڕی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خراپەکارانە کە هەم زوڵم و ستەمیان لە ئێوە کرد و هەم ئێمە ئاسوودە و ڕاحەت نەبووین. بەڵام ناتوانم ئەوڕاستییە بشارمەوە کە بیروڕای نەرێنی (مەنفی) تۆ سەبارەت بە ڕاپرسی کە نە تەنیا ئەو ئازادییە، بەڵکوو بناخەکانی ئیسلامی خۆشەویستە لە ولاتانەکەمان دا، قایم کرد، سەرم سووڕ ما و زۆری نیگەرانی کردم. هۆیەکانی دلەڕاوکییەکانت پێ دەڵێم، بەڵکوو ڕێگایەک بۆ لای برایەتی پتر بکاتەوە.

١- ئێمە دەزانیین کە ساڵانێکی زۆر چ بەسەر برایانی کوردی ئێمە هات و زوڵم و ستەمە زۆرەیان لێکرا. ئەوان کە خەڵکێکی خۆشەویست و ئازاد و میوانگرن و من بەچاوی خۆم ئەو خوو و خەدانەم لێ دیتن. لەوانەیە زوڵم و چەوسانەوە لەوان، لە تاک تاکی خەڵکی دیکە زیاتر بێ. بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوە و هەوڵدانی، باشتر نەبوو بە شوکرانەی ئەو ئازادییە مەعجیزە ئاسایە، لەشەڕی ئەو زاڵمە بەهێزانە کە پشتیوانی زۆر بەهێزیشیان لە خاریجەوە هەبوو، دەستی برایەتیمان دابا بەیەک و لەژێر ئاڵای کۆماری ئیسلامی کۆ بووبایەنەوە، هەتا دوژمن نەتوانێ لە جیاوازی نێوانمان قازانج بکا و ئێمە بەرەو براکوژی بەرێ؟

ئایا باشتر نەبوو کە لەو ئیقیانووسە گەورەی کە زۆربەی میللەتن، تێکەڵ بین و مافی لەدەس چوومان لە

یەکییەتی دا، ببینیبەوە نە لە جیا بوونەوە دا. لەبەر ئەوەی قەرەبوو کردنەوەی زوڵمەکان لە یەکبوون دا، ئاسانترە.

٢- یەقین بزانن بەهەمان شێوە کە - ڕێبەری ئینقلاب -، چەند جار پێ داگری کردوە لەسەر کۆماری ئیسلامی، ئێوە لە مەهاباد هەمان مافتان دەبێ کە من لە قوم دەمبێ. هەروەها ئێوە و برایانی ئێمە نیشتەجێ لە بەلووچستان و تورکمەن سەحرا هەموو لەو مافە دا، یەکسانن و من بەئاشکرا ڕادەگەیەنم، بێزارم لەو کۆماری ئیسلامییەی بیهەوێ سەرەدەرزییەک من لە تۆ بە زیاتر بزانێ و برایانی شیعەی ئێمە بەرانبەر بە برایانی سوننی ئێمە لە مافی تاکەکەسی و گشتیی و ئازادییەکانی وڵات و لەو بابەتانە زێدەخوازییەک قایل بێ. بەوحاڵەش من ئوسولەن هیچ هۆیەک یا دەلیلێک نابینم کە ئێمە و ئێوە لەبەرانبەر یەک ڕابوەستین من بە جمهووری ئیسلامی بڵێم بەڵێ، ئێوە بڵێن نا. یا ڕێفراندۆم تەحریم بکەن. لەحاڵێک دا،نزیکەی زۆربەی برایانی ئەهلی سوننەت ئەوەیان قبووڵ کردوە.

٣- ئێوە باسی مافی برایانی کورد دەکەن، مەگەر مافی ئەوان لەگەڵ برایانی فارس و تورک و عەرب و تورکمەن و بلووچ جیاوازی هەیە؟ مەگەر خوازیاری ئیمتیاز (زێدەخوازی) بەسەر ئێمە دان؟ پێتان وایە ئێمە خوازیاری ئیمتیازی پتر بەسەر ئێوە داین. نە بەڕاستی. کەوابوو شەڕ لەسەر چییە؟ من هۆیەک بۆ ناکۆکیی و کێشە نابینم. تۆ فەرمووبووت: نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی ناڕوونە. ئەگەر ئەو قسەیە شاپووری بەختیار گوتبای - کە کوتی -، جێی سەرسووڕمان نەبوو. چونکە ئەو ئاگاداری لە ئیسلام نەبوو. بەڵام ئێوە کە دەزانن و زانای ئیسلامین، چۆن ئیمکانی هەیە بۆتان ناروون بێ. مەگەر کۆماری ئیسلامی شتێک جگە لەدەسەڵاتی خەڵک بەسەر خەڵک دایە کە لەسەر بنچینە و فێربوونەکانی ئیسلام بێ؟ ئێمە باوەڕمان وایە، ئێوە جیاوازی خواز نیین. بەڵام ئەوەش دەزانیین کە دوژمنی هاوبەشی ئێمە و ئێوە بە دنەدانی ئیحساساتی نیژادی دیهەوێ بەکردەوە وڵات لەت لەت کا و یا وەزعی پێشوو بگێڕێتەوە کە هەردووکیان بە زەرەری ئێمەیە. ئەگەر خودای نەخواستە ڕۆژێکی کوردستان لە ئێران جیا بێتەوە، سەرەتای موشکیلاتی تاقەت پڕوکێن بۆ برایانی کورد و تەنانەت لەنێوچوون (نابودی) ئەو بەشە خۆشەویستە دەبێ. دوژمن دەمامکی فێڵاوی لە دەموچاوی دەدا. بەڵام ئێوە تێگەیشتووتر لەوەن کە ڕووی دزێوی دوژمن لەپشت ئەو دەمامکانە نەبینن. ئایا باشتر نییە کوردستان لە پەنا ئێرانێکی یەکگرتوو و بەهێز بێ هەتا یەکەیەکی لاواز و جیاواز لەوی، یا یەکەیەکی نیوەلکاو و لەحاڵی شەڕ و وێرانی دا؟

٤- ئوسوولەن ئێوە دەزانن کە لە ئیسلام دا، مەسەلەی نیژادی جێی باس نییە و گوتاری پێغەمبەرەکان لە ڕەدکردنەوەی نیژادپەرستی دا، هەموومان لەبیرمانە. ڕێوڕەسمی حەج و کۆبوونەوەی بە میلیونان موسوڵمان لە هەموو نیژادەکان لەو ڕێوڕەسمە گەورەیە لە ڕیزەکانی نوێژی جەماعەت دا، دەرسێکی گەورەن بۆ

هەموومان. لە دنیای ئەمڕۆ، ئێمە ئیسرائیل لەبەر مەسەلەی نیژاد پەرەستییەکەی مەحکووم دەکەین. لەگەڵ ئافریقای باشووری لەبەر سیاسەتی نیژادییەکەی پێوەندییەکانمان پساندوە. بیرناکەمەوە ئێوە بەو زانیارییە ئیسلامییەی کە هەتانە، هیچکات بتانهەوێ مەسەلەی نیژادی زیندوو کەنەوە.

بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەموومان موسوڵمانین و لە ژێر ئاڵای ئیسلام دا، بەحوکمی ئێرانی بوونیش، ئەندامانی لەشێکین. ئەگەر مەسەلەی پاراستنی زمان و جل وبەرگ و بڕیاردان بۆ مافی چارەنووسی خۆت و ئیداری ناوچەی خۆت جێی باس بێ، ئەوانە بابەتێک نیین کە کەس دژی بێ و بە وتووێژ حەل نەبێ.

بەوحاڵەش چاوەڕوانیم هەیە کە جارێکی دیکە دەست بدین بەدەستی یەک و لەژێر چەتری ئیسلام کۆبینەوەو هەموومان بڵێن "بەڵێ" و مستێکی توند لە دمی بیرناحەزان و تەفرەقەخوازان بدین. بەوشێوەیە کە گرووپێکی مەزن لە عولەمای مەزهەبی لە فەزایەکی پڕ لە متمانە و تەفاهوم حەل کردن دا، نەخشەکانی دووبەرەکی نانەوەیان پووچەڵ کردەوە.

برات: مکارم شیرازی

- ڕۆژنامەی ئیتلاعات، سێ شەممۆ ١٨ - ١ - ١٣٥٨، ٧ی ئاوریلی ١٩٧٩-.

## پێش نووسی یاسای بنەڕەتی

پێش نووسی یاسای بنەڕەتی ئەوکاتی کە ئا. خومەینی لە پاریس بوو، د. حەسەن حەبیبی ڕاسپاردبوو بنووسرێ. ناوبراویش بەیارمەتی"ناصر کاتوزیان، عبدالکریم لاهیجی، جعفر لنگرودی، بنی صدر و ناصر میناچی" گەڵاڵەیەکیان ئامادە کردبوو. ئەوکات دەسەڵاتی پەهلەوی دووهەم بەردەوام بوو.- پاشان لە بەهاری ١٣٥٨ (١٩٧٩) ئەو گەڵاڵەیە لە شووڕای ئینقلاب بە سەرۆکایەتی د. یادوڵڵا سەحابی و بەشداری و هاوکاری "حسن حبیبی، ناصر کاتوزیان، عبدالکریم لاهیجی، احمد صدر حاج سید جوادی، ناصر میناچی، رضا زوارەای و سید محمد خامنەای" لەو شووڕایەدا، ئیسلاح و تەکمیل کرا. دواتر ئەو گەڵاڵە جارێکی دیکە لە شووڕای شۆڕش باسی کرایەوە و هێندێک ئاڵوگۆڕی دیکەی تێدا پێک هات و لەوێ پەسند کرا. گەڵاڵە پەسند کراوەکە بۆ قوم نێردرا هەتا بیروڕای "مراجع تقلید" ی لەگەڵ بێ. ئەوانیش نەزەری خۆیان دا، بە ئا. خومەینی.

ژمارەیەک لە ئەندامانی شووڕای ئینقلاب وەک: ئا. تاڵقانی، بهێشتی، ڕەفسەنجانی، مەهدەوی کەنی،

محەممەد جەواد باهونەر و عەلی خامنەیی، م. عیزەتوڵلا سەحابی و مستەفا کەتیرایی پێداگر بوون لەسەر ئەوەی ئەو گەڵاڵەیە بدرێتە بەر ڕاپرسی (ڕێفڕاندۆم) ی خەڵک. بەڵام ژمارەیەکی دیکەش وەک: م. بازرگان، د. سەحابی، بنی سەدر، م. هاشم سەباغیان، د. ئیبراهیم یەزدی، حاجی سەید جەوادی، بە پێی وەعدەکانی ئا. خومەینی لەسەر پێکهاتنی مەجلیسی دامەزرێنەران (موءسسان)، سوور بوون. لەبەر ئەوەی تەدوینی یاسای بنەڕەتی ڕەوتی دێموکڕاتیکی خۆی بپێوێ ولە مەجیلسێک دا، کە لە نوێنەرانی میللەت پێکهاتبێ، گەڵاڵەکە تاوتوێ بکرێ و پاشان بە ڕاپرسی خەڵک دابندرێ.

پێش نووسی یاسای بنەڕەتی کە لە ١٥١ ئەسڵ و ١٢ فەسڵ پێکهاتبوو، لە ٢٤ ی جۆزەردانی ١٣٥٨ لە ڕۆژنامەکان دا بڵاوبۆوە. - بەنەقڵ لە ماڵپەری تایبەتی ئەکبەر ئەعلمی - نوێنەری مەجلیسی شوورا لە خولەکانی شەشەم و حەوتەم لە تەورێز- لەو بەرنووسە دا وێڕای ئەوەی باسێک لە مەسەلەی ویلایەتی فەقیە نییە، بەڵکوو بە پێی ئەسلی سێیەم و پازدەیەم، دەنگی گشتی (آرای عومی) ژێر بینای حکوومەتە و دەسەڵاتی نەتەوەیی ئی هەموو خەڵکە. ئیسلامییەتی نیزام، بەهۆی شووڕای نیگابان دەبێ و دیارەدەیەک بە ناوی "ولایت فقیه" نەبوو. - محسن کدیور، جکومت ولایی، تهران نشر نی، چاپ سوم ١٣٧٨ ص ١٨٢- هەروەها لە ئەسڵی ٥ دا نووسرابوو: لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا هەموو قەومەکان [نەتەوەکان]، وەک: فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمەن و هاوشێوەکانیان، مافی بەرانبەر و وەک یەکیان هەیە. کەس ئیمتیازی بەسەر کەسەوە نییە، مەگەر لەڕێگای"تقوا" وە. - بەنقل لە "وب سایت عباس امیر انتظام".

لەو بۆچوونە جیاوازانەی ئامادەپێکراوی شووڕای ئینقلاب دا، ساغ بوونەوە بە پێشنیاری ئا. تاڵقانی مەجلیسی خیبرەگان (خوبرەگان) ی یاسای بنەڕیتی بەشێوەی پارێزگایی (ئۆستانی)، هەڵبژێردرێن.

لە ١٢ی پووشپەڕی ١٣٥٨(١٩٧٩) دا، کە ئاکامی هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتی، ڕاگەیاندرا. ئا. تاڵقانی، ئا. مونتەزیری، ئا. مووسەوی ئەردەبیلی، ئەبولحەسەن بەنی سەدر، عەبباس شەیبانی، مەنیژە گورجی، د. عەلی گوڵزادە غەفووری، ئا. بهێشتی، م. عیزتوڵلا سەحابی و عەلی محەممەد عەرب لە بەربژارەکانی ئەو حیزبە لە تاران، دەنگیان هێنابۆوە. - عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی کە لە لیستی کۆمەڵی رووحانییەتی موبارزی قوم و فیدائیانی ئیسلامی دابوو، خۆی بەربژار نەکرد!؟ - ئەحزابی چەپ ٦% لەو مەجلیسە دا حوزووریان هەبوو. - ڕۆژنامەی کیهان ١٣٥٨ - ٥ - ١٨- پێویستە بگوترێ کە نەمر د. قاسملوو لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا - کە ئیستا بە پارێزگای ورمێ ناوی دەبرێ -، وەک یەکەمین نوێنەر هەڵبژێردراو لە گەڵ حەسەن "نزیە" نوێنەری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات- کە نوێنەرانی بیری لائیک بوون - بەداخەوە ئیزن نەدرا بچنە نێو ئەو مەجلیسە.

هەروەهاحیزبی جمهووری ئیسلامی لەگەڵ حیزبە هاوتەریب و پشتیوانەکانی لەو مەجلیسەدا، زۆرینەی کورسییەکانیان هەبوو. خاڵی گرینگ لەگۆڕانی چارەنووسی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و زاڵ کردنی ویلایەتی فەقیە، ئەوە بوو کە ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی مەتنی بەرنووسی یاسای بنەڕەتی لە ڕۆژنامەی کەیهان دا، ئا. خومەینی لەتوێژەکانی، رووحانی، رووناکبیر و بیرمندانی ئیسلامی ویست؛ بەرنووسەکە تاوتوێ بکەن و لە ماوەی یەک مانگ مۆڵەتی پێدراو دا، هەرچی بۆ ئیسلام قازانجە و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دێتەوە، بەگرینگی بزانن و لە ڕۆژنامەکان دا، بڵاوی بکەنەوە.

دوای ئەو باسە بوو کە ڕەوتی ویلایەتی فەقیە، بەهۆی ئا. گوڵپایەگانی و ئا. نەجەفی مەرعەشی و کەسانی غەیرە مەلاش هاتە گۆڕی وکرا بە مەسەلەیەکی گرینگ، دوای ئەوەی ئا. مونتەزیری لە نوێژی هەینی تاران باسی کرد و حجاش هەم لە شانۆی نوێژی هەینی و هەم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا، بە دروشم و بڕیارانامە، بەستێنی بۆ دروست کرد و لە دانیشتنەکانی مەجلیسی خیبرگانیش دا، کاری بۆ کرد و بە پەسندی گەیاند.

دوای پەسندی فاجیعەی ویلایەتی فەقیە و بێ نێوەروک کرانی زۆربەی بەندەکانی یاسای بنەڕەتی، خومەینی لە وڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی لۆمۆند دا، کە کۆماری ئیسلامی چۆن نیزامێکە کوتی: جمهووری فۆڕم و شکڵی حکوومەتە وئیسلام و قانوونە ئیلاهییەکان، نێوەرۆکی ئەو فۆرمەن. - صحیفەی نور ج ٤، ص ١٦٩.-

## ویلاتی فەقیە

دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا، بە پێی یاسای بنەڕتی نوێ - کە بەهۆی ٧٢ نوێنەری مەجلیسی خیبرەگانی قانوونی ئەساسی، کە ٤٢ کەسیان - بە قەولی کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی موجتەهید بوون، و زۆرینەیان لە حیزبی جمهووری ئیسلامی بوون و لە ١٢ ی سەرماوەزی ١٣٥٨، پەسند کرا، یەکەم کاربەدەست، ڕێبەری مەزهەبی بوو، بە دەسەڵاتێکی رەها. ئەو پۆستە ناوی ویلایەتی فەقیە بوو و یەکەم وەلی فەقیە، ئا. خومەینی بوو.

ئەسڵی ٥ ی یاسای بنەڕەتی لە یەکەم:" لە زەمانی حەزرەتی وەلی عەسر "عجەاللە تعالی فرجە"، لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا، ویلایەتی ئەمر و ئیمامی ئۆمەت، لەسەر شانی فەقیهێکی عادڵ و با تەقوایە. زانیاری لەسر وەزعی دنیا هەبێ، نەترس بێ، مودیر و بەڕێوەر بێ. زۆرینەی خەڵک ئەویان وەک ڕێبەر ناسیبێ و قبووڵیان بێ. لە کاتێکی دا، هیچ فەقیهێک ئەو زۆرینەیەی نەبێ، ڕێبەر یا شووڕای ڕێبەری،

پێکهاتوو لە فەقیهەکانی بە پێی مەرجەکانی سەروو و ئەسڵی ١٠٧ لە ئەستۆ دگرن."

ئەسڵی ٥ ی یاسای بنەڕەتی دوویەم :"لە زەمانی نەبوونی مێهدی، لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا، ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی ئۆمەت لە ئەستۆی فەقیهێکی دادپەروەر و بە تەقوایە. ئەو دەبێ شارەزایی لە وەزعی جیهان هەبێ، نەترس بێ، مودیر و بەڕێوەبەری باش بێ. بە پە پێی ئەسڵی ١٠٧ بەرپرسیار دەبێ.

ئەسڵی ١٠٧ ی قانوونی ئەساسی یەکەم - ساڵی ١٣٥٨ - :" هەرکاتێک یەکێک لە فەقیهەکانی کە مەرجەکانی باسکراو لە ئەسلی ٥ ی ئەو یاسایە، کە لەلایەن زۆربەی زۆری خەڵک، بە مەرجەعیت ناسر و قبووڵ کرا، هەر وەک ئەوەی سەبارەت بە مەرجەعی تەقلید و ڕێبەری شۆڕش، ئایەتوڵلا (ئیمام) خومەینی کراوە. ئەو ڕێبەرە ویلایەتی ئەمرە و هەموو بەرپرسایەتییەکان، کە پیوەندی بەوی هەیە، لە عۆدەی دەبێ. ئەگەر وانەبوو، خیبرەگانی هەڵبژاردەی خەڵک سەبارەت بەو کەسانەی لە سەڵاحییەت و مەرجەعییەت و ڕێبەریان هەیە، تاوتوێ و ڕاوێژیان لەسەر دەکا. هەر مەرجەعیک پێوانەکانی ڕێبەری تێدابێ، بە خەڵکی دەناسێنن. ئەگەر نەبوو، ٣ تا ٥ کەس کە مەرجەکانی ڕێبەریان تێدا بێ، وەک ئەندامی شووڕای ڕێبەری دادەنرێن و بە خەڵک دەناسێندرێن."

ئەسڵی ١٠٧ی یاسای بنەڕەتی دوویەم- ساڵی ١٣٦٨- :" دوای ئەوەی مەرجەعی زۆر بەڕێز و پەیرەی لێکراو و ڕێبەری مەزنی ئینقیلابی ئیسلامی و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، حەزرەتی ئایەتوڵلا وعوزما ئیمام خومەینی "قدس سره شریف"، کە لە لایەن زۆربەی هەرەزۆری، خەڵک بە مەرجرعییەت و ڕێبەری ناسرا و قبوول کرا، دانانی ڕێبەری لە ئەستۆی مەجلیسی خیبرەگانی خەڵکە. خیبرەگانی ڕێبەری لەبارەی هەموو فەقیهەکانی مەرج هەبووی باسکراو، بە پیی ئەسلەکانی ٥ و ١٠٩، تاوتوێ و راوێژیان لەسەر دەکا هەرکات یەکێک لەوانەی سەبارەت بە حوکمەکان و مەوزووعاتی فقهیی و مەسەلە گەلی سیاسی و کۆمەلایەتی و جێی پەسندی زۆربەی خەڵک و پەلەبەرزی تایبەتی بە پێی ئەسڵی ١٠٩، زانی، وەک ڕێبەر دیناسێنێ. ڕێبەری هەڵبژێراوی خیبرەگان، ویلایەتی ئەمر و هەموو بەرپرسایەتییەکانی لە ئەستۆیە. ڕێبەر لەبەرانبەر یاسا دا، وەک خەڵکی ئاسایی وڵاتە."

ئەسڵی ١٠٩ ی یاسای یەکەم:"مەرج و پەسنەکانی ڕێبەری.

١- سەلاحیەتیی عیلمی پێویست بۆ "افتا" {فتوا}، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی فیقه. (ابواب مخلیف فقه).
٢- دادپەروەری و تەقوای پێویست بۆ ڕێبەری ئۆمەتی ئیسلامی.

٣- تێگەیشتوویی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەتەدبیر، نەترس، مودیرییەتی بەتوانا بۆ ڕێبەری.
کاتێک کەسێک لە ژمارەیەک لە مەرج هەبووانی باسکراو، تێگەیشتوویی پتری هەبوو، لە پێشەوەترە.

ئەسڵی ١٠٩ ی یاسای دوویەم:" مەرج و پەسن(صفت)کانی ڕێبەر یا شووڕای ڕێبەری.
١- سەلاحییەتی علیمی و تەقوایی پێویست بۆ "افتا" و مەرجەعییەت.
٢- زابیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، نەترس و بەتوانا، مودیرییەتی پێویست بۆ ڕێبەری."

## دەسەڵاتی ڕێبەر

**دەسەڵاتی ڕێبەری ئیسلامی لە ئێران دا، بە پێی ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی بەو جۆرەیە:"**

١- دانانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوای ڕاوێژ لەگەڵ" کۆمەڵی بەرژەوەی نیزام."
٢- چاوەدێری هەرچی باشتر ئیجراکردنی سیاسەتەکانی گشتی نیزام.
٣- فەرمانی ڕاپرسی گشتی (همه پرسی).
٤- فەرماندەی گشتی هێزە نیزامییەکان.
٥- دستووری شەڕ و ئاشتی و ئامادەکردنی هێزەکان.
٦- دانان، لابردن و قبووڵی ئیستیعفای:

**ئەلف: فەقییەکانی شووڕای نیگابان.**

بێ: بەرزترین پلەی دەزگای قەزایی.
ج: سەرۆکی ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران.
د. سەرۆکی گشتی ستادی هاوبەش.
ە: فەرماندەری گشتیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران.
و: فەرماندەری بەرزی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکان.
٧- تەنزیمی ئیوەندییەکان و حەل کردنی کێشەکانی سێ دەزگای دەسەڵاتداری.
٨- حەل کردنی کێشەکانی نیزام، کە لە ڕێگای ئاسایی و "کۆمەڵی بەرژەوەندییەکانی نیزام"، حەل نەکرێن.
٩- ئیمزای حوکمی سەرکۆماری دوای هەڵبژاردنی خەڵک.
١٠- لابردنی سەرکۆمار بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی وڵات و...

١١- بەخشین یا کەمکردنەوەی مجازاتی تاوانبارەکان، لەچوارچێوەی ئوسوولی ئیسلامی دا، دوای پێشنیاری سەرۆکی دەزگای قەزایی.

---

* بەشی شەشەم

## هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆماری لە مێژووی ئێران دا

یەکەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی - کە لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ (١٩٨٠)، بە پێی یاسای بنەڕەتی تەنیا پیاوانی شیعەی ئەسنا عەشەری دەتوانن، بەربژاری هەڵبژردن بن.- ئەسڵی ١١٥- بۆیە هەم ژنان و هەم ناشیعەکان و نا مەزهەبییەکان ناتوانن، کاندیدای ئەو پۆستە بن. کەوابوو ململانێی سەرەکی نێوان تەیفی موجاهیدینی خەلق و حیزبی جمهووری ئیسلامی دابوو. بە موجاهیدینی خەڵق - کە کاندیداکەیان مەسعوود ڕەجەوی بوو -، بە بیانووی دەنگ نەدانی ئەرێنی بە یاسای بنەڕەتی، لەلایەن خومەینییەوە، ئیزنی بەشداری نەدرا.

لەنێو حیزبی جمهووری ئیسلامیش ناکۆکیی لەسەر پشتیوانی لە بەربژارەکان پەیدا بوو. چونکە کۆمەڵی رووحانییەتی موبارێز - کە زۆربەی ئاخوندە قسەڕۆیشتووکانی نزیک لە دەسەڵات بوون و لە نێو ئەو حیزبەش دا دەسەڵاتیان هەبوو -، پشتیوانیان لە بەنی سەدر کرد. ژمارەیەکیش سەرەتا پشتیوانیان لە "جلالالدین فارسی" کرد. بەڵام چونکە ناوبراو بە ڕەچەڵەک ئێرانی نەبوو و دایکی ئەفغانی و ناوی ئەسڵییەکەی "حکمت الله باران چشمه" بوو، لەژێر فشار دا، پاشگەز کرایەوە. پاشان ئەو ژمارەیە پشتیوانیان لە بەربژاری "حسن حبیبی" کرد. کە سەرکەوتوو نەبوون.

ڕەفسەنجانی ئەو مەسەلەیەش ئاوا لێکدەداتەوە کە: لەکاتی هەڵبژاردنی یەکەمین سەرۆککۆماریی دا، ئەگەر دەستمان نەبەسترابا، ئیزنمان نەدەدا، مەسەلەی بنی سەدر و فیتنەکانی روو بدا و بەربژاری سەرەکیمان ئا. بهێشتی بوو. بەڵام کاتێک بڕیار بوو سەرۆک کۆمار رووحانی نەبێ، زەحمەت بوو. - ئا. خومەینی لەدەوری یەکەم و دوویەمی هەڵبژاردن دا، ئیزنی بەبەربژاریی رووحانییەکان نەدا - لە هەڵبژاردنی ئەو دەورەییەی سەرکۆماریی دا، غەدر لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و هاوپشتیوانەکانی کرا کە بەربژارییەکەی مەسعوود رەجەوی بە هۆی ئا. خومەینی رەدکرایەوە، بە بیانوو دەنگ نەدان بە

یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بوو، کە لە شوێنی خۆی باسی دەکرێ.

کاندیداکانی دیکە لە بەرانبەر بنی سەدر دا، بریتی بوون لە:

سادق قوتبزادە،
سەید ئەحمەد مەدەنی،
د. کازم سامی،
سادق تەباتەبایی،
داریوش فروهەر.
حەسەن حەبیبی و
محەممەد موکری - کە کورد بوو. -

### قەیران دروستکردنێکی نوێ

بۆ پەسندی یاسای بنەڕەتی بەتایبەتی بەشی ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتەکانی، موخالیفانی وەک ئا. تاڵقانی - کە لە مانگی خەرمانان پێش پەسندی یاسای بنەڕەتی بەشێوەیەکی گوماناوی (قەتڵی شاراوە)، لەنێویان برد. بەداگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، لە لایەن "خوێندکارانی موسڵمانی لایەنگری ئا. خومەینی کە پاشان بوون بە "دەفتەری تەحکیم ی وەحدت"، قەیرانێکی بێ وێنەیان لە ڕادەی نێونەتەویی دا، سازکرد کە بوو بە هۆی لاوازبوونی نێهزەتی ئازادی و دەست لەکارکێشانەوەی بەناچاری دەوڵەتی کاتی، لە بەرانبەر ئەو کردەوە دزێوە دا!؟ کاتیک کە خومەینی ئامادە نەبوو، داواکانی دەوڵەتی کاتی م. بازرگان قبووڵ بکا و پاشەکشە بە داگیرکەرانی باڵوێزخانە بکا، بازرگان و کابینەکەی وەک نارەزایەتی دەستیان لە کار کێشایەوە. بەڵام بە پێداگری خومەینی ماوەیەک لەدەسەلات دا مانەوە. دەسەڵاتی بەهێزی شاراوە دوای ئەوکاتی، کە لە دەست ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕووحانی شووڕای ئیقلاب دا بوو دەسەڵاتداری سەرەکیی دوای ئەو قەیرانە بوون.

### یەکەمین خولی پارڵمانی و حیزبی جمهووری ئیسلامی

لە هەلومەرجێکی جیاواز و تا ڕادەیەک هێمنانەتری نێوخۆیی ئێران لە هەڵبژاردنی پێشوو، ڕەوتی یەکەمین دەوری هەڵبژادنی پارڵمانی (مەجلیسی شووڕای میللی)، لە ڕەشەممەی ١٣٥٨، بەڕێوەچوو. جیهادی ئا. خومەینی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگ شەڕێکی خوێناوی و داگیرکەرانەدا، شکستی خوارد یا

ڕاگیرا. یەکەمین سەرکۆماریی هەڵبژێردرابوو. ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هەموو ڕوانگەکانەوە و تەنانەت لەکوردستانیش حدکا - حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، لە کۆنگرەی چواری خۆی لە مەهاباد لە ڕێبەندانی ١٣٥٨، کە ٣٣ ساڵ دوای دامەزانی بەڕێوەچوو، بەهۆی هەلومەرجی نوێ، ناوی خۆی کردە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)- و کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- یش، ئیمکانی بەشداریان هەبوو.

بە پێوانەی دەسەڵاتدارانی نوێ، پێکهاتەی مەجلیس بەشێوەیەکی دوور لە ڕاستی هەڵبژاردنەکان ساز درا. - ئەگەر ئاکامی ڕاستەقینەی هەڵبژاردنەکە ئیزنی پێدرابا و مافی جیابیران و گەلانی بەرایی، ڕێزی لێگرابا و نوێنەرانی هەڵبژێراوی کورد و سەرجەم گەلانی تر چووبانە مەجلیس، پێکهاتەی مەجلیس جۆرێکی دیکە دەبوو. زۆربەی کێشەکانیش چارەسەر دەکران. بەڵام بە پێوانەی دەسەڵاتدارانی حیزبی کۆماری ئیسلامی پێکهاتەی مەجلیسی یەکەم بەم شێوەیە دەرهات:

١- حیزبی جمهووری ئیسلامی وەک قوتبی مەزهەبی بە پشتیوانی ڕێبەری مەزهەبی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوە هاوتەرییەکانی، زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسی شووڕایان وەدەست خست.
٢ - نیهزەتی ئازادی ١٨ کورسی هەبوو .
٣- قوتبی بنی سەدر بەناوی "دەفتەری هاوکاری خەڵک و سەرکۆماری " و فراکسیۆنی هاوتەریب و لیبراڵەکان، گرووپێکی دیکە بوون.
٤- نوێنەرانی سەربەخۆ، چەپ و حدکا، کە بەهۆی بێ باوەڕیی بە نیزام ئیعتبارەکەیان هەڵوەشاوە. بەنقڵ لە "لیلی صدر، مجلس اول زیر سایەی چهار جناح سیاسی، سایت پنجره."

سەرچاوەیەکی دیکە پێکهاتەی مەجلیسی یەکەم بەم شێوەیە دەنووسێ:

١- فراکسیۆنی ئیئتلافی گەورە (قوتبی مەزهەبی) ٨٥ نوێنەر.
٢- فراکسیۆنی نیهزەتی ئازادی و هاوتەریب ٢٠ نوێنەر.
٣- دەفتەری هەماهەنگی بنی سەدر و هاوبیرانی ٣٣ نوێنەر.
٤- سەربەخۆکان ١١٥ نوێنەر.
بەنەقڵ لە "اکبر خۆش زاد"- روزنامەء اطلاعات سوم خرداد ١٣٥٩-.

ڕەفسەنجانی لەوبارەیەوە دەڵێ: دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی خۆمان کۆکردەوە و هەڵبژاردنی مەجلیس-مان بردەوە. بیربکەنەوە ئەگەر، بنی سەدر مەجلیسیشی بردباوە، بەو کۆنگرانەی دروستی کردبوو، دەبوو

فاتیحای شۆڕش خوێندرابا. حیزب - مەبەست حجا یە - توانی مەجلیسی لە ئیختیار دابێ و لەڕاستی دا ئەو شوێنە ببێتە مێحوری ئیدارەی وڵات. - وتووێژی ڕەفسنجانی -.

لە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٥٩ (١٩٨٠) دا، بە پێی پەسندکراوێک، ناوی مەجلیسی شووڕای میللی - یان گۆڕی و کردیان بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی.

### ناکۆکیی حجا لەگەڵ بنی سەدر

حیزبی جمهوری ئیسلامی لە یەکەم هەنگاوەکانی لەگەڵ بنی سەدر لەسەر ناساندنی سەرۆک وەزیر بە مەجلیس ناکۆکیی لێ پەیدا بوو. ئەو حیزبە دیهەویست کەسێکی خۆی بکا بە سەرکۆمار. چونکە هاشمی ڕەفسەنجانی بە ١٤٦ دەنگی ئەرینی ببوە سەرۆکی مەجلیسی یەکەم. بنی سەدریش بیروبۆچوون و کردەوکانی ئەو حیزبەی پێ باش نەبوو و حەوڵی دەدا کەسی هاوبیری خۆی بۆ سەرۆک وەزیری هەڵبژێرێ کە تا ڕادەیەک قەرەبوو شکستی مەجلیسی بۆ بکاتەوە. سەرەتا ئەحمەدی خومەینی پێشنیار کرد. ئا. خومەینی ئیزنی نەدا. پاشان مستەفا میر سەلیم - کە ئەندامی شووڕای ناوەندی حیزبی جمهووری ئیسلامی بوو دیاری کرد. بەڵام ئەو حیزبە لە ڕێکەوتی ٣٠ - ٤ - ١٣٥٩ دا، جەلائەدینی فارسی بە بنی سەدر ناساند. بنی سەدر ناوبراوی پێ باش نەبوو. حیزبی جمهووری ئیسلامیش میرسەلیمی بۆ ئەو پۆستە بە شیاو نەدەزانی. کێشەکە زۆر گەورە بۆوە و مەسەلەی سەرۆک وەزیر بوو بە گرینگترین باسی ڕۆژ. بەراوێژ و وتووێژی نهێنی و ئاشکرا، هەیئەتێکی سی کەسی دیارکرا و لەنێوان چەند کەس دا، محەممەد عەلی ڕەجایی - کە حجا نەبوو، بەڵام ڕێبازەکەی قبووڵ بوو -، ناساند. هەرچەند بنی سەدر پێی خۆش نەبوو، بەڵام بەسەری داسەپێندرا!؟ مەجلیس ١٨ی گەلاوێژی ١٣٥٩، بە ١٥٣ دەنگی ئەرێنی، ڕەجایی وەک یەکەمین سەرۆک وەزیری کۆماری ئیسلامی لەلایەن مەجلیس هەڵبژارد. - کتێبی "نهضت زنان مسلمان ١٣٦١، ج ١، ص ٢٧١."

ئا. خومەینی لەو بوارەدا بیروبۆچوونی ئەوە بوو کە : ئاغای سەرکۆمار دەبێ کەسێک بۆ سەرۆک وەزیر دیاری بکا کە بەدەردی کۆمەڵگای ئیسلامی ئێمە بخوا و بەکاری مەکتەبی ئێمە بێ و سەدلەسەد حوکمەکانی ئیسلامی پیادە کا؛ نە ئەوەی کە میللەت و میللیەت بێنێتە گۆڕێ. لەسەرووی هەموو تایبەتمەندییەکان مەکتەبی بوون گرینگە. - بە نەقل لە قسەکانی خومەینی لەسەر تلویزیۆن. گووگول، یوتیووب.-

بنی سەدر لەسەر ئەندامانی کابینەکەی لەگەڵ ڕەجایی ناکۆکیی لێ پەیدا بوو. لەڕۆژی ١٧ی خەرمانان کە ناساندنی کابینەی ڕەجایی لە مەجلیس دەکرا، بنی سەدر بە بۆنەی ساڵوەگەڕی گیان لێئەستێندراوانی

مەیدانی ژاڵەی تاران- کە ناوی شوهەدای نێنراوە.-، وێڕای باسکردنی وەزعی بەرایی وڵات، ناکۆکێی لەسەر دانانی وەزیران و... کوتی: کەمایەتییک خەریکە دەست بەسەر هەموو ئیمکاناتی سیاسیی و نیزامی وڵات دا بگرێ و بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتی سەرۆککۆمار کەڵکی لێوەرگرێ.

شەڕی ماڵوێرانکەر و بێمانای ئێران و ئێراق لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ (١٩٨٠) دا، دەستی پێکرد. لایەنە ناکۆکەکان بڕیارایان دا، هێرشە تەبلیغاتییەکانیان سەبارەت بە یەکتر راگرن. بەڵام سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

لە دوایین رۆژەکانی پاییز و زستانی ئەو ساڵە دا، دوو ڕووداو بوونە هۆی تەشەنەکردنی پتری ناکۆکییەکانی نێوان بنی سەدر وهاوبیرەکانی لە لایەک و خەتیی ئیماممییەکان کە حیزبی جمهووری ئیسلامی گرینگترینیان بوو لە لایەکی دیکە.

ڕووداوی یەکەم کە لە پاییز دابوو، دوو کەس بەناوەکانی ئەحمەد سەلامەتیان - نۆێنەری مەجلیسی شوورا لە شاری ئیسفەهان - و حەسەن لاهووتی ئیشکەوەری - نوێنەری مەجلیسی شوورا لە رەشت و پێش نوێژی هەینی ئەو شارە -، کە لایەنگری بنی سەدر بوون، لە شاری مەشهەد قسەیان لەسەر وەزعی ئێران کرد. لایەنگرانی سەرکۆمار بە دژایەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی دروشمیان دا و لایەنگرانی ئەو حیزبەش، بە خۆپێشاندان و دروشم دان وڵامیان دانەوە. پاش ئەوەی قسەکانی نوێنەرانی ناوبراوی مەجلیس لە رۆژنامەی "انقلاب اسلامی" دا بڵاو کرایەوە، کێشەکە گەورەتر بۆوە. دەمارگرژەکانی نێو حجا، خەڵکێکی زۆریان لە شارەکانی تاران و قوم هێنایە سەر شەقامەکان کە بە لایەنگریی لە رووحانییەت دروشم درا و بازارەکانی لەو شارانە و مەشهەدێ داخران. - رۆژنامەی "انقلاب اسلامی"، خاوەن ئیمتیازەکەی بنی سەدر بوو کە لە کاتێک ئەندامی شوورای شۆڕش بوو و ئەرکی دەوڵەتی بەڕێوەندەبرد، لە ٣٠ جۆزەردانی ١٣٥٨ یەکەمین ژمارەی بڵاوکردەوە. بەڵام ئەو رۆژنامەیە، لە کاتی سەرکۆمار بەنی سەدر دا، بەشی" کارنامەی سەرکۆمار" و" راپۆرت دان بەخەڵکی" هەبوو کە ڕووداوەکانی رۆژانەی سەرکۆماری بڵاودەکردەوە، بەتایبەتی ناکۆکییەکانی قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتی ئەو کاتی. ئەو رۆژنامەیە ٥٥٧ ژمارە ئیزنی بڵاوبوونەوەی پێدرا. پاشان لەلایەنی دادستانی ئینقلابی ئیسلامی تاران داخرا.-

ڕووداوی دووهەم سوخەنرانی بنی سەدر بە بۆنەی ساڵمەرگی یاد بەخێر د. موسەدیق لە ١٤ی رەشمە ١٣٥٩ (١٩٨١) دابوو. نابراو ٣ کاتژمێری لەسەر وەزعی وڵات قسەکرد.

ڕەوتی ڕووداوەکان و بەتایبەتی لابردنی بەغەدری بەنی سەدر - یەکەمین سەرکۆمار، کە دەکرێ وەک

کوودێتایەکیش حێسێب کرێ- و کوژرانی یەکەمین و دوویەمین سکرتێری حیزبی جمهووری ئیسلامی یانی بهێشتی- ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠- و "محمد جواد باهنر" - سەرۆک وەزیری سەرکۆماریی ڕەجایی کە هەردووکیان ڕۆژی لە ٨ خەرمانانی ١٣٦٠ کوژران -، ئیزن بە خامنەیی درا ببێتە سەرکۆمار.

بەنی سەدر سەبارەت بە حجا و ڕووداوەکانی ئەوکاتی دا لە کتێبێک بە ناوی "خیانت بە امید) دا دەنووسێ: پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری، حیزبی جمهووری منیان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردبوو. لەبەر پێکهاتەی شووڕای ناوەندی و ڕێگایەکی گرتبوویانە بەر، قبووڵم نەکرد. کەسانێکی رووحانی و غەیرەرووحانی داوایان لەمن کرد حیزبێک دامەزرێنم. دوای باس و گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیار بوو ئاغایانی تاڵقانی، مونتەزیری و من ئاگادارییەکی هاوبەش بڵاوکەینەوە و داو بکەین لایەنە ئیسلامیی و میللییەکان بەگشتی لە بەرەیەک دا کۆبنەوە. ئاغای خامنەیی موافیق بوو. پێشنیارەکەی بردە لای شووڕای ناوەندی حیزبەکەی، بەڵام ئەوان لەگەڵ بەشداری زۆر کەس ماخالیف بوون ؛ تەنانەت داریووش فرووهەریش کە وەزیر بوو.- ل.٧٠ی کتێبی خەیانەت بە ئۆمێد. د. ئەبوولحەسەن بنی سەدر. ١٣٦٠.-

ئەوە روون بوو کە مارکسیستەکان و غەیرە مارکسیستەکانی بێ بڕوا بە حکوومەتی دینی، با بەلاوەبنێین. روانگەکانی باوەڕمەند بە حیزبی جمهووری ئیسلامی، بەڵام بێ بڕوا بە ڕێبەری و "هژمونی" حیزبی جمهووریش مەحکووم بە وەلانان کران. لەوکات ڕا هەوڵێکی زۆرم دا، بەڵکوو بی بەشداری حیزبی جمهووری بەرەیەک کە بەڕاستی نوێنگەیی سازماندەیی تەوای خەلک بێ پێک بێنم. بەڵام لەپێش هەموویان دا خومەینی موخالیفەتی دەکرد و بەپێچەوانە، داخوازی لەمەن دەکرد کە لە تاقمەکانی"نامطلوب" (نەباش بەبڕوای ئەو)، بەتایبەتی جەبهەی میللی، جاما، موجاهدینی خەلق و... نەکوولیان (نفی) لێبکەم. شێواوی فیکری لەپەڕی خۆی دابوو. هەردوو لایەن دژکردەوەیان ئەنجام دەدا. هیچ لایەنێک خوێندنەوەی جیدی لە هەلومەرجەکەی نەبوو کە بەپێی ئەو کردەوە، نیشان بدا. کارمایەکان لە ڕێی ناکۆکییەکان سەرف دەکران. شەڕی تەبلیغاتی و شەڕ بە چەکی جۆراوجۆر بڕەوی پەیدا کرد. چۆماغ و ژ - ٣، لەونێوەدا بەکار بران و جەغزی کردەوەی دادگاکانی شۆڕش لەوکات ڕا گەورە بۆوە. چووک بوونەوەی ئازادییەکان لەوکاتی ڕا دەستی پێکرد. - هەمان سەرچاوە ل ٧١.-

ئەو دەنووسێ: حیزبی جمهووری هەم بە عینوانی پووششی سیاسی "نهادهای انقلابی" بۆ شێوەیەک سەنگایی دروستکردن لەنێوان ڕێبەری و حیزب و نیهادەکان، هەوڵی بۆ دەستبەسەر داگرتنی ئەو شوێنانەی دەدا کە لە یاسای بنەڕەتی دا، بڕیاران لەسەر درابوو. وەک: شووڕای بەرزی قەزایی، مەجلیس و شووڕای نیگابان کە ئامانجی یەکەم بوون.



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبژاردنی مەجلیسیان بە یارمەتی ئاغای خومەینی و نەهادەکان و چەند شێوە فێڵ و تەڵەکە وەدەست گرت و شووڕای بەرزی قەزاییان بە وەلانانی یاسای بنەڕەتی لەژێرچۆک نا. بەهۆی هێناگۆڕی جیاوازی "ئیسلامی فەیزیە" و "ئیسلامی بەنی سەدر" و نزیکایەتی چەپ لە دەورەی بنی سەدر کە درەنگ یا زوو لەگەڵ موجاهیدین ئیئتلاف دەکەن و بە فشاری خومەینی، سەرۆک وەزیر و هەئیەتی وەزیرانیان وەچنگ هێنا. بۆ ئەو مەبەستە دەستپێکردنی شەڕی ئێراق، یارمەتییەکی باشی پێکردن. - هەمان سەرچاوە ل، ٥٨.- بە پێی قسەکانی بەنی سەدر: حیزبی جمهووری ئیسلامی، ڕووحانیت و خومەینی لە ڕۆژانی دوای نەمانی پەهلەوی دووهەم دا، بەرەبەرە هەم دەزگای بەڕێوەبەری تایبەت بەخۆیان دروست کرد و هەم بۆ دەسبەسەرداگرتن و ئیسلامی کردن و لەژێرچنگ نانی دەزاگا جۆراوجۆرەکانی ئیداری و نیزامی و باڵادەست کردنی رووحانییەکان، هەوڵیان دا. هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.-

## زیادبوونی دەسەڵاتی حجا

لە دوای هەڵبژرادنی سێیەمین دەورەی سەرکۆماری - ڕەزبەری ١٣٦٠ (١٩٨١) و بەدەستەوەگرتنی ئەو پۆستە لە لایەن ڕووحانییەک، گەورەترین دەسکەوتی حجا بوو. هەم خومەینی رازی کرا ئەو پۆستەش بدرێ بە مەلاکان و هەم ئەو حیزبە دەسەڵاتی تەواوی ڕێژیمی وەدەست خست.

خامنەیی کە سکرتێری ئەو حیزبەش بوو، لایەنگری لە قۆڵی راستی حیزبەکەی دەکرد. بۆخۆی بەدڵخواز پێیخۆش نەبوو، میر حوسێنی مووسەوی ببێتە سەرۆک وەزیر. بەڵام پشتیوانی خومەینی لە ناوبراو، خامنەیی ناچار کرد قبووڵی بکا. بوونی مووسەوی بە سەرۆک وەزیر و دەستبەکاربوونی کابینەکەی، دەسەڵاتی حجا پتر بوو. هەرچەند چەپە ئیسلامییەکان کە جێی متمانەی حجا و هاوبیری بوون، لە کابینەی مووسەوی داتا رادەیەکی بەرچاو دەوریان هەبوو. وەک: بێهزاد نەبەوی، محەممەد سەلامەتی - ڕێبەرانی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی- و...

نزیک ٦ ساڵ لە ٨ ساڵ سەرۆکی وەزیری مووسەوی دا، حجا بەڕێوەبەری سەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. - پێویستە ئاماژە بکرێ کە جگە لە ماوەی سەرکۆماری بنی سەدر لە نیوەی دوویەمی ڕێبەندانی ١٣٥٨ هەتا جۆزەردانی ١٣٦٠ (نزیکەی ١٧ مانگ)، ڕێبەرانی مەزهەبی لە ئێران (خومەینی و خامنەیی)، زۆرترین دەسەڵاتی بەرز بەتایبەتی فەرماندریی هێزچەکدارەکانیان بەدەست بوە.-

## بەشێک لە کردەوکانی حیزبی جمهووری ئیسلامی

حیزبی جمهووری ئیسلامی لە کاتی دروستبوونی هەتا کاتی هەڵوەشانەوەی کاریگەرییەکی زۆری لە گۆڕەپانی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێران دا، هەبوو. بەشێک لە کردەوەکانی ئەو حیزبە بریتیی بوون لە:

١- ڕۆژنامەی جمهووری ئیسلامی - وەک ئۆرگانی حجا -، لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕش دا، نەخشێکی گەورە و گرینگی لە دەرکردن (حەزفی) "حیزبی توودە"، "لیبراڵەکان" و " بەنی سەدر" و هاوبیرانی لە گۆڕەپانی چالاکیانیان دا هەبوو. - روزنامەء جمهوری اسلامی ٢ - ١٠ ١٣٦١ . ص ١ .-

٢- ئەو حیزبە لە گەڵاڵەرێژی و بەشداری و بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکانی وەک: " ڕۆژی کرێکار"، "ڕۆژی ژن"، پشتیوانی لە خوێندکارانی موسڵمانی"خط امام"، لە ڕووداوی گرتنی [باڵیۆزخانەی ئەمریکا] "لانەء جاسوسی"؛ بەشداری سیاسیی لە ڕاپرسی بۆ کۆماری ئیسلامی، یاسای بنەڕەتی، هەڵبژاردنی[- دەورەی یەکەمی- مەجلیسی شووڕای میللی - بە زۆرەملی کرا بە ئیسلامی.-] دا هەبوو. ئەو حیزبە نەخشی بەرجەستەی لە پەسندکرانی، مادده ئابووری و قەزاییەکان و بەتایبەتی ئەسڵی ١١٠ [دەسەڵاتی (ویلایەتی فەقیە) و دامەزراندن و وەڕێخستنێ لقەکانی چاپەمەنیی، کرێکاری، خوێندکاری، ژنان، بازاریان، مهەندیسان، دوکتوران و سازمان دانی تەشکیلاتیان بۆ پەرەپێدانی دەسکەوتەکانی شۆڕش، گێڕا. - بهشتی، محمد حسین؛ عملکرد یک ساله حزب جمهوری اسلامی، صفحات ٢٠ - ١.

حیزبی جمهووری ئیسلامی کۆنگرەی یەکەمی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) لە ئۆردووگای باهونەر لە نیزیک ماڵی خومەینی و کۆنگرەی دوویەمی لە ساڵی ١٣٦٤ ( ١٩٨٥)، لە مەدرەسەی عالیی موتەهەری گرت.

حیزبی جمهووری ئیسلامی بۆ لەسەرکار لابردنی دەوڵەتیی کاتیی بازرگان و بەنی سەدری یەکەم سەرکۆمار، دەوری سەرەکیی- بە پشتیوانی خومینی- گێڕا. هەروەها لە سەرکوتی ڕێکخراوەکانی چەپی ئیسلامی (موجاهیدینی خەلقی ئێران) و غەیرە ئیسلامی (حیزبی توودەی ئێران و چریکەکان بەگشتی)، هەمان دەوری هەبوو.

## ⁕ بەشی حەوتەم

## ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی

وەک لە پێش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا، باسی ٧ گرووپی بچووکی ئیسلامی کرا، دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین،ئەوان لە ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٥٨(١٩٧٩) ڕێکخراوێکیان، بەناوی ڕێکخراوی موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی (مجاهدین انقلاب اسلامی)، دامەزراند. یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەورێکخراوە (حوسێن فدایی)، دەڵێ: لە کاتی دامەزرانی گرووپی تەوحیدی بەدر و ڕێکخراوی موجاهیدین، ئیلهامەمان لە رووحانییەت وەردەگرت. بناخەی کاری ئێمە حیزبی نەبوو، رووحانییەت، مەکتەبی ئیسلام و هەیئەتی ئیمام حوسێن ڕێنوێنی ئێمە بوو. - بەنەقڵ لە وتووێتژی حوسێن فدایی "از مجاهدین انقلاب اسلامی تا مجاهدین انقلاب اسلامی ایران"، - وتووێژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٧.- لەسەر بنچینەی ئەو بۆچوونە بە هێندێک جیاوازییەوە، ٧ گرووپی ئیسلامخوازی موخالیفی نیزامی پێشوو (شا)ی ئێران، ئەو ڕێکخراوەیان دروست کرد کە پێشتر پێوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبوو. بەڵام ئامانجی هاوبەشیان کە پاشان بە درێژەدانی تێکۆشانی "ئیسلامی شۆڕشگێڕ" و بڕوا بە ویلایەتی فەقیە و ڕێبەری ئا. خومەینی، پێناسە کرد، ئەوانی لێک کۆکردبۆوە. نووسراوەیەکی دیکەش لەم بارەیەوە دەنووسێ: ئیمام خومەینی کە لە ئاخری مانگی رەزبەری ١٣٥٧، مەسەلەی یەکیەتی گرووپە چالاکانی باس کرد، کە بەقسەیان کرد.

**ئەو ٧ گرووپە لە سەر چوار خاڵ پێداگر بوون.**

١- دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی.
٢- ڕێبەری ئا. خومەینی.
٣- خەباتی چەکدارانە.
٤- دژایەتی لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، لەبەر ئاڵوگۆڕی ئیدئۆلۆژییەکەی.

- شکل گیری سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی. پدیدآورەندە: جلیل درویشی.-



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ٧ گرووپە بریتی بوون لە:

١- گرووپی "امت واحده"، ساڵی ١٣٥٥ بە جیابوونەوە لە - سازمان مجاهدین خلق ایران (سمخا)- دروست بوون و ڕێبەرەکەیان بێهزاد نەبەوی بوو.
٢- گرووپی "توحیدی بدر"، حوسێن فدایی.
٣- گرووپی "توحیدی صف"، محەممەد برووجردی، سەلمان سەفەوی، ئەکبر توڕابی، حەسەن سادقی، محەممەد عەتریانفەر، ئەندامانی ئەسڵی بوون کە لە تاران و ئیسفەهان، چالاک بوون و پێوەندیان بە محەممەد مونتەزیرییەوە هەبوو.
٤- گرووپی "فلاح"، محەممەد مونتەزێر قائێم، حەسەن مونتەزێر قائێم و مورتەزا ئەلوێری.
٥- گرووپی "فلق"، مستەفا تاجزادە، و حەسەن واعیزی، ئەندامانی خوێندکارانی دانیشتووی ئەمریکا.
٦- گرووپی "منصورون"، لە ساڵی ١٣٥٤ لە چەند شانەی چالاکی شارەکانی، ئەهواز، خورەمشار و دزفوول پێک هات. غولامحوسێن سەفایی دزفوولی، موحسین ڕەزایی، محەممەد باقر (عەبدوڵڵا) زوولقەدر، عەلی شەمخانی، لە ئەندامان و دامەزرێنەرانی بوون.
٧- گرووپی "موحدین"، حوسێن عەلەم ئەلهودا و هاوبیرانی لە ئەهواز دایانمەزراند و یەکێک لە کارەکانیان کوشتنی "پل گریم" موستشارێکی ئەمریکایی بوو کە ناوی "اعدام انقلابی" یان لەسەر دانا.

یەکەمین شووڕای هاوئاهەنگی ئەو ڕێکخراوە، محەممەد سەلامەتی، سادق نەورووزی، مورتەزا ئەلویریی، محەممەد برووجێردی، مەحموود بەخشەندە، محەممەد باقر زوولقەدر و موحسین تەحویلدار، بوون. کەسانی دیار و شوێن دانەری ئەو ڕێکخراوە لەکاتی دامەزرانی دا، بریتی بوون لە:

بیهزاد نەبەوی، موحسین مەخمەلباف، فەریدوون وێردیی نیژاد، عەلیرەزا شوجاعی فەر، پەرویز قوربانی، موحسین ڕەزایی، عەلی شەمخانی، موحسین ئارمین، هاشم ئاغاجەری، فیزوڵڵا عەرەب سوورخی، موجتبا شوکری، حوسین فیدایی، عەبدولحوسێن رووح ئەمین، حەسەن زیبایی نیژاد، سەعید حەجاریان، حوسێن عەلەم ئەلهودا، محەممەد مونتەزێر قائێم، مستەفا تاجزادە، حوسێن واعزی، محەممەد عەتریانفەر و حەسەن سادقی.

ئەو ڕێکخراوە لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، بە ناوی "بزووتنەی میللی موجاهدین"(جنبش ملی مجاهدین)، دەفتەر گەلێکی فرەیان لە سەرانسەری وڵات دا. دامەزرا ند. لەنێو توێژی لاوان دا، دەستیان بە ڕاکێشانی خەڵک بۆلای خۆیان کرد کە پاشان بوون بە موجاهیدنی شۆڕشی ئیسلامی

بەشێوەیەکی نیو نهێنی و چەکدار. - بەنقڵ لە "سازمان نامشروع مجاهدین انقلاب اسلامی ایران، سایت ولایت.- هەروەها نووسراوەیەکی دیکەش جگە لەوکەسانەی وەک دەستەی دامەزرێنەر ناویان برا، مورتەزا ئەلویری، زوولقەدر، محەممەد بڕووجردی، عەلی عسکری، محەممد سەلامەتی، هاشم ئاغەجەری، موحسین سازگارا، بەسیرزادە، سادق نەورووزی و مەشایخی- ش زیاد دەکا.- وطن امروز، شماره ٤٣٠، ص ١٠.-

ئەندامانی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لە دامەزرانی کۆمیتەکانی شۆڕش و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ئیتلاعاتی سەرۆک وەزیری، ئیتلاعاتی ئەرتەش دا نەخشی زۆر گرینگیان هەبوو. بۆیە دەرەتانی خێرایی پەرەگرتنی ئەو ڕێکخراوە، لە بەدنەی بەڕێوەبەری ئیجرایی وڵات دا، بوو بەهۆی پێکهاتنی هەلومەرجێک بۆ بەردەوامی مانەوەیان. - ماڵپەڕی ویلایەت.-

ئەو ڕێکخراوە هەم لەگەڵ سپای پاسداران و هەم بەجیا، لە هێرش بۆ کوردستان و بلووچستان نەخشی گرینگیان گێڕا. محەممەد بڕووجێردی - یەکێک لە فەرماندەرانی سپا لە ڕۆژئاوای ئێران کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕێگای مەهاباد- میاندووئاو نزیک ئاواییەکانی ئیندرقاش و خاتوونباغ سەر بە شاری مەهاباد کوژرا و عەلی سەییادی شیرازی - سەرهەنگی ئەرتەش و فەرماندەی قەرارگای هەمزە، کە بەشیوەیەکی گوماناوی پاشان لە تاران لە پەنا ماڵە خۆی کوژرا و موجاهیدینی خەڵق، کوشتنەکەیان وەئەستۆ گرت، ئەندامانی موجاهیدینی شۆڕش بوون. - . ڕێکخراوی بەناو "پێشمەرگەی موسڵمان"، لەلایەن ئەو ڕێکخراوە و بە ئیمکاناتی سپای پاسداران دامەزرا کە لە کۆشتار و ئەزییەت و ئازار و گرتن و زیندانی و شکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد و خەڵکی مەدنی دا، دەورێکی دژی مرۆفایەتیی و جینایەتکارانەیان گێڕا و ئیستاش، بە شێوەک هەر چالاکن. لەو بارەیەش دا حوسێن فدایی دەڵێ: بە تەفاهوم لە گەڵ بەرپرسانی سەرووی سیاسی، سازمانی موجاهدینی شۆڕش، لقی نیزامی شۆڕش بوو و حیزبی جمهووری ئیسلامی ڕێکخراوێکی بەرفراوانی گشتی. خزمەتی زۆرمان ئەوکات بەشۆڕش کرد. زۆربەی کوودێتاکانی لەوانەبوو ڕوویدەن، دەماندیتنەوە و پووچەڵمان دەکردنەوە. زۆربەی ئێمە لە چەند شوێن کارمان دەکرد. بۆ وێنە من هاوکات، لە کۆمیتە و سپا و سازمان بووم. لە تێکهەڵچوون لەگەڵ کەسانێک کە بیری سەربەخۆیی خوازییان هەبوو، وەک کوردستان و سیستان و بلووچستان، خوزستان، سازمان زۆر چالاک بوو. هەروەها ئیدارەکردنی زیندانی" ئەوین" لەدەست ڕێکخراوی ئێمە دابوو. شەهید قەلەن بوڕ(قلنبر) و ٣ کەسی دیکە بۆ ئاموزشی موسڵمانای ئەفغانی چوونە ئەو وڵاتە.- وتوێژی حوسێن فەدایی.-

کردەوویەکی گرینگی دیکەی دژی ئازادیخوازانەی ئەو ڕێکخراوەیە، دژایەتیی لەگەڵ بیری لیبڕالی بوو. مورتەزا ئەلویری - ئەندامی شووڕای ناوەندی ئەو ڕێکخراوە دەڵێ: لەکاتی سەرکۆماری بنی سەدر دا، ئەو

ڕێکخراوە جگە لە دژایەتی لەگەڵ ناوبراو و بەربەرەکانی قوڵی لیبراڵ، کارێکی دیکەی نەبوو. - دولت وانقلاب، محمد حیدری، روزنامەی ایران شمارەی ٢١٩٨ ، ٣١ تیر ١٣٨١-.

مەرجە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەندام وەرگرتن، پێڕەوی کردن و قبووڵی ویلایەتی فەقیە و ئا. خومەینی و بڕوا بە ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی بوو. - وطن امروز - ژمارەیەک لە چالاکانی موجاهیدین، داوایان لە خومەینی کرد بۆ چاوەدێری و ڕێنوێنی، نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە ئەو ڕێکخراوەیە. ڕاستی کاشانی - کە ئەوکات حوجەتولئیسلام بوو و ئێستا ئایەتوڵڵایە - نوێنەری خومەینی لەو ڕێکخراوە دا، بوو.

ڕاستی کاشانی لە ساڵی ١٣٠٦ لە شارستانی کاشان لە دایک بوە. لە ئەندامانی کۆمەڵی مودریسین حەوزەی علمییەی قوم و بەڕێوەبەری بەرزی حەوزەی علمییەی قومە. لە دەورەکانی یەکەم و دوویەمی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری دا، ئەندام بوە و... ناوبراو لە بەرەبەری سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا، چالاک بوە. لە ساڵی ١٣٤٣دا، مەسەلەی پێڕەوی لە ئا. خومەینی بە شێوەیەکی جیدی باس کردوە کە بۆتە جێی متمانەی ناوبراو. بۆیە لە چەند شوێن بەرپرسایەتی سەرووی لە لایەن خومەینی پێدراو کە یەکێک لەوان، نوێنەری ئەو و چاوەدێر لە ڕێکخراوی موجاهیدینی شوڕشی ئیسلامی دابوو. - بەنەقل لە گووگل، سایت ویکی پدیا، دانشنامە آزاد. -

زۆری پێنەچوو لەسەر مەسەلەی ڕۆژی جیهانی کرێکار، ساڵ مەرگی د. شەریعەتی و نوێنەری ئا. خومەینی لەو ڕێکخراوە دا، ناکۆکی سەری هەڵدا. بەڵام بەدەستووری خومەینی بەناچاری لەگەڵ یەک بەشێویەکی کاتی سازان.

لە ١٠ی خەرمانانی ١٣٦٠ (١٩٨١)، دوو ڕۆژ دوای تەقینەوەی دەفتەری سەرۆک وەزیری، موحسین ڕەزایی ئیستعفای - بەڕواڵەتی - ، لەو ڕێکخراوە دا و بە یەکجاری چوە نێو سپا.

بەشێک لەنووسراوەکان و بەتایبەتی لە وتوێژی، حوسێن فیدایی دا، ئاماژە بەوە کراوە کە دوای ئەو تەقینەوەیە، کەسانێک گومانیان هەبوو کە موجاهیدینی خەڵق ئەو کارەیان کردبێ؛ بەڵام شک و گومان لە ڕێکخراوی مجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی کرا. ئەوان گومانیان لە حوسین تارانی - کە بازجوویەکی ناسراو - و بیهزاد نەبەوی بوو. مەسەلەی نەبەوی کە موخالیفی توندی ڕاستی کاشانی - وەک نوێنەری ئا. خومەینی - بوو، پتر مەسەلە دار بوو. چونکە بە قەولی فدایی: نەبەوی لەدانیشتنێکی دۆستانە دا، کە باس هاتبۆ گۆڕێ. کوتبووی: هەروەکوو ئیمام دەرسی خوێندوە و لە فیقە دا بۆتە موشتەهید، ئێمەش لە

مەسەلەی سیاسیی دا موشتەهیدین. بۆیە مەسەلەی نەبەوی ئەوندە گەورەکرابۆوە کە هاشمی ڕەفسەنجانی لە نوێژی هەینی پشتیوانی لێکردبوو. هەر لەسەر ئەو شک و گومانەش ڕا بوو کە کشمیری - کە گۆیا عامیلی تەقینەوەکە بوە-، سەرەتا بە شەهید لەقەڵەم درا و پاشان بێدەنگەی لێکرا و ناوی نەدەبرا. - بیروڕای هیزە فەقاهەتییەکان بە قەولی فدایی و نووسەری مەتڵەبی "ڕێکخراوی نامەشرووعی موجاهیدینی ئیقلاب ئیسلامی ئێران"، لە ماڵپەڕی ویلایەت دا، پەروەندی ناوبراوان پێویستە بێتەوە سەر میز. چونکە کاتی خۆی بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی نێوخۆیی ودەرەوەیی، ئەو دەوسییەیە بایگانی کرا.

لە ٢١ - ١٢ - ١٣٦٠ خومەینی دەستووری دا، ئەو کەسانەی کە لەنێو هیزە نیزامییەکان دان، دەبێ لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیان بێنەدەرێ. بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە موجاهیدنی ئینقلاب هاتنە دەرێ و چوونە نێو سپا و هیزەنیزامییەکان. ئەو کردەوە بوو بەهۆی لاوازیی تا ڕادەیەکی ئەو ڕێکخراوەیە. کەسانی وەک موحسین ئارمین و هاوبیرانی لە بەشی نیزامی هاتنە دەر.

لە خاکەلێوەی ١٣٦١ (١٩٨٢). لە ڕۆژی ١٤ یا ١٦ دا، کۆبوونەوەی گشتیی ئەو ڕێکخراوە یا کۆنگرە گیرا. ح. ڕاستی کاشانی کوتی" هەمووتان بچنە نێو سپا. نوێنەری ئیمام لەنێو سپا، ح. تاهیری خوڕڕەم ئابادی- ش پێشنیارەکەی پێ باش بوو. بەڵام بێهزاد نەبەوی موخالیف بوو - وتووێژی حوسێن فەدایی.- لە ڕێکەوتی ٣٠ - ١٠ - ١٣٦١ -. ئەو کەسانەی نوێنەری ئیمام (ڕاستی کاشانی) یان قبووڵ نەبوو، لەو ڕێکخراوە چوونە دەرێ. - گۆیا ٣٧ کەس بوون کە بە باڵی چەپ دەناسران. - سێ گرووپی ئۆمەتی واحیدە (نەبەوی و هاوبیرانی)، فەلەق (تاجزادە و هاوڕێیەکانی) و فەللاح (ئەلویری و هاونەزەرکانی)، ڕێبازێکی نزیک لەیەکیان هەبوو. گرووپەکانی دیکە پتر، لایەنگری توند و ڕادیکاڵی ڕووحانییەت بەگشتی و ویلایەتی فەقیە بەتایبەتی بوون. لە نێو ئەو گرووپە ڕاستانەش دا، گرووپی مەنسووروون کە کەسانی وەک، حوسێن فدایی، زوولقەدر، موحسین ڕەزایی و ئەحمەد تەوکولی هەبوون کە لەسەر سیاسەتەکانی ئابووری دەوڵەتی میر حوسێن مووسەوی ناکۆک بوون. - محەممەد سەلامەتی، وەزیری کشتوکاڵ لە کابینەی یەکەمی مووسەوی و بێهزاد نەبەوی، وەزیری ڕاوێژکار بوو. نەبەوی لە کابنیەی دوویەمی مووسەوی دا، وەزیری "صنایع سنگین" بوو -، هەروەها لەسەر قانوونی کار و مەسەلەی ئیسلاحات، بیروڕای جیاواز هەبوو. نەبەوی ماوەیەکیش سەرپرستی بەشی ئابووری سەهمیەیی (کۆپین)ی بەناوی "ڕێکخراوی بەسیجی ئابوری" بوو. ئەو بەرپرسایەتییە لەکاتی وەزیری سەنایعی قورس ی ئەو دا، بوو. ناوبراو شیرکەتی "پێترۆ پارس" ی دەوڵەتی لە ئینگلستان بە ناوی تایبەتی سەبت کرد و کێشەیەکی زۆریشی لەسەر ساز بوو. هەمووی ئەو شتانە لەبەر نیشان دانی، دەست ڕۆیی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لەبەڕێوەبەری دەوڵەتی ئاماژەیان پێکراوە. بەڵام تێپەڕینی زەمان و ڕووداوەکان و ڕاستیی ئاڵوگۆڕەکان لە دنیا و لە کۆمەڵگای ئێران، بۆچوونی ئیدئۆلۆژی ئەو ڕێکخراوە و کردەوکانی بەرپرسانی دەوڵەتی، لەنێو

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیە دا، ئاڵوگۆڕی تێدا پێک هات. لەم بارەیەوە موحسین ئارمین دەڵێ: پێویستییەکانی بەرایی لە ساڵەکانی سەرتای شۆڕش و خێرایی ئاڵوگۆڕەکان، ئیمکانی باس و دیالۆگیان لە ئێمە ئەستاندبوو. بەوهۆیە دوای تێپەڕینی ٢، ٣ ساڵ لە ئینقلاب کە لەگەڵ مەسەلە نوێیەکان بەرەوروو بوین ... ئەو یەکیەتی و کۆدەنگییەی پێشوو کە لەڕاستی دا، یەکیەتییەکی کاتی بوو، نەیدەتوانی وڵامدەری پێویستییەکانی ئەو کاتی بێ. لە ئاکام دا جیاوازییەکان لە سازمان دا، هاتنە ئاراوە. - [روزنامە] انتخاب ٣٠ - ٧ - ١٣٧٩-. بەو جۆرە ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی بوون بە سێ بەش. چەپ، ڕاست و نیزامی کە پاشان لەبارەی دا دەدوێین.

### ئەنجومەنی حوجەتییە لە کۆماری ئیسلامی دا

دوای گشتگیر بوونی ڕاپەڕین و دەرکەوتنی سەرکەوتنی، ئەنجومەن تووشی کەم چالاکی بوو. هێزە پەروەردە کراوەکەی لە ڕەدەی جۆراوجۆر دا، بوون بە سێ گرووپ.

**گرووپی یەکەم:** لەگەڵ شۆڕش کەوتن.
**گرووپی دوویەم:** بێ لایەن مانەوە.
**گرووپی سێیەم:** بوون بە ڕەخنەگری ئینقلاب.

- علیانسب، سید ضیاءالدین؛ جریان شناسی انجمن حجتیه، سلمان علوی نیک، قم، زلال کوثر، ١٣٨٦ ص ٢٨.-

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و نەمانی ڕژێمی پاشایەتی و سەپاندنی کۆماری ئیسلامی، ئەنجومەن هەوڵی دا، بە ئاڵوگۆڕی لە پێڕەوی خۆی دا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەک، خۆی بگونجێنێ. بەڵام ئا. خومەینی ئەوانی قبووڵ نەبوو. چونکە بڕوایان بە دەسەڵاتی ئیسلامی نەبوو. بەقەولی ئا. خزعەلی - کە ماوەیەک ئەندامی شووڕای نیگابان بوو.- لەگەڵ ئا. ڕەبانی شیرازی دەچنە لای خومەینی و داوای لێدەکەن کە لە ٣٠ هەزار کادری ئەنجومەنی حوجەتییە و ڕێکخراوە سەرانسەریەکەی، بۆ چالاکی دژی مارکسیستەکان کەلکیان لێوەرگیرێ. چونکە ئەوان هەم زانیاری ئیسلامیان زۆرە و هەم لە دژی بەهاییەکان ٢٥ ساڵیان، ئەزموون هەیە. - راه تووده شمارە ١٩٦.- بەڵام خومەینی گوێی نەدائێ.

هەروەها سەنگایی ئەو ئەنجومەنە بەجۆرێک بوو کە داوایان لێکراوە سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی بیروڕای

خۆیان بنووسن. بەم جۆرە کە موتەهەری بە گێڕانەوەی سەید مونەرەدینی حوسێنی - کە نوینەری مەجلیسی خوبرەگانی قانوونی بنەڕەتی بوو- دەڵێ: لە بەرەبەری بڵاوبوونەوەی پێشنووسی یاسای بنەڕەتی کە بە هۆی د. حەبیبی و د. بەنی سەدر ئامادە کرابوو بە هۆی ئا. موتەهەری، داوا لە ئەنجومەنیش کرا کە ئەوانیش پێش نووسێک ئامادە بکەن. ئەنجومەنی حوجەتییەش ئەوکارەی کرد. - خاطرات سید منیرالدین حسینی، تهران مرکز اسناد انقلاب اسلامی، ص ٢٤٨. - مورتەزا موتەهەری هاوکاری نزیکی ئەنجومەنی حوجەتییە بوو و زۆربەی سوخەنرانییەکانی لە تریبوونی ئەوان دەکرد و بەشێک لە نووسراوەکانی ئەو ئەنجومەنە بۆ چاپ کردبوو.

"ئەنجومەنی حوجەتییە پێش شۆڕش، تێزی جیایی دین لە سیاسەتی شێلگیرانە درێژە دەدا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش هەوڵی بۆ وەدەست خستنی پۆستە هەرەگرینگ (کلید) یەکان دا، کە بوو بەهۆی دژایەتی توندی شۆڕشگێڕان [ئیسلامییە توند ئاژۆیەکان]. دوای ئینقلاب لە ناوەندی ساواک زۆربەی ئەو بەڵگانەی بە زەرەری خۆیان بوو، لەنێویان بردن." - سایت جهان امروز -

جگە لە شێخ حەڵەبی، سەید ڕەزا ئالی ڕسووڵ، سەید محەممەد حوسێن حەسار، د. سەید حوسێن سەجادی، ه. غوڵام حوسێن، حاجی محەممەد تەقی تاجر، بەڕێوەبەرانی چالاک و کارگێڕانی ئەنجومەن بوون. - سایت پاتوق -

## زانستگا و گرینگییەکانی

لە ڕۆژی دروستبوونی زانستگای تاران لە ساڵی ١٣١٣ ڕا، زانستگا وەک پێگەیەکی زانستی، سیاسی، رووناکبیری، کاریگەر لەنێو کۆمەڵگەی ئێران دا، هەبوە. توێژی خوێندکار هەم بۆ داخوازی سینفی خۆیان و هەم چاکسازی کۆمەڵگا لەگەڵ حاکمیەت کێشەی هەبوە. بیروباوەڕی چەپ و عەداڵەتخوازانە کە بەهۆی مامۆستاکانی زانستگا، بەتایبەتی لە بەشەکانی یاسا، سیاسەت و علوومی ئینسانی و باسیان دەکرا.

لە ساڵی ١٣١٦ گیرانی ژمارەیەک مامۆستا و خوێندکار کە ٥٣ کەس بوون و پاشانیش هەر بەو ناوە پێناسە کران، گرینگی مەسەلەی خوێندکاری و کێشەی لەگەڵ دەسەلات، زەقتر کردوە. دادگایی ئەوان و پاشان کۆشتنی دوکتور تەقی ئەرانی – یەکێک لە هەڵکەوتەکانی ئێرانی کە لە وڵاتی ئاڵمان دوکتوڕای فیزیکی ئەتۆمی خوێندبوو و مامۆستای زانای زانستگا بوو -، دوو ساڵ دوای تێپەڕینی لە گیرانەکەی، مەسەلەی خوێندکاری و زانستگا بوو بە کێسەیەکی جیدی نێوان دەسەلات و زانستگا. گۆڤاری دنیا کە ئارانی و هاوبیرانی بڵاویان دەکردەوە، گاریگەری لەسەر توێژی خوێندەوار زۆر بوو.

لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١)، پەهلەوی یەکەم (ڕەزا شا)، لەبەر لایەنگری لە وڵاتی ئاڵمان - لەشەڕی دوویەمی جیهانی دا -، بە هۆی وڵاتانی موتەفیق (شووڕەوی پێشوو، ئەمریکا و بریتانیا)، لە دەسەڵات لابراو بۆ دوورگەی موریس لە وڵاتی ئافریقای باشووری دوورخرایەوە. زیندانییە سیاسسەکان ئازاد بوون. بەشی هەرەزۆری گرۆوپی ٥٣ کەسی، لەگەڵ بیرچەپەکان، حیزبی توودەی ئێرانیان پێک هێنا. لەو کاتی ڕا بەردی بناخەی دەخاڵەتی خوێندکاران لە سیاسەت دا، بەهۆی نەبوونی ئازادی و تێکۆشانی ئازادانەی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان داندرا.

ماوەی ١٢ ساڵ ئازادی ڕێژیی لە ئێران دا و دروستبوونی فەزایەکی نوێتر لەپێشوو و ڕووداە سیاسییەکان، بەتایبەتی دامەزرانی، دوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان و شوێن دانەریان لە کۆمەڵگاکانی خۆیان و ماوەندی دەسەڵات هەرکامیان بەجۆری خۆی و هەروەها بەسەرداسەپاندنی سەرۆک وەزیرایەتی دوکتور موسەدیق بەسەر ۆهلەوی دووهەم (محەممەد ڕەزا شا) دا و دروسبوونی زانستگای تەوریز، مەسەلەی خوێندکاران و دەخاڵەتیان لە سیاسەت و ڕووشنبیری کۆمەڵگا دا پتر لە پێشوو بوو،

کوودێتای ئەرتەش لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣) و گێڕانەوەی پەهلەوی دوویەم بۆسەر دەسەڵات و جینایەتەکانی دەسەڵاتی کوودێتایی و موحاکەمەی ناعادڵانەی د. موسەدیق، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ئەو ساڵە نارەزایەتییەکی گرینگ لە زانستگای تاران، لەکەتی هاتنی ریچارد نیسکۆن - جێگری سەرکوماری ئەمریکا- بۆ ئیران ڕووی دا. خوێندکاران هێرش نیزامییان پێکرا. سێ کەس بە ناوەکانی قندچی - لایەنگی جەبهەی میللی - و شەریعەتی ڕەزەوی و بزورگ نیا - لایەنگرانی حیزبی توودە- گیانیان لێئەستندرا و چەند کەس بریندار و ژمارەیەکیش گیران. لەو کاتی ڕا، هەموو ساڵی ئەو ڕۆژە، یادی دەکرایەوە و ڕێژیمی شا، لە ماوەی ٢٥ ساڵ دوای کوودێتا نەیتوانی سەنگەری نارەزایەتیی زانستگا - کە پەرەشیان گرتبوو - کپ بکا.

دوای شکست پێ هێنانی ڕێفۆرمی ١٣٣٩ - ١٣٤٢ لە لایەن پەهلەوی دووم ودەسەڵات بەدەستەکانی، تێکۆشانی چریکی و چەکدارانە لە ژێر کاریگەریی، بزووتنەو چەکدارییەکانی ویتنام، کوباو ئەلجەزایر و... دوو ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئیران - لە ساڵی ١٣٤٤و چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران - ١٣٤٩- لە زانستگاکان دا دروست بوون. - دیارە لە دوای کوودێتا شوومەکی ٣٢ دا، خوێندکارانی ئێرانی لە وڵاتانی، ئورووپایی، ئەمریکا و کانادا بەدژی سەرەرۆیی و تەپەسەری و سەرکوتەکارانی ڕێژیمی شا، زۆر چالاک بوون و کۆنفدڕاسیونی خوێندکاری پێگەیەکی گرینگی ئەو خەباتە بوون.

لە کاتی گەرمەی ڕاپەڕینەکەی گەلانی ئێران، بەتایبەتی لە دوای ڕەزبەری ١٣٥٧ (١٩٧٨) دا،زانستگا و



سەرچاوە
Serchawe

قوتابخانەکان شوێنی گرینگی نارەزایەتی بوون. بۆیە زانستگا وەک سەنگەری ئازادی تاران حیسێب دەکرا.

## دەفتەری تەحکیمی وەحدەت

دوای ٢٢ی رێبەندان وئازادی رێژیی لە ئێران بۆ ماوەیەکی کورت، تێکۆشانە سیاسیی و فەرهەنگییەکان لەنێو زانستگاکان دا، پتر پرەیان گرت. چونکە دەسەڵات و کۆمەڵگا، بەرەو وەزعێکی نوێ دەچوو. پێکهاتەی زۆربەی زیندانییە سیاسییەکانی ٧ ساڵ لە دەیەی ٥٠ی رێژیمی شا دا، خوێندکارانی زانستگا یا خوێندوارەکانی زانستگایی بوون. بەپێی مێژووی زانستگا- کە باس کرا-،مەسەلەی سیاسی و سیاسەت و دامەزرانی ژمارەیەک لە رێکخراوە سیاسییەکانی بەرایی لە ئێران، هەڵقوڵاوی زانستگاکان بوون. بۆیە بەپێی کەش و فەزای نوێ، زانستگاکان ناوەندێکی گرینگی سیاسی بوون و رێکخراوە سەرانسەرییەکان، زۆربەیان بە ناوێک خوێندکارانی لایەنگری خۆیان سازمان دابوو. سێ پێکهاتەی بەهێز بە ناوەکانی "خوێندکارانی پیشگام - ئەندامان و لایەنگرانی چریکە فیداییەکان -"،" سازمانی خوێندکارانی موسڵمان - ئەندامان و لایەنگرانی موجاهیدینی خەلق -" و "خوێندکارانی دێموکڕات - لایەنگرانی حیزبی توودە -"، لە زانستگاکان دا چالاک بوون.

خوێندکارە ئیسلام گەراکانیش لە دەیەی ٢٠ بەولایەوە لە چوارچێوەی "ئەنجومەنە ئیسلامییەکان" دا، هەڵسووڕ بوون و بەپێی هەلومەرج تێدەکۆشان. ئەوان زۆرتر چالاکی یەکانیان بە دژی گرووپە چەپەکان بوو. لە دەیەی ٥٠ دا و بەدوای دامەزرانی موجاهیدینی خەڵق و بەتایبەتی لە ساڵی١٣٥٧ دا، بە مەترەح بوونی ئا. خومەینی وەک رێبەری راپەڕین، خوێندکارانی موسڵمان، چالاکتر لە پێشوو بوون.

لە هاوینی ١٣٥٨ ژمارەیەک لە نوێنەرانی بەشی خوێندکارە ئیسلامییەکان چونە لای ئیمام خومەینی و دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانیان لەگەڵ باس کرد. - عەلی شەکووری ڕاد وتووێژ، دوێنی و ئەمڕۆیی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت.- ئەویش پشتیوانی لێکردن.

لە مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵە دا، ئەنجومەنە ئیسلامییەلانی ٢٢ زانستگا لە زانستگای ئەمیر کەبیری تاران کۆبوونەوە و بابەتەکانی "ئیسلامی ناب، خەت ئیمام و چۆنیەتی بەربەرەکانی لەسەر کارتێکەری رۆژ ئاوا و رۆژهەڵات و هەروەها چۆنیەتیی دژایەتیی لەگەڵ گرووپە چەپ و میللی گەراکان" تاوتوێ کران.

پێرەو بەرنامەی سەرەتایی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان لە هاوینی ١٣٥٨ ئامادە کرا. یەکەم شوڕا کە بریتی

بوون لە: حەبیبوڵڵا بێتەرەف، موحسین میردامادی، ئیبراهیم ئەسغەر زادە،... سەیدزادە و محموود ئەحمەدی نیژاد هەڵبژێران و بۆ درێژەی کارەکانیان ناوی کاتی " دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی ئەنجومەنی ئیسلام"یان هەڵبژارد. ناوبراوان چونە لای خومەینی و داوای نوێنەری تایبەتی ئەویان لە ڕێکخراوەکەیان دا، کرد.

خومەینی لە دیاری کردنی کەسێکی تایبەتی خۆی بوارد. ئەوکەسانەی چووبوونە لای لیستەیەکی ١٥ کەسیان دا بە خومەینی خوازیاری دانانی ٥ کەس بوون. ناوبراو ناردنی بۆ لای عەلی خامنەیی. لەئاکام دا، هاشمی ڕەفسەنجانی، محەممەد موجتەهیدی شەبستەریی، ئەبولحەسەن بەنی سەدر- چاو لە گووگل یا خەیانەت بە ئومید کە -، مووسەوی خوئینییها و عەلی خامنەیی شووڕای چاوەدێر(نظارت) یان لە نێو دەفتەری تەحکیم دا، دروست کرد.

زنجیرە کۆبوونەوەیەک لەنێوان شووڕای چاوەدێری و شووڕای ناوەندی یەکەم گیران و بە تاوتۆێ کردنی مەسەلەی جۆراوجۆر خەریک بوون. لەقسەوباسەکانی ئەوێ دا بوو کە تەعبیری "خەتێ ئیمام" هاتە گۆڕێ. - هەمان سەرچاوەی پێشوو.-

خوێندکارانی تەحکیمی گوێیان لە وتەکانی خومەینی دەگرت و بۆچوونی توندڕۆیی و قەیران خوڵقێنەرانەی خۆشیان لەگەڵ تێکەڵ دەکرد و لە کۆبوونەوەکانی خوێندکارەکانی سەربە ڕێکخراوەکەیان دەیانهێنا بەرباس. ئەو هەڵسوکەوتانە لە داگیر کردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و شۆڕشی فەرهەنگی دا، کاریگەری گرینگیان هەبوو.

## کورتەیەک لە بەرنامە و پێڕەوی دەفتەری تەحکیم

بەرنامە و پێڕەوی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت بۆ یەکەمین جار لە هاوینی ١٣٥٨ تەدوین کرا. دوای شێوە داخرانێک لە ساڵی ١٣٦٠، تەکمیلتر کرا و بە پەسند گەیشت. پاشان بە پەسندی جوادی ئامولی، خامنەیی و سانعی گەیەندرا و درا بە خومەینی و ئەویش ڕەزایەتی لەسەر دا.

### بەندەکانی پەسندکراوی پێڕەوی تەحکیم بریتی بوون لە:

* بڕوا بە مەکتەبی ئیسلام.
* بڕوا بە ٥ ئەسڵەکانی مەکتەبی ئیسلام.

* بڕوا بە ئیسلامی فەقاهەتی بەعینوانی مەزهەبی راستەقینە.
* بڕوا بە ویلایەتی فەقیە بەعینوانی رەنگدانەوەی ئیسلامی راستەقینە.
* بڕوا بە یاسای بنەڕەتی و شۆڕشی فەرهەنگی.

بەپێی پێڕەوی پەسند کراوی ئەو دەفتەرە، ٦ کۆمیسیۆنی هەبوو کە بریتی بوون لە: ١- تەشکیلات ٢- ئامووزش و لێکۆڵینەوە ٣- تەبلیغات ٤- شۆڕشی فەرهەنگی ٥- حەوزە و زانستگا ٦- شەڕ.

### شووڕای گشتی

ئەو شووڕایە لە ئەنجومەنی ئیسلامی هەر زانییگەهێک ١ تا ٣ نوێنەر، بە پێی حەشیمەتی زانستگا و شووڕای ناوەندی پێک دەهات.

### شووڕای ناوەندی

ئەندامانی ئەو شووڕایە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای گشتی دا، هەڵدەبژێردران و بەرزترین نیهادی ئیجرایی ئەو رێکخراوە بوون.

- بە نەقل لە: ویکی پدیا، دانشنامەی ئازاد. گووگل.-

## داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران

داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، دوای دروستبوونی سەرەتاکانی دەفتەری تەحکیم و پێش دەسپێکی چالاکییە جیدیەکانی ئەو رێکخراوە بوو. ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو رێکخراوە دوای قسەکانی خومەینی سەبارەت بە ١٣ی گەڵاورین(خەزەڵوەر)، کردی. ناوبراو لە پەیامەکەی خۆی دا، - کە رۆژانی ٩ و ١٠ بڵاوبۆوە -، پێداگری تایبەتی لەسەر دوژمنایەتیی ئەمریکا کرد و بە پیلانگێڕی لە دژی ئیدارەی ئێرانی نوێ تاوانباری کرد. - رۆژی ١٣ی گەڵاوەرین لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی کە ئا. خومەینی لە ئێرانی دوورخراوە و ساڵی ١٣٥٧ کە تەقەی لە قوتابییەکانی پشتیوانی نارەزایەتیی خوێندکاری لە تاران بوو، خومەینی وهاوبیرانی بە هەلیان زانی و هێرشیان کردە ئەو شوێنەی بە پێی بەرپرسیارەتی نێونەتەویی، پێویستە ئاگاداری لێبکرێ و ئەگەر مەترسییەک بێتە پێش پاراستنی ئەرکێکی یاساییە. بەڵام کۆماری ئیسلامی تازە دامەزراو تەنیا خولیای ئامانجەکانی بوو کە لە ژێر خوڵقانی شەڕ و نائارامی

ئاژاوەگێری بەرەوپێشی دەبردن. دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، دوو ڕووداوەکەی دیکەی، خرانە ژێر سێبەری ئەو کارە چەوتە.-

زۆربەی کردەوەکانی دەوڵەتی کاتی، بەپێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی ڕووحانییەت، بەتایبەتی ئاخوندە توند ئاژۆیەکان بوو، کە بۆ خومەینی و داوکردەوەکانی جێی پەسند نەبوو. هاتنی شا بۆ ئەمریکا - لەبەر ئاستەمبوونی نەخۆشییەکەی -، بیری پیلانەکانی خوێندکارانی دژی ئیمپریالیست و پشتیوانی دواتری بەیتی ڕێبەری و بەتایبەتی ناو لێنانی وەک"شۆڕشی دووهەم" سناریۆی ئەو کارە دزێو و دوور لە عورفی نێونەتەویی تەکمیل کرد.

دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە ٣٠، ٤٠ کەس لە خوێندکارانی تەحکیمیان لەگەڵ بوو، بەیارمەتی مووسەوی خۆئینییها لە باڵوێزخانە دامەزران. کە نەنێویان دا، موحسین میر دامادی، ئیبڕاهیم ئەسغەر زادە، عەباس عەبدی، مەعسوومە ئیبتیکار، حاتەم قادری، محەممەد ڕەزا خاتەمی، محموود ئەحمەدی نیژاد و....تێدابوو، شووڕایەکی دووهەمێشیان دامەزراند؛ کە سەید عەباسی نەبەوی، عەلی وقاری و... بوون بۆ ئەنجامدانی کارەکانی دیکەی نێو زانستگاگان و بەتایبەتی بەبەرکانی لەگەڵ خوێندکارانی ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی غەیرە ئیسلامی و هێناگۆڕی داخستنی زانیینگاکان بەبیانووی "سەربەخۆیی زانستگاکان" یا بە واتای دواتری کە ڕئالیتر بوو"ئیسلامی کردنیان".

داخرانی زانستگاکانیش پتر لەدوای پەیامەکەی خومەینی بە بۆنەی نەورۆزی ١٣٥٩، پێی لەسەر داگیرا. لە بەشێک لە پەیامە ١٣ ماددەیەکەی خومەینی باس لە سالم سازی زانیینگاکان، ئیسلامی کردن و یەکیەتیی حەوزە و زانستگا کرابوو. دوای ئەو پەیامە ئەندامانی تەحکیم، هان دران پرسیاری پتر لە خومەینی بکەن و وڵامدانەوەی ئەویش بوو بەهۆی ئەوەی "شووڕای شۆڕش" ڕابگەیەنێ کە هەتا جۆزەردان دەبێ تێکۆشان لە زانستگاکان تەواو بکرێن. بەڵام هەر لە سەرەتای بەهار دا، بە هێرشی تەحکیم و ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی دیکە بۆسەر خوێندکارە جیابیرەکان، زانستگاکان تووشی گرژی و تێکهەڵچوون هاتن و لەئاکام دا، تەحکیم و ئەنجومەنە ئیسلامییەکان بەهاوکاری دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسیی، بەراوەی هێرشەکان بوون. لە دوای ئەو کارە دزێو و نادروستە زانییگاکان داخران. ستادی "شۆڕشی فەرهەنگی" دامەزرا و "خەزا(جیهاد) ی زانستگایی" ڕاگەیاندرا.

دوای داخستنی زانستگاکان لە هاوینی ١٣٥٩ دا، دەفتەری تەحکیم پایەکانی خۆی بەهێز کرد و هەوڵی بۆ چاککردن و تەکمیل کردنی پێڕەوی خۆی دا. بۆ پێگەیاندنی هێزەکانی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی، هەوڵی پێکهێنانی دەورەکانی ئامووزشی و لێکۆڵینەوەی، بەبەشداری کەسانی شارەزا دەست پێکرد.



سەرچاوە
Serchawe

**بۆیە:**

* پشتیوانی لە دامەزراوە ئینقلابییەکان، لە ڕێگای دابینکردنی هێز،
* کردەوەکانی فیکری - فەرهەنگی لە بارستایی دەوڵەمەندکردنی تیۆریکی نیزام،
* سازمان دانی خۆێنکاران بۆ بەرەکانی شەڕ،
* دامەزرانی شووڕای کاتی بۆ ئیدارەکردنی زانیینگەکان و هاوبەشی لە وەڕێخستنی جیهادی زانستگایی،
* ئەندامبوونی ژمارەیەک لە ئەندامەکانی تەحکیم لە ستادی شۆڕشی فەرهەنگی دا؛ بوون بە پەرەگرتن و بەهێز بوونی ڕێکخراوی خوێندکارانی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت(خەتی ئیمام).

## ناکۆکیی تەحکیم لەگەڵ حجا

حجا وەک باسکرا لە زستانی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دامەزرا. ئەو بەشێوەک تەحکیمی بەنەیاری خۆی دەزانی و خوازیاری دامەزرانی لقی تایبەت بەخۆی بوو کە ڕووداوەکانی زانستگاکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیی دابێ. بەڵام بوونی تەحکیم و هاوکاری نەکردنی شووڕای ناوەندی ئەو ڕێکخراوە، لەگەڵ لقی خۆێندکاری حجا، ناکۆکیی زۆری لێکەوتەوە. ئەو ناکۆکییانە ئەوەندە بوون کە حجا بێ هاوبەشی تەحکیم، بەشێوەی سەربەخۆ لەگەڵ ئەنجومەنە ئیسلامییەکان، بەرنامەکانی خۆی ئیجرا دەکرد.

لەوکات دا، د. حەسەن ئایەت - دەبیری سیاسیی حجا و نوێنەری مەجلیسی شوورا، دەورەی یەکەم -، ئەو گومانەی دروستکربوو کە شۆڕشی فەرهەنگیی بیانوویەک بوو بە قازانجی جەریانێکی تایبەت. تەحکیم لەوپێوەندییە دا، بەیانییەکی توندی بەدژی حجا بڵاوکردەوە. ئەوکردەوانە لە حاڵێک دابوون کە تەحکیم بۆ بانگهێشتنی محەممەد حوسێنی بەهێشتی، موخالیف بوو. کاسانێکیش لەهەر دوو لا، پێداگری هاوکاریی حجا و تەحکیم بوون. وەک: حیشمەتوڵلا تەبەرزەدی، عەلی ئەحمەدی و حوسێن محەممەدی و....

حجا دەنگۆی نەبوونی سەلاحییەتی شووڕای ناوەی تەحکیمی وەڕێخست. شووڕای ناوەندی تەحکیم بەنووسراوە داوای لێبووردنی لەحجا کرد. بەڵام دوو بەرەی موافیق و موخالیف لەنێو تەحکیم دا، سەبارەت بە حجا پەیدا بوو. دوای تەقینەوەی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠ (١٩٨١) و کوژرانی بەهێشتی و ژمارەیەک لە هاوبیرانی، ناکۆکییەکان تارادەیەک کەم بوونەوە.

لە پاییزی ٦١ دا، زانستگاکان کرانەوە. بەڵام جگە لە دەفتەری تەحکیم و ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی

سەربەدسەڵات، تێکۆشانی ڕێکخراوەیی خوێندکاری قەدەغە کران. لەو کاتی دا، تەحکیم خۆشەویستی دەسەڵات بوو و پشتیوانی مادی و مەعنەوی لێدەکرا. ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە هەوڵیان بۆ جێگیرکردنی بیروڕای خومەینی - دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی - و هاوبیرەکانی لە زانستگاکان دا، دەدا.

## چوونی دەفتەری تەحکیم بۆ نێو ڕووداوە سیاسییەکان

هاوکات لەگەڵ هەڵسووڕانی جیدی و هەمەلایەنەی تەحکیم، وەک بێ وێنەترین ڕێکخراوی خوێندکاری لە مێژووی ئێران دا، کە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و بەشداری شۆڕشی فەرهەنگیی لە زانستگاکان و ناوەندە خوێندکارییەکان، دەکرێ وەک هێزێکی زەبەلاحی مەدەنی و لە هێندێک بوار دا نیزامیش، وەک بەشداری لە کوودێتایەکی ڕووحانییەکان و هێمای ئیسلامی سیاسی لە دەیەی یەکەمی مەوجوودیەتی کۆماری ئیسلامی حێسێب کرێ.

ئەو ڕێکخراوە، لە دوویەمین دەوری هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، بەشێوەی لیستە هاتە نێو ڕووداوە سیاسییەکان و سیما و نێوەرۆکی ڕێکخراوی خوێندکاری، لە ڕەخنە و نارەزایەتیی سەبارەت بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری گۆڕی و هاوڕێ لەگەڵ ڕووحانییەکان، بۆ قایمکردنی ئیسلامی سیاسی، تێکەڵ بە دەسەڵاتێکی نگریس بەرێبەری خومەینی بوو.

-----------------------------------------------

## ⁕ بەشی هەشتەم

## ئیسلامی شۆڕشگێڕ

دوو هۆ بوو دروستبوونی "ئیسلامی شۆڕشگێڕ"، لە دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی دا، کە زۆربەی خەڵکی بەدوای خۆی دا کێشا و لە ئاکام دا بۆ هەڵدێری ئیستای برد، گرینگ بوون.

یەکەم: باوەڕمەندی (عقیدتی) کە لە لایەن خومەینەوە ئەنجام درا. ئەو ئیجرای یاساکانی ئیسلامی بە ڕووحانییەکان سپارد و پێوەندی ئەوانی لەگەڵ داموەزگای سەلتەنەت کە چەند سەدە بوو ڕوویان تێی بوو، بۆ لای داخوازی ئیجرای ئەو یاسایانە برد. ئەو بەوکارەی ئیسلام گەرایی لە حاڵەتی "محافظە کار" ی دەرهێنا و مۆرکی شۆڕشگێری لێدا.

دوویەم: قەڵەمبازی موجاهدینی خەڵق بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەحزابی کومونیست ئەنجام درا. ئەو کارانە ئیمکانی بە لایەنگرانی ئەو ئیدئۆلۆژییە دا، هەتا ڕێکخراوێکی پڕبەپێستی گەلاڵەی توتالیتێر خۆی ببینێتەوە. نوکتەکە لێرەدایە کە ئەو دوو قەڵەمبازە کە تەواوکەری یەکتر بوون؛ پێکەوە نەهاتنە دی. هەر ئەوە بوو ئەو ئیسلامگەراییەی تووشی شێوەیەک ناهاوسەنگیی و لاوازیی نێوخۆیی کرد. بە نەقڵ لە " کتاب ضد ولایت فقیه، رامین کامران؛ صفحات ٦٠ و ٦١."

## موجاهیدینی خەڵق دوای ڕاپەڕین

ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران، لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی دا - هەروەک لە پێشوو دا، باسکرا- بەتوندترین شێوە سەرکوت کرابوو و زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەران و کادر بەرجەستەکانی کوژران یا زیندانی کرابوون. - لە ١٢ کەس ئەندامی ڕێبەری تەنیا مەسعوود ڕەجەوی مابوو. - بەهۆی فشاری نێوخۆیی و جیهانی مافی مرۆڤ و موخالیفانی ئیعدام، بەتایبەتی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ لە سویس حوکمەکەی کرا بە زیندانی ئەبەد. حەوتوونامەی موجاهید - بڵاوکراوەی موجاهدینی خەڵقی ئێران- لەم بارەیەوە دەنووسێ: لە یەکەمین شەپۆلی گیران لە ساڵی ٥٠ مەسعوودیش دەستگیر کرا و لە گەڵ یەکەمین گرووپی موجاهیدین لە بێدادگای شای خاین بە ئیعدام مەحکووم کرا. بەڵام پاشان ڕێژیمی شا، بەهۆی فشارێکی زۆر(نێوخۆی و نێونەتەویی بۆ پێشگیری لە ئیعدامی موجاهیدین) کە یەکێک لەو فشارانە، سەفەری ئاغای "گروبە" - نوێنەری پارلمانی سویس - و ١٤ ماف زانی دیکە بۆ تاران بوو کە پێشگیری لە ئیعدامی مەسعوودی ڕەجەوی کرا. - هفتەنامە مجاهد، نشریەء مجاهدین خلق ایران، شمارە اول، تاریخ یکم مرداد ماه ١٣٥٨.-

ئەو ڕێکخراوە بەهۆی ڕابردووی تێکۆشانی خوێناوی لەگەڵ ڕێژیمی پەهلەوی دووهەم، هەم لەلای رووحانییەت و هەم خەڵک بەتایبەتی خوێندکاران خۆشەویست و جێی ڕێز بوو. ئەو زۆر زوو گەشەی بەرچاوی کرد. ئەوڕێکخراوە، سەرکەوتنی شۆڕشی لە ئا. خومەینی وەک- ڕێبەری شۆڕش و خەڵکی ئێران، پیرۆزبایی کرد. بڵاوکراو(نشریە) ی موجاهید لە ١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا نووسی:" ئایەتوڵڵا خومەینی لە هەستیارترین کاتی ئەو خەباتە دا، بە عینوانی نوێنگە (تبلور) ی شەرەف و ئازادەیی، خەڵک نازناوی ئیمامیان پێدا." - موجاهید، ساڵی یەکەم، لاپەڕەی یەکەم. ویکی پدیا گووگل - لە هاوینی ١٣٥٨، مەسعوود ڕەجەوی و موسا خیابانی لەگەڵ ئا. خومەینی چاوپێکەوتنیان کرد.

حەوتوونامەی موجاهید- ئۆرگان یا زمانحالی موجاهیدین- لە تیراژێکی زۆر دا بڵاو دەکرایەوە. ڕادەی دەرچونی هەتا ٥٠٠ هەزار ژمارە بەرز ببۆوە. - هەمان سەرچاوە - ئەوان وێڕای پشتیوانی لە شۆڕش بە

ڕێبەری لیبراو(قاطع) ی "ئیمام خومەینی"، بیروڕای ڕێکخراوەیی خۆشیان بە شێوەگەلی بەربڵاو لە سەرانسەری ئێران دا، بڵاودەکردەوە و گرینگترین تریبوونی ئەو ڕێکخراوە "مجاهد" بوو.

موجاهیدین هەوڵێکی زۆری دا، لە ڕووداوەکانی سیاسی و غەیرە سیاسی دا، دەور و نەخشی گرینگی پێ بدرێ. بەڵام ئاخوندەکانی نێو شووڕای ئینقلاب و حجا، ئەو ئیزنەیان پێ نەدان.

موجاهیدین لەگەڵ هێرش و سەرکوتی گەلانی ئێران بەتایبەتی، کورد، عەرەب و تورکمەن موافیق نەبوون و سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان، هەڵوێستی باشیان هەبوو. ئەوان پێش فتوای خەزا(جیهاد) ی ئا. خومەینی بۆ سەر کوردستان نامەیەکیان بۆ ناوبراو ناردبوو و ڕێگای هێمنانە و بێ خوێنڕێژیان بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان پێشنیار کردبوو.

ئەو نامە سەرئاواڵەیە کە بۆ ئا. خومەینی نووسرابوو، پێش تێکهەڵچوونەکانی پاوە بوو. لە بەشێک لەو نامەیە کە لە ڕێکەوتی١٧ - ٥ - ١٣٥٨ بۆ خومەینی بەرێ کرابوو، وێڕای گەلاڵەیەکی پێشنیاری سەبارەت بە ڕێگا حەلی شووڕایی مەسەلەی کوردستان نووسرابوو: "گرینگترین مەسەلەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی وڵات، مەسەلەی میللییەتەکان و ناوچەکانی کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خۆزستانە کە بەداخەوە تا ئێستا کەمتر هەڵسوکەوتێکی ئەوتۆمان لە دەزگاکانی بەرپرسی پێڕاگەیشتن بەو مەسەلانە نەدیوە. ئەو کێشانە ئەوەندە گرینگن کە لەوانەیە بە دەستێوەردانی ئەرتەش، شەڕی نێوخۆیی و فاجیعەی میللی لێ دروست بێ. ئەوە لەحالێک دایە کەبە شاهیدیی تەواوی مێژوو، ئەو گیروگرفتانە، هیچ کات بە دەخاڵەتی ئەرتەش و بەشێوەی خوێنرێژی ناتوانێ چارەسەر بکرێ. هەروەها کام هێزی نیزامی لەو کاتی دا کە خوێنی خەڵکی بێ پەنا دەڕێژێ، دەتوانێ مەشرووعییەتی هەبێ.

ئێستا ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەقینەی خەڵکیانەی شۆڕشگێڕی و ئیسلامی چاو لە مەسەلەی نەتەوەکان بکەین، موشکیلاتەکان دەتوانن بە بێ کەمترین دەستێوەردانی ئەرتەش و توندوتیژی ڕێگای چارەسەریان بۆ ببیندرێتەوە. ڕێگا چارەیەک کە لەچوارچێوەی تەواویەتی خاکی خەوش هەڵنەگرتووی کۆماری ئیسلامی دا و بەدوور بێ لەهەرچەشنە شێوەیەکی جیاوازیخوازانە؛ کە بێشک تەواوی هێزە ئینقلابییەکانیش لەو ڕێگایە دا،بۆ هەرچەشنە یارمەتی و هاوکارییەک ئامادەن. مەسەلەی کوردستان بەهیچ شێوە، ڕێگە چارەی توندوتیژی نییە. ڕێگا حەلی شۆڕشگێڕی بنەڕەتی، بەرەسمی ناسینی مافی دیاری کردنی چارەنووس و ئیدارەی کاروباری نێوخۆیی لە چووارچێوەی تەوایەتیی خاکی وڵات دایە و...." - مجاهد شمارە ٧ ، ص ١، ٢٠ مهر ١٣٥٨-.

## موجاهیدین و ویلایەتی فەقیە

موجاهیدین لە پەیامێک دا بۆ ڕووحانییەتی موباریز، لەژێر سەردێڕی "ڕووحانییەتی شیعە لەسەر دووڕیانی مێژوویی" باسی ویلایەتی فەقیە و دەخاڵەت لەکارە ئیجراییەکان دوایی پتر لە ١٣٠٠ ساڵ دەکا. لە پەیامەکە دا، بەغەدر زانراوە کە کۆمەڵێک خۆیان بە ڕووحانی و پاک بزانن و خەڵکی دیکە بە نەحس و پیس.

بۆ ئیدارەی وڵات کە مەجلیسی خیبرەگان "فقیهی جامع الاشرایەت" ی پەسند کردوە، لە دنیای مودێڕینی ئەمڕۆ بە دروستی نازانێ. چونکە لە مەسەلە پڕکێشە و گرێ و گۆڵەکانی ئەو سەردەمە و چاوەڕوانی و پێشکەوتنەکانی، بە پێویستیان دەزانی کاری گشتی و پسپۆڕی و هەمە لایەنە بکرێ. دەسەڵاتی بڕیاردانی ڕەها بۆ تەنیا کەسێک بە پێی گرینگی ئێران و تایبەتمەندی مێژوویی و کێشە بەراییەکانی لەنێوخۆ و دورەوە و نەخشی ژئۆپلۆتیک و سیاسی لە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی، لەگەڵ ڕاستییەکان ناتەبایە.

هەروەها پەیامەکە کەسانێکی کە "ئیمام خومەینی" جیا دەکەنەوە و کۆی دەسەڵاتەکان بۆ ئەو بە مەشرووع دەزانن، بە ناڕاست لەقەڵەم دەدا. چونکە ئەو مرۆڤە و مرۆڤیش "جایزالخطا".

موجاهیدین ئەو پەیامە بەو دێڕانە تەواو دەکا کە:" ئەگەر سوننەتی شۆڕشگێڕی و گەلی تەشەیوع لەبەرچاو نەگرن و ڕێز بۆ شەهیدە شۆڕشگێڕەکان دانەنێن و سەرمەستی دەسەڵات و هێز بن، خۆتان بەدەستی خۆتان نەفی کردوە و دەبنە هاودەستی پلە چەندەمی زاڵمی کاربەستانێک کە بەدەسەڵات دەگەن." - مجاهد، شماره٧، صفحات ١ و ٢.-

دیارە موجاهیدین لەوکات دا، بیروڕای ڕووحانییەکانی بۆ بەدەستگرتنی هەمەلایەنەی دەسەڵات، بۆ پیادەکردنی ئیسلامی سیاسی باش لێک نەدەداوە و بۆخۆشی بەشێوەیەک، بە گەورەکردنەوەی خەتەری "ئیمپریالیزم" و تەنانە ت مەحکووم کردنی مافی مرۆڤ - کە ژمارەیەکی زۆری کادر و ئەندامی چالاکی ئەو ڕێکخراو و بەرپرسی یەکەمیانی لە مەرگ نەجات دابوو -، بە "پیلانی ئیمپریالیستی" دەزانی و ڕێگای بۆ دەسەڵاتی نگریسیان خۆش دەکرد. ئەو ڕێکخراوە پێی وابوو:" سیاسەتی مافی مرۆڤ دەیهەوی ڕووی دزێوی ئیمپریالیزم داپۆشێ"!؟ - مجاهد شماره ٥، صفحات ١ و ٢ .-

## موجاهیدینی خەڵق و پێش نووسی یاسای بنەڕەتی

باسی مەجلیسی موئەسیسان کە لە پاریس قسەی لێکرابوو و هەر لەویش وەک پێش نووسی یاسای بنەڕەتی گەڵاڵەیەک لەلایەن شارەزایان ئامادەکرا. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین، لە شووڕای ئینقلاب، گەڵاڵەی ناوبراو هاتەوە بەرباس و بەهێندێک دەسکاری پەسند کرا و وەک باس کرا لە ڕۆژنامەکان دا بڵاکراوە هەتا ئەوکات موخالیفەتێکی ئەوتۆشی لەگەڵ نەکرابوو و دیاردەی ویلایەتی فەقیهیشی تێدا نەبوو.

موجاهیدین ڕۆژی سێ شەممۆ ۹ی گەلاوێژی ۱۳۵۸ لە کۆنفڕاسێکی چاپەمەنی لە تاران لە بنەکەیەک - بە ناوی بزووتنەوەی میللی موجاهیدین-، بیروڕای خۆیان سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی پێشنیار کراو دەربڕی. مەسعوود ڕەجەوی لەوبارەیەدا کووتبووی: تەدوینی یاسای بنەڕەتی، بناخە و ڕێگاکانی ژیان و پێوەند داهاتوومان بۆ تۆمار دەکا. کەوابوو چارەنووسی مەحکەمەکان، هەڵسوکەوتی دادگاکان، تاوانەکانی ئەو کەسانەی دادگایی دەکرێن، جێی باس و لێوردبوونەوەن. پێویستە کۆمەڵگاکەمان وەک کەشتییەک سەیر بکەین کە بە تەدوینی یاسای بنەڕەتی، ڕوون دەبێتەوە بۆ کوێ دەچێ. ئایا بۆ لێواری نەجات و ڕزگاری کۆمەڵایەتی، ئازادی و یەکسانی یان پێچەوانەکەی بۆ قووڵایی تەفرەقە و جیاوازی، گێرەشێوێنی و هەرەج مەرەج و بەستراوەیی.

پێویستە بزانیین، باشترین شێوەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەرەوکۆێمان دەبا. کۆمەڵگای ناچینایەتی تەوحیدی یا ئەو بۆچوونە ئیدەئالی کۆمەڵایەتیی بە تایبەتمەندی ئیمامی زەمانی. داهاتووی کۆمەڵگە ڕوون نییە. نازانی بەرەوکوێ دەچێ و ئامانج لێڵە. ئایا بناخەی ئەو بینا کۆمەڵایەتییەی دایدەنێین، دەبێ بەهۆی چ کەسانێکەوە بەڕێوە بچێ و بگۆڕێ و بەڕێوە بچێ؟ پێویستە هەژارەکان یا کرێکاران و وەرزێران، ئەو کۆمەڵگایە دروست کەن و پشت بەوان ببسترێ.

ئێمە خوازیارین لەداهاتوو دا، ئابووری شتومەک(کالایی) و ئابووری قازانج پەرستانەی سەرمایەداری لرگۆڕەپانی جیهانی بەتەواوی لەنێو بچێ. باشتر نییە ئێمە بزانیین کە دەکرێ خاوەنداری بەرهەمهێنان گشتی بێ، نەک تایبەتی؟ یانی کۆمەڵگای چەوساوە لەئاکام دا، جێی خۆی بدا بە کۆمەڵگای بێ چینایەتیی تەوحیدی. کۆمەڵگایەک کە لەژێر ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی ئیمامی قائیم بێ؟ ئەوە ئامانجی نهایی ئێمەیە. بەڵام لە ئێستای شۆڕش دا، چمان دەوێ؟

شۆڕشی ئێمە دژی ئیمپریالیستی و ئیستیعماری یا داگیرکەری، سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییە. دەبێ ئەو دەورەیە

بەتەواوی تێپەڕێنیین هەتا بگەین بە مەرحەلەیەکی دیکە. کەوایە پێتان هونەر نەبێ کە دروشمی دژی چەوسانەوە بدین.

ئا. تالقانی لە رۆژی ٣٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا، سێ شتی زۆر گرینگی کوتوە کە گۆیا لە قوم قسەی لەسەر کراوە کە: ئێمە دژی سەرەڕۆیی بەهەر شێوەیەکین و دژی داگیرکەری و دژی چەوسانەوەین.

یاسای بنەڕەتی لەسەر دژی ئیمریالیست بوونی شۆڕشەکەمان پێداگر نەبوە و ئەو ئازادی یانەی کە پەیامی خوێنی شەهیدان بوە یانی ئازادی لە ژێردەستەیی و زوڵم، ئازادی میلیبیەتەکان لە ستەمی دووقات، ئازادی ژن، ئازادی تێکۆشانی سیاسیی و چاپەمەنی، ئازادی بیروباوەڕ و پێکهێنانی فەزایەکی ئەتۆ کە رۆڵەکانی ئێمە نەفەسی ئیدا بکێشن بەدی ناکرێن. چونکە ئازادی و رزگاری جەوهەری مێژووی مرۆڤە و رەوتی مێژوو هەمیشە لە رووبەری پێویستی ئازادی دایە. بەپێی ئەو بۆچوونە ئێمە رەخنە لە یاسای بنەڕەتی دەگرین و لە پێشی رادەوستین.

رەجەوی نیزامی شووڕایی بە تەنیا شێوەی ئیسلامی ئیدارەی کۆمەڵگا دەزانێ و لەبواری سیاسییەوە وەک ئەسڵێکی خەوش هەڵنەگری ئیسلام و قورئان بە شکلی حکوومەتی ئیسلامی و دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە قەڵەم دا. ئەو بە پێی تەفسیری ئا. تاڵقانی لە سوورەی "نازعات" - کە تلویزیونیش بڵاوکردبۆوە-، دەڵێ: مەسەلەی شووڕاکان بەهێند وەربگیرێ. چۆنکە سەرەڕای تەئیدی ئیمام و پشتیوانی ئا. تاڵقانی، دەستانێک لەکار دان بۆ ئیجرا نەکردنی ئەو دەستووره بنەڕەتیەی ئیسلام و پێشگیری لە دامەزرانی نیزامی شووڕایی. ئەو دەستانە هەر رۆژەی لە شوێنێک ئاژاوەی دەنێنەوە هەتا پێش خەڵک لە بەڕێوەبەری نیزامی شووڕایی بگرن. ناوبراو ئەسڵەکانی ٩١،٩٢، و ٩٣ی تەواوکەر(موتەمیم)ی یاسای بنەڕەتی پێشووی، لەگەڵ ئەسڵی ٣ی یاسای نوێ سەبارەت بە شووڕاکان هەڵسەنگاند و بەو ئاکامە گەیشت کە یاسای نوێ ٧٢ ساڵ لە یاسای پێشوو لەدواترە.

هەروەها لە خاڵی ٨ دا، باسی میلیبیەتەکان دەکا کە دەبێ چارەنووسی خۆیان بۆ خۆیان دیاری بکەن. رەجەوی دەڵێ: ئەوەی لە ئەسلی ٥ دا، بە پێی ئایەی ١٣ی سوورەی "حجرات" باسکراوە، کە میللەت و قەومە جۆراوجۆرەکان مافی وەک یەکیان هەیە، بەهیچ جۆر کیفایەت ناکا. مەگەر لە یاسای پێشووش دا نەنووسرابوو کە: تەوای میللەت لە بەرانبەر قانوون دا، یەکسانن. ئەوە تەواو نییە. چونکە مەسەلەیەکی میللی لە ئارا دایە. ئەگەر بەڕاست لەگەڵ نێوەرۆکی ئەو ئایەی هێنراوەتەوە موافیقن، دەبێ لە یاسای بنەڕەتی بەروونی بنووسرێ؛ ئەوان لەبەڕێوەبەری نێوخۆیان دەبێ چارەنووسی خۆیان تەعین بکەن. نە تەنیا هاووڵاتیانی ئێمە لە کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خوزستان. بەڵکوو لە هەموو شوێن و

پارێزگاکان. ئێمە بڕوامان بەو ناوەندگەراییەی تا ئێستا لە ئێرانێ دا بووە، نییە. جگە لەمانە، باسی ئابووری، نیزامی، کرێکاری، وەرزێڕی، سیاسەتی دەرەوە و.... هاتبوونە بەرباس.

لەهەمان کات دا، کە کۆنفڕانسەکە بەروتەواوبوون دەچوو، برادەرێکی بریندار وەژوور دەکەوێ. هەواڵنێران لە رووداوەکە ئاگادار دەکرێن. ئەو بریندارکراوە لەگەڵ دوو کەسی دیکە لەکاتی پێوەدانی راگەیاندراوی هەڵبژاردن، لەلایەن کەسانی چەقۆ بەدەست هێرشی بۆ کرابوو. - مجاهد، شمار ٣، سال اول، ص ٦، دوشنبه ١٥ مرداد ١٣٥٨-.

## موجاهیدینی خەڵق و هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان

بۆ تاوتوێ کردن و باس لە سەر بەرنووسی یاسای بنەڕەتی، بڕیار بوو مەجلیسی خیبرەگان هەڵبژێردرێ. موجاهیدین کە پێگەیەکی بەهێزی، لەتاران و ژمارەیەک لەشارەگەورەکان هەبوو و لەگەڵ چەند ڕێکخراوی دیکەی بەرەی میللی - مەزهەبی، کاندیدای هاوبەشیان هەبوو.

بەڵام حیزبی جمهووری ئیسلامی تازە دامەزراو هەم کەلکی لەفەزای نوێ وەردەگرت و هەم زۆربەی دەسەڵاتی بەڕیوەبەری بەهۆی پشتیوانی ئا. خومەینی، کۆمیتەکان و پاسداران لەدەستی دابوو. بەتایبەتی لە شووڕای ئیقلاب زۆر بەهێز بوو. بۆیە بەهەر فێڵ وتەڵەکەیەک بوو، زۆرینەی ئەو مەجلیسەی بەدەست گرت. - کاربەدەستانی ئەوکات غەدریکی گەورەشیان لە دوو گەلی کورد و ئازەری کرد کە دوای هەڵبژاردن ئیزنی بەشداریان بە هەڵبژێراوانی خەڵک نەدا بچنە ئەو مەجلیسە کە یاد بەخێران دوکتور قاسملوو و مهەندیس حەسەن نەزیە بوون. خومەینی لەم بارەیەوە کوتبووی: ئێمە هەڵەمان کرد. ئیزنمان بە قاسملوو نەدا، بێتە ئێرە و بیگرین. نوێنەری خەڵک و گرتن!؟-

موجاهیدین لەگەڵ "جنبش انقلابی مردم ایران (جاما)، جنبش مسلمانان مبارز و سازمانی اسلامی شورا (ساش) " دە بەربژاری هاوبەشیان هەبوو. کە بریتی بوون لە:" ئاتەتوڵڵا(ئا) تاڵقانی، د. حەبیبوڵڵا پەیمان، د. عەلی ئەسغەر حاجی سەیدجەوادی، مەسعوود ڕەجەوی، د. کازم سامی، م. عێزەتوڵڵا سەحابی، خانم د. تاهیرە سەفارزادە، حوجەتوئیلئیسلام(ح) عەلی گوڵزادەی غەفووری، د. ناسر کاتوزیان و عەبدولکەریم لاهیجی.

ئەوان لە ئاکامی هەڵبژانەکە نارازی بوون و لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا، بۆ "آیت الله العظمی خمینی"، لە خەوشدار بوون هەڵبژاردن لە تاران، ساختەکاری، کەلک وەرگرتن لە دەسەڵات، دوا بوون. ئەوان

ئاماژەیان بە ٢٠٠ فەقرە سکاڵا و بەتاڵ کردنی سندووق گەلێکیان لە لایەن بازاریەکان کرد بوو و ئاکام دا پێیان وابوو، مەجلیسێکی لەو چەشنە ناتوانێ نوێنەرایەتیی بیروڕای شۆڕشگێڕانی نەسلی جەوان و ڕووناکبیری موسڵمان بکا. هەروەها ئەو مەجلیسە ناتوانێ وڵامدەری، هەستیارترین، داخوازییەکانی خەڵکی ئینقلابی موسڵمان لەچوارچێوەی تەدوینی یاسای بنەڕەتی دا بێ. ئەو چوار ڕێکخراوە ١٢ مادەیان بۆ چارەسەری کێشەکانی گەلانی بەرایی لە ئێران و وڵامدانەوەی یاسایی بناخەی پێکەوە ژیانی بێ توندوتیژی کردبوو. - مجاهد شماره ٤-

موجاهیدین دواتر بە جیا بیروڕای خۆی لە سەر مەجلیسی خیبرەگان لە مەتڵەبێک، بەناوی "خیبرگان لە تەرازووی داوەری" دا، بەوشێوە دەنووسێ: سەبارەت بە تاوتوێ کردنی یاسای بنەڕەتی لەو مەجلیسەدا، شێوەی هەڵبژاردن و هەڵسوکەوتەکان قسە لەسەر دوو جۆر ئیسلامە. ئیسلامی عەلەوی - کە موجاهیدین لایەنگریەتی - و ئیسلامی مەهدەوی - کە بناژۆیەکان و زۆربەی کاربەدەستان- ، بەسەر کۆمەڵگای دا، دەسە پێنن.

ئەوان دەنووسن: ئێمە بەهیچ جۆر، ئەو پاساوە کە لەبەر کەمبوونی کات و درێژەکێشانی باسەکان لە مەجلیسێکی" نوێی هەڵقوڵاو" بە ناوی خیبرەگانی جێنشینی دامەزراوان (موءسسان)، قبووڵ ناکەین.

ئەوان ئەو مەجلیسە بەو نێوەرۆکە، بە بێ نرخ دەزانن بۆ پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی، دژی ئیمپریالیستی، دژی ئیستیعماری و دژی چەوسانەوە. موجاهیدین لە سەر نیزامی شووڕایی، ئازادی - تا سنووری چەکداری-، کار کردن - وەک بناخەی نرخ دانان -، پێ دادەگرێ و دەڵێ: ئەوکاتی کە دەنگی بەڵێ - مان بە کۆماری ئیسلامی دا،بەو تێبینییەی بوو کە: کۆماری ئیسلامی بەڵێ، کەلکی خراپ لە ئیسلام وەرگرتن هەرگیز. - مجاهد شماره ٨ -.

## داگیرکرانی باڵیۆزخانەی ئەمرێکا و موجاهیدینی خەڵق

لە ١٣ی گەلاڕیزانی ١٣٥٨ (١٩٧٩)، ژمارەیەک لەخوێندکارانی ئیسلامی بناژۆ کە خۆیان بە خوێندکارانی موسڵمانی خەتی ئیمام ناساند - هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد -، بە لەژێر پێ نانی یاسای نێودەوڵەتی، باڵویزخانەی ئەمریکایان داگیر کرد.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، پشتوانییەکی گەرم و بێ ئەم لاو و ئەولای لێکرد. لە بڵاوکراوەی ژمارە ١٠ی موجاهید، کە چەند لاپەڕەی تایبەتی داگیرکرانی باڵویزخانەی ئەمریکا لە تاران درچووبوو، لە

مانشێتی لاپەڕە یەکەمی دا، نووسراوە: "شور ضد امپریالیستی خلق قهرمان ایران خروشان باد." پاشان دەچێتە سەر رووداوەکە و دەنووسێ: پێش نیوەڕۆی ۱۳ی خەزەڵوەر لە ساڵوەگەڕی لەخوێن وەردانی قوتابیان، شاهیدی گیرانی یەکێک لە هێلانە جاسوسییەکانی ئەمریکا لە ئێران بووین. بەم شێوە سەدان کەس لە خوێندکار(دانیشجوو) انی خەتی ئیمام، دوای ڕێپێوانێکی کورت بە دروشمەکانیان کە لاینگری لە ئیمام خومەینی و بە دژی ئیمپریالیسمی ئەمریکا بوو، ئەو ناوەندە سیخوڕیەیان گرت.

ڕێپێوانی خەلکی شارە جۆراوجۆرەکان، نیشانەی "تووڕەیی (خشم) موقەدەس"، بەدژی ئەمریکایە کە لە ئاورتێبەردانی ئاڵای ئەو ولاتە دا، خۆ دەنوێنێ.

لە لاپەڕە ۷ ش دا، لە ژێر سەردێڕی" لە ئێرانێ دیسان شۆڕش(ئینقلاب) ە" قسەکانی خومەینی چاپ کردوە کە دەڵێ:

١- لە ئێرانێ دیسان ئینقلابە. ئینقلابی گەورەتر لە ئیقلابی پێشوو. لەو شۆڕشە دا، شەیتانی گەورە ئەمریکایە.
٢- ئەمڕۆ کردەوە چەپەڵەکان بە نهێنی لە ئارا دان کە لەو باڵوێزخانەیە، گەلالە ڕێژی دەکرێن. قوتابییەکان، خوێندکاران و محەسیلانی علوومی دینی ئەرکیانە بە هەموو هێز و توانا، هێرشەکانی خۆیان دژی ئەمریکا و ئیسراییل، بەرفراوان بکەن و ئەمریکا والێبکەن کە شای لەسەرکار لابراو و جینایەتکار تەحویل بداتەوە.
٣- پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا، پێوندی تالان کراوێک لەگەڵ تالان چییەکە. میللەت بۆ هەموو شتێک ئامادەیە.
٤- درێژەی پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا، چ قازانجێکی هەیە. یاڕەبی ئەو پێوەندییە هەرچی زووتر نەمێنێ.

هەروەها لە لاپەڕەکانی ١ و ٧ ژمارەیەکی زۆر دورشمی دژی ئەمریکا، کە هەموویان، باسی لەنێوچوونی ئەمریکا و شەڕ و کوشتارن و بۆنی خوێنیان لێ دێ، چاپ کراون. وەک:

آمریکا، آمریکا دشمن خونخوار خلق   مجاهد، مجاهد، حامی پیکار خلق

ئەمریکا، ئەمریکا دوژمنی خوێن خۆری گەل   موجاهید، موجاهید، پشتیوانی خەباتی گەل

دروشمێکی گرینگی دیکەش، لە خوارووی لاپەڕە ٧ دا بە خەتی گەورە نووسراوە کە: "خەبات لەگەڵ ئەمریکا کلیلی رەمزی ئێمەیە". جگە لەوەش موجاهیدین دەنووسێ "ئێمە لە ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) وە لە بێدادگاکانی رێژیمی شا هاوارمان دەکرد، دوژمنی ئەسڵی ئەمریکایە."

لە لاپەڕەی ١٢ ش، تێلگرافێکی بۆ خومەینی بە شێوەیە ناردوە: "ئێستا کە شۆڕشی ڕزگاری خوازی ئیسلامی و دژی ئیمپریالیستی ئێران، بە ڕێی ڕاستتەقینەی خۆی دیسان بەرەوسەر چوە و دەیهەوێ ریشەکانی ئیستیعماریی و ئەمریکایی شای خائن لە بن ڕا ببڕێ و پێش بە گەڕانەوەی هەرچەشنە ڕێگایەک لەوان بگرێ:

رۆلەکانی موجاهیدی تۆ کە خوازیاری شێلگیری درێژەدانی رەسالەتی ئێوەیە، گیانە ناقابیلەکەی کە کەمترین خۆبەخشی ئازادیی، ئەو خەڵق و مەکتەبەیە، لەسەر دەستمانی دەدەنێین و ئامادەیی بەخشینیانین و بە هەموو توانا کەمترە سیاسی و نیزامی - یەکەمان، رادەگەیەنیین.

چاوەڕوانی فەرمانی لێبراوی ئیمام - ین لە ریشەکیش کردنی هەموو بونیادەکانی ئیمپریالیستی و سەهیۆنیستی.

موجاهیدینی خەڵقی ئێران ١٤ - ٨ - ١٣٥٨

- نشریەی مجاهد، شمارە ١٠، دوشنبە ٢١ آبانماە ١٣٥٨.-

## یاسای بنەڕەتی و موجاهیدین

موجاهیدین کە بەپێی سێ قسەکەی ئا. تاڵقانی یانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی، ئیستیعماری و چەوسانەوە (ئیستیسماری)، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران و قوم دەکرد. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خیبرەگانی ڕێبەڕی و ئیزن نەدان بە دەنگ هێنانەوەی زۆربەی بەربژارەکانی موجاهیدینی خەڵق، بەدیل دروست کردنی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لە بەرابنەریان دا، گرتن و ئازاردانی لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵق لە گرتوخانەکانی ئێران دا، گوێ نەدان بە بەرنامەی ئەو رێکخراوە بۆ ئیدارەی وڵات، نەخوێندنەوەی تێکۆشانی ١٤ ساڵەی ئەوان(٥٧- ٤٤)، بەپێچەوانەی بەڵێنیەکانی خومەینی و کاربەدەستەکانی دیکەی نیزامی نوێ، بە موجاهیدین بوو.

ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە یاسای بنەڕەتی بۆ ئیدارەی وڵات لەژێر چاوەدێری ویلایەتی فەقیە و شیعەی مێهدەوی لەبەرابنەر شیعەی عەلەوی دا، - کە موجاهیدین خوازیاری بوو -. فێڵ و تەڵەکەی حیزبی جمهووری ئیسلامی - تازە دامەزراو و رووحانییەتی هاوکاری -، لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی یاسای بنەڕەتی و گۆڕینی چەند ماددەی گرینگی پێش نووسی ئەو یاسایە، موجاهیدینی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە دەنگی ئەرێنی(بەڵێ) بە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی نەدا.

موجاهیدین لەوبارەوە دەنووسێ: سەبارەت بە ڕێفراندۆمی یاسای بنەڕەتی و بەتایبەتی کاتێک بەناوی ئیسلام - کە مەسەلەکە لەبواری ئیدئۆلۆژیکی ئێمەی زۆر حەساس دەکرد -، ئەسڵە پەسند کراوەکانی بەهۆی ناتەواویەکانی ئیدئۆلۆژیکی کە تێماندا دەدیت، نەمانتوانی دەنگی موسبەتی پێ بدین و ئەوجار زەرووڕەتە سیاسییەکانمان وەلا نا. لەوبارەیەدا، چەند جار تێبینیەکانی خۆمان چ بەشێوەی ئیلگراف بۆ خزمەت ئیمام و چ بۆ شووڕای ئینقلاب نارد و پێشنیاریشمان بە مەجلیسی خیبرەگان کرد کە بۆچوونە "مکتبی"یەکانی ئێمە لە یاسای بنەڕەتی دا بگونجێنن. بەڵام وڵامیان نەدایەوە.- مجاهد شمارە ۱۹، سال اول، سەشنبە ۲۵ دیماه ۱۳۵۸، ص ٦.-

د. حەسەن ئایەت - هەئیەتی دامەزرێنەر، ئەندامی شووڕای ناوەندی و دەبیری سیاسی حیزبی جمهووری ئیسلامی - لە دوو کاسێت دا، باسی بەرنامەڕێژی بۆ خولقاندنی رووداوە تاڵەکانی گۆڕینی یاسای بنەڕەتی و هۆی هێرش بە زانستگاکان و کەساتەتییەکانی نێهزەتی ئازادی و موجاهەینی خەلق دەکا، کە جێی سەرنجە.

ناوبراو سەبارەت بە پێشنووسی یاسای بنەڕەتی دەڵێ: ئەگەر ئەو پێشنووسەی د. سحابی و... نووسیبوویان پەسند دەکرا، ئەسڵەن ئینقلاب لەنێو دەچوو. ئێستا بەنی سەدر سەرکۆمار و هەمەکارە بوو.هەم دیتوانی مەجلیس هەڵوەشێنێ، هەم قازییەکانی دادگوستەری دەسنیشان بکا و ئەرتەشی لەژێر فەرمان دابێ. هەموو شتێک لەژێر چاوەدێری ئەو دا دەبوو.- دیارە ئەو قسانە پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری کراون.-

ئەو دەڵێ: ئێمە چوینە نێو قانوونەکە.فەرماندەری هێزە نیزامییەکانمان دا بە ڕێبەر. ئەگەر رێنەر سەرکۆماریش بکاتە نوێنەری خۆی، ئەسڵ نییە. هەرکات بیهەوێ دەتوانێ لێی وەرگرێتەوە. دەسەڵاتی تەواومان داوە بە مەجلیس. سەرکۆمار تەنیا دەتوانێ میداڵان بدا و وەریانگرێتەوە. باڵوێزی وڵاتان ببینی. ئەگینا هیچ دەسەڵاتێکی نییە. - روزنامەء مجاهد شمارە ۹۳، سال اول، شنبە ۳۱ خرداد، ص ٤ - - بڵاوکراوەی موجاهید لە ژمارە ٥٠ ڕا کە حەوتوانە دەردەچوو دەبێتە ڕۆژانە -.



سەرچاوە Serchawe

## بەربژاری سەرکۆماری ڕەجەوی

لە بەرەبەری هەڵبژاردنی یەکەمین سەرکۆماری دا، موجاهیدین، ئا. خومەینی بۆ ئەو پۆستە کاندید کرد. بڵاوکراوەی موجاهید نووسی: موجاهیدینی خەڵقی ئێران، بە پێی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مەوجوود و لەبەرچاوگرتنی مەسەلە نەتەوایەتی و نێونەتەوایەتییەکانی وڵاتەکەمان، ڕێبەری شۆڕش "امام خمینی"، بە شایستەترین کەس بۆ هەڵبژاردنی پۆستی سەرکۆماری دەزانیین و لە هەڵبژاردنی داهاتوو دا، دەنگی خۆمانی دەدینێ - مجاهد، شماره ١٦، سال اول، صفحهء اول، سەشنبه ٤ دیماه ١٣٥٨-.

هەروەها لە لاپەڕەی ١٢ و لە درێژە دا، ئاماژە بەو دەکا کە : هەتا پێش مەرگی باوکە تاڵقانی، هیوای ئێمە ئەو بوو کە بە قبووڵی ئەو بەرپرسایەتییە لەلایەن ئەو، زەحمەتەکانی ئیمام کەمتر دەبێتەوە. بۆیە لەهەلومەرجی ئێستا دا، ناچارین بۆ یەکیەتیی دژی ئیمپریالیستی خەڵکەکەمان و پێشگیری لە گەشەی دووبارەی سەرمایەداری بەستراوە و پێگە لیبراڵییکەی و بۆ پێداگریی مافی هەموو ناوچەکان و میللییەتەکانی نیشتیمانەکەمان (کە بەتایبەتی لە پەیامی ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاڕێزان (خەزەڵوەر)، لەسەر بنچینە دیاری کردنی شێوەیەک مافی چارەنووس و ئیدارەی نێوخۆیی، خوشک و برایانی کوردمان بەڕوونی هاتوە)، زەحمەت و فشارەکانی دووقات قبووڵکە و بەرپرسایەتیی سەرکۆماریش وەئەستۆ بگرە.

بە بڕوای ئێمە، قبووڵی ئەو بەرپرسایەتییە و کۆبوونەوەی ڕێبەری و سەرکۆماری لەلایەن ئێوە، یەکێک لە کەمایەسییەکانی یاسای بنەڕەتی کەم دەکاتەوە و... بەڵام چونکە خومەینی ئەوکات - هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد. - پێی وابوو رووحانی (مەلا)، نابێ لە پۆستی سەرکۆماری دا بێ، نە بۆخۆی وڵامی داوای موجاهیدین و ڕێکخراوەکانی نزیک لە بۆچوونی ئەوی داوە و نە ئیزنی بە کەسێکی دیکەی رووحانییش دا، خۆ بۆ ئەو پۆستە بەربژار بکا.

دوای ماوەیەک چاوەڕوانی لە سەر بڕیاری خومەینی کە ڕاگەیاندرا: یەکەم، ئیمام نامزەدی سەرکۆماری نییە و دوویەم، تەئیدی سەلاحییەتی بەربژارەکانی یەکەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بە خەڵک سپاردوە، مەسعوودی ڕەجەوی بۆ یەکەم دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران کاندید کرا.

موسا خیابانی لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەوبارەوە کوتی: ئێمە چاوەڕوان بوین هەتا بەتەواوی لە

بڕیاری قبووڵ کردن و قبووڵ نەکردی ئیمام یا ئەوەی کە، ئەو سەبارەت بە کەسێک بیروڕایەکی تایبەتی هەیە، ئاگادار بین. هەتا ئەوەی ئەمڕۆ بە فەرمی ڕاگەیاندرا کە ئیمام کاندیدای سەرکۆماری نییە و مافی تەئیدی سەلاحیەتی بەربژارەکان لە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، دەدا بەخەڵک.

هەروەها، بەو پێیەی کە دوای ڕاپرسی یاسای بنەڕەتی لەبواری بڕیاردانی سیاسی دا، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە؛ دوای باسێکی زۆر لەنێو خۆمان دا، بەو ئاکامە گەیشتوین کە هەموو هێزە سیاسییەکانی گۆمەڵگا و خۆشمان چ ئەوانەی لە ڕاپرسییەکە دا بەشداریان کردوە چ ئەوانەی نەیانکردوە و هەر بیروڕایەکی هەیانە یا بوویانە، هەوڵ بدەین لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری چالاکانە هەڵسوکەوت بکەن. - مجاهد، شماره ۱۸، سال اول، ص ۲.-

مەسعوود ڕەجەویش لە ناساندی خۆی بۆ بەربژاری یەکەمین خولی سەرکۆماری دا، کوتی: بە بڕوا و بیروبۆچوونی ئاڕمانی و سیاسییمان لە چوارچێوەی یاسای بنچینەیی پەسند کراو دا، بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، ئامادەبوونی خۆمان ڕاگەیاند. بەتایبەت بۆ نەهێشتنی کەمایەسیەکانی ئەو یاسایە و پێویستی بیروڕای گشتی و تەدوینی موتەمیم، پەسند کراوە....

ئێستا ئێمە لە کوورانی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی دژی ئیمپریالیستی و ئیسلامین کە خول و هەنگاوی یەکەمی یانی خەباتی دژی سەلتەنەتی لەژێر ڕێبەری پێ داگری ئیمام خومەینی- مان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندوە و هاتوینە نێو خولێکی دژوارتر لە تێکۆشانی دژی ئیمپریالیستی.

پیلانەکانی بەردەوامی ئیمپریالیستەکان لە نیشتیمانەکەمان، پێویستی بە باس کردن نییە. ئەوان دەیانەویست بە سەقامگیری هەلومەرجی ئاڵوگۆڕخوازەکان، شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەیان لابرن و بەسازان، ڕێگای گەڕانەوەی وەزعی پێشوویان خۆش دەکردە. لەبەر ئەوەی بوو لە چەند مانگی ڕابردوو دا، شۆڕشی ئێمە تووشی هێندێک داکشان و سەرەولێژی و ناکۆکی ببوو. بەڵام بەخۆشییەوە بە ئیلهام لە بیروبۆچوونی دژی ئیمپریالیستییەکانی ئیمام خومەینی، خوێندکارەکانی قارەمانی پەیرەوی خەتی ئیمام شۆڕشێکی نوێیان دروست کرد و جارێکی دیکە ئینقلابی ئێمەیان هێناوە سەر ڕێگای ڕاستی خۆی. سروشتییە کە ئەو ڕێبازە دژی ئیمپریالیستییە، دیسان پتر لە پێشوو بەربڵاو بێ و پەل باوی و یەکیەتیی هەموو خەڵک مسۆگەر بکا." - مجاهد شماره ۱۸.-

## مافی گەلانی ئێران لە بەرنامەی ڕەجەوی دا

هەڵویستی موجاهیدینی خەڵق لە پێوەندی لەگەڵ گەلانی ماف پێشێل کراوی غەیرە فارس لە ئێران دا، لەگەڵ کردەوەکانی دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی جیاوازی هەبوو. ئەو ڕێکخراوە لە گەڵاڵەیەکی پێشنیاری سەبارەت بە حەلی شووڕایی مەسەلەی کوردستان دا، نووسیبووی: بەگشتی مەسەلەی کوردستان هیچ ڕێ حەلێکی نیزامی نییە. ڕێگە چارەی شۆڕشگێڕی و خەڵکی ئەو مەسەلەیە، بەڕەسمی ناسینی مافی چارەنووس و ئیدارەکردنی کاروباری نێوخۆیی ئەوان لەچوارچێوەی تەواویەتیی خاکی وڵات بەدی دێ.

موجاهیدین، لە نامەیەکی سەرئاواڵە لە ڕێکەوتی ١٧ - ٥ - ١٣٥٨ بۆ "امام خمینی" نووسیبوویان: گرینگترین مەسەلەی ئێستای گۆڕەپانی سیاسی وڵات مەسەلەی میللییەتەکان و ناوچەکانی کوردستان، گونبەد، بلووچستان و خوزستانە، کە بەداخەوە تا ئێستا بەرپرسایەتییەکی ئەوتۆمان لە دامەزراوەکانی پێڕاگەیشتن بەو مەسەلانەمان نەدیتوە. دوور نییە کە بە دەستێوەردانی ئەرتەش فاجیعەیەکی میللی و شەڕی نێوخۆیی سەرهەڵداتەوە. لە حاڵێک دا، بە شاهیدی تەواوی مێژوو، ئە مەسەلانە هیچ کات بە زۆرەملی و دەخاڵەتی نیزامی و بە خوێنڕێژی چارەسەر ناکرێن. هەروەها کام ئەرتەش لە کاتی خوێن ڕشتن و کۆشتاری خەڵکی بێ پەنا دا، دەتوانێ مەشرووعییەتی هەبێ.

ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕاستەقینانە، خەڵکی، ئینقلابی و ئیسلامی، چاو لە مەسەلەی نەتەوەکان بکەی؛ گیروگرفتەکان، دەتوانن بێ کەمترین دەستێوەردانی ئەرتەش و هێزە زۆرەملیەکان، حەل بکرێن. - مجاهد شماره ٧ ، ص ١، ٢٠ مرداد ١٣٥٨-.

هەروەها لە بەرنامەی بەربژاری سەرکۆماریی ڕەجەوی دا، خاڵی ٥ تایبەتی بە مەسەلەی نەتەوەکانی بەرایی ئێران بوو، کە یەکێک لە مەسەلە گرینگەکانی پێکهاتەی جوغرافیای ئێرانە کە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە بنەڕەتییە و هەوڵ دان بۆ چارەسەریی لە ڕێگای ئاشتی و وتوووێژ بە مافی بەرانبەر، ئیمکانی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی گەلانی بەرایی ئێرانی زۆر دژوار دەبێ.

بەگشتی ئەو ١٠ خاڵەی بەرنامەی بەربژاری ڕەجەوی بۆ هەڵبژاردنی بە سەرکۆماریی دیاری کرابوون، ئەگەر ئیزنی پێ درابا و بەکردەوە کاری پێکرابا، ئێستا ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سەرکەوتووترین سیستێمی دیموکڕاسی و پێکەوەژیانی گەلانی ماف پێشێل کراوی غەیر فارس لە مێژووی ئەو ناوچەیە دا، تۆمار دەکرد. ئەو ١٠ خاڵە بریتی بوون لە:

١- شووڕاکانی خەڵک.
٢- یەکگرتوویی دژی ئیمپریالیستی تەواوی خەڵکان.
٣- سەربەخۆیی، تەواییەتی خاک و دەسەڵاتی گەل.
٤- ئازادی تەواوی ئەحزاب، بیروبڕواکان و چاپەمەنی.
٥- مافی میللییەتەکان.
٦- ئەرتەشی ٢٠ میلیۆنی.
٧- یەکسانی ژن و پیاو.
٨- یەکسانی ئیسلامی، تەشەیۆع و تەسەنوون.
٩- زەمین بۆ وەرزێر، کار بۆ کرێکار.
١٠- خانوو، بێهداشت، خوێندن بۆ هەموان.

- مجاهد شماره ١٨، ص ١٢.-

## پشتیوانی کوردەکان لە بەرنامەی ڕەجەوی

ئەو بەرنامەیە، پشتیوانیی گەلانی بەرایی ئێرانی، بۆ لای خۆی ڕاکێشا. گەلی کورد و تێکۆشەرەکانی، بەتایبەتی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد - کە پێک هاتبوو لە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی - سەرۆک-، حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) - وتەبێژ -، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و ڕێکخراوی چریکە فیدابیەکانی خەڵکی ئێران (لقی کوردستان)، ئەندام.- پشتیوانی لێکرد. هەروەها مامۆستا شێخ عێزەدین، حدک و کۆمەڵە بە جیاش پشتیوانیان لە کاندیداتۆڕی مەسعوود ڕەجەوی و بەرنامەکەی کرد.
پشتیوانییەکان بەم جۆرە لە بڵاوکراوەی موجاهید دا، ڕەنگیان داوە.

بە پێی هەواڵی هەواڵدەریەکان، ئاغای شێخ عیزەدین حوسێنی لە پێوەندییەکی تەلەیفونی دا، ڕایگەیاندوە کە: "لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، بەشداری دەکا و بە مەسعوود ڕەجەوی کاندیدای سازمانی موجاهیدینی خەڵک، دەنگ دەدا.

ناوبراو پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بە سەرنج دان بە بەرنامەی سەرکۆماری کە لەلایەن (سمخا) و هەڵوێستەی لەسەر گەلاڵەی ٢٦ مادەیی بۆ کوردستان کردوە کە نیشانەی گرینگی پێدانی تایبەتییە بە داخوازەکانی گەلی کورد. هەروەها بەرگریی لە ئازادیی تاکە کەسی و گشتییەکان لە سەرانسەری ئێران دا.



سەرچاوە
Serchawe

بەرنامەی دژی ئیمپڕیالیستی مەسعوود ڕەجەوی جێی سەرنجی خەڵکی کورد و پەسندی هەمە لایەنەی ئەو دەبێ.

## ڕاگەیاندراوی ژمارە ۹ی هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد

هاووڵاتیانی تێکۆشەر
خەڵکی خەباتگێڕی کورد

هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد، بە ڕای گشتی ڕادەگەیەنێ کە، لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا، بەشداری دەکا و بە ئاغای مەسعوود ڕەجەوی بەربژاری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران، دەنگ دەدا. ئەو بەشدارییە لەبەر بوونی لایەنی ئەرێنی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی (سمخا) بوو. بۆ وێنە پێداگریی بە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دیفاع لە ئازادیە دێموکڕاتیکەکان و بە تایبەتی گەڵاڵەی ٢٦ مادەیی، خودموختاری کوردستان، بەعینوانی بناخەیەکی موناسیب بۆ وتووێژ.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان و سەرانسەری ئێران، داوا دەکا لەو هەڵبژارەنە دا، چالاکانە بەشداری بکەن و بە ئاغای مەسعوود ڕەجەوی کاندیدای (سمخا)، دەنگ بدەن.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد

٢١ - ١٠ - ١٣٥٨

ئاغای فاتح شێخولئیسلامی ٢٦٨٤ - ٠٤٤٢١

## ڕاگەیاندراوی کۆمەڵە

ڕاگەیاندراوی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)، سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری

هاووڵاتیانی شۆڕشگێڕ

ڕێکخراوی ئێمە لەو ڕێگایەوە بە ئاگاداری هەموو لایەک ڕادەگەیەنێ کە ئێمە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بەشداری دەکەین و بە ئاغای ڕەجەوی کاندیدای سازمانی موجاهیدینی خەڵق، دەنگ دەدەین. ئاشکرایە کە بەشداری ئێمە لەو هەڵبژاردنە دا و داوا لە هاووڵاتیان بۆ بەشداری چالاکانە و دانی دەنگی موسبەت بە ئاغای مەسعوود ڕەجەوی بە مانای پەسند کردنی یاسای بنەڕەتی نییە، بەڵکوو لەبەر بەدیکردنی لایەنەکانی ئەرێنی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی (سمخ) و بۆ کۆکردنەوەی هەمەلایەنی خەڵکی ئێران لە دەوری بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی دێموکڕاتیک و دژی ئیمپریالیستییە.

ئێمە ڕاگەیاندن و شیکردنەوەی خۆمان، سەبارەت بە هۆیەکانی بەشداری لە هەڵبژاردن و هەڵوێستی کۆمەڵە لە ڕەخنەی لە کەموکووڕیەکان و ناڕوونی بەرنامەکانی هەڵبژاردنی (سمخ) بە ئاگاداری خەڵکەکانی وڵاتەکەمان دەگەیەنیین.

سازمانی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)

١٢ — ١٠ - ١٣٥٨

دەفتەری کۆمەڵە - مەهاباد ٢٣٥٥- ٠٤٤٢١

## ڕوانگەی حدک

### ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (ئێران)، سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری

هاووڵاتییە بەڕێزەکان
خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان

هەروەک ئاگادارن، یەکەمین دەورەی هەڵبژاردن سەرکۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژی پێنجەمی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە سەانسەری وڵات بەڕێوە دەچێ. لەوبارەوە بە پێویستی دەزانین، لە ئێستاوە بیروڕای خۆمان، بە ئاگاداری هەموو گەلانی ئێران بگەیەنین.

بە سەرنج دان بە رابردووی تێکۆشانی دژی ئیمپریالیستی میللی و دێموکڕاتیکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و بە لەبەرچاو گرتنی کەسایەتیی بەربژاری ئەو سازمانە، برای خۆشەویست مەسعوود

رەجەوی و بەرنامەیەکی کە لە لایەن ئەو ڕاگەیاندراوە؛ بەتایبەتی ئاماژی ڕاشکاوانە بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلانی ئێران و قبوولی گەلاڵەی ٢٦ مادەیی خودموختاری هەئیەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، بەعینوانی بنەمایەک بۆ وتوویژ بەمەبەستی ڕێگە چارەی نیهایی مەسەلەی کوردستان، حدکا داوا لە هەموو ئەندام و لایەنگر و دۆستانی خۆی دەکا، لە کوردستان و هەموو ناوچەکانی وڵات دەکا، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، بەشداری بکەن و بە کاندیدای (سمخا)، برادەر مەسعوود ڕەجەوی دەنگ بدەن.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

- مجاهد شماره ١٩، ص ١٠.-

هەروەک ئاماژەی پێکرا، مەسعوود ڕەجەوی بەهۆی دیفاع لە ئازادی و مافی گەلانی ئێران، پشتیوانی باشی لێکرا. بەتایبەت لەلایەنی گەلی کوردەوە، ئیمکانی سەرکەوتنی ئەو، لە بەربژارەکانی دیکە پتر بوو. بۆیە کۆمەڵی فداییانی ئیسلام لە نامەیەکی سەرئاواڵە دا، بۆ شووڕای ئینقلاب، خوازیاری لابرانی هێندێک لە کاندیداکان بوون. ئەوان نووسیان: ئەگەر ولامیان نەدرێتەوە بۆخۆیان دەست بەکار دەبن. - مروری بر پیشینەی ٨ دور انتخابات ریاست جمهوری در ایران (رئیس جمهور نافرجام، روزنامەی ایران، شماره ٣١٣٣، یکشنبه ٢٥ اردیبهشت ١٣٨٤).

پاشان لە ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٥٨، فدائیانی ئیسلام پرسیاریان لە ئا. خومەینی لە بارەی کاندیداکان و بیروڕای ئەوان سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی کرد. ئەو لە وڵام دا کوتی:" کەسانێکی دەنگیان بە یاسای بنەڕەتی نەداوە، سەلاحییەتی سەرکۆمار بوونیان نییە." بەم شێوەیە، دەستووری لابرانی مەسعوود ڕەجەوی درا. - انتخابات ریاست جمهوری اول و هفتم در وب گاه روزنامەی ایران - شماره ٢١٤٧، دوشنبه ٢٠ خرداد ١٣٨١-

موجاهیدین سەرەتا ڕاگەیاندراوێکی دا، کە زۆر بەدڵ ئاواڵەیی، دەست هەڵگرتنی مەسعوود ڕەجەوی لە کاندیداتۆری یەکەمین دەورەی سەرکۆماری قبووڵ کرد. ئەو ڕێکخراوە لەو ڕاگەیاندراوە، ئەوپەڕی حوسینی نییەتی خۆی نیشان دابوو و خوازیاری هەرچی باشتر بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کەش وهەوایەکی ئارام دابوو.- مجاهد شمارەء ٢٠ -. بەلام ڕووداوەکانی دواتر، کێشەکانی بەرەو ناکوکیی و بیروڕای جیاوازی زیاتر برد.

## هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا و موجاهیدینی خەڵق

مەجلیسی شوورای میللی، وەک دەزگای یاسا دانان، شوێنکی گرینگی دیکەی ململانێی حیزب و ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتدار و دەرەوەی دەسەڵات بوو. ئەو شوێنە یەکێک لە هێماکانی دیمۆکراسییە وبەشداری گەل و هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس (پارلمان) چارەنووسی زۆربەی پێکهاتەی دەسەڵاتی و چۆنیەتی بەڕیوەچوونی دەسەڵات دیاری دەکا. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە تورکیە و ئیسراییل - وەک دوو وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نیوڕاست - و لە عێراقی نوێ دا، دوای ٢٠٠٤ بکەین. بەڵام لە ئێرانێ مەجلسێکی تایبەتییان دروست کرد.بەوپێیە هەم بۆ موجاهیدینی خەڵق هەم بۆ حدکا- کە پێشتر باس کرا- ئیزن نەدرا، بچنە نێو مەجلیس. گەلی کورد بە دەنگ نەدانی بە دیاردەی کۆماری ئیسلامی و موجاهیدین بە دەنگ نەدان بە یاسای بنەڕەتی، بوون بە ناخۆیی (غیرخودی).

جگە لەوەی فێڵێکی زۆر کرا، ئیزن بە نوێنەرانی کوردی هەڵنژیراویش نەدرا بچنە مەجلیس. لە ڕاستی دا سەپاندنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٣٥٩ بەسەر کوردستان دا، بەشێکی لەبەر پشتیوانی زۆربەی خەلک لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات، چەپ و سێکۆلارەکان بۆ مەجلیسی شوورا و بەڕێوەبەری شووراکانی محەللی بوو.

## شۆڕشی فەرهەنگی و موجاهیدینی خەڵق

لە دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورا، دەسەڵاتدارانی پاوانخواز بۆ سەپاندنی ئیسلامی سیاسی دروستکراوی خۆیان، بە بیانووی "ئیسلامی کردنی زانستگاکان" و "پێکهێنانی" وەحدەتی حەوزە و زانستگا"، پاکانە حێسێبەکانیان لە گەڵ حیزب و لایەنە سیاسیی و کەسانی جیا بیر و غەیرە مەزهەبی دەست پێکرد. مامۆستا و خوێندکارانێکی زۆر گیران، بەلێشاو "پاکسازی" کران و ڕووەتی چونە دەرەوەی مێشکە باشەکان دەستی پێکرد.

زانستگاکان بۆ ماوەی پتر لە سێ ساڵ داخران. پێکهاتەی خوێندکاری دەوڵەتی بەناوی "تحکیم وحدت" - وەک باس کرا -، وەک "شمشیری دامۆکلیس"ی ئیسلامی لەسەر سەری جیابیرانی زانستگاکان حاکم کران. دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە وەک شۆڕسێکی گەورەتر لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، ناودێر کرا، ئەوەش بە ناوی شۆڕشێکی فەرهەنگی و لەڕاستی دا، داسەپاندنی بیری ئیسلامی سیاسی و بێ نێوەرۆک کردنی زانستگاکان و کتێبە دەرسییەکان کاری پێکرا. ئەگەر جیهادی یەکەم، دژی خەڵکی کوردستان بۆ



سەرچاوە Serchawe

داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خوێن ڕێژی، ویرانی، گیران و ئەشکەنجە و دەربەدەری لە بەشکی لە پێکهاتەی جوغرافیایی ئێران بەدوا دا هات؛ جیهادی دوویەم یانی جیهادی زانستگەیی ش، مێشکی بەهێزی زانستی تووشی زیانێکی مەزن کرد.

موجاهدینی خەڵق یش زەبرێکی زۆر بە ژانی لە هێرش و جیهادی زانستگایی لێدرا. چەند کەسی کوژرا، دەیان کەسی بریندار و سەدان کەسی خوێندکاری زیندانی کران. ئەو ڕێکخراوە سەبارەت بەو ڕووداوە تاڵە دەنووسێ: بە پێی گەڵاڵەیەگ لە مانگی ڕەشەممەی [١٣٥٨] دا، قەرار بوو، ئەنجومەنە ئیسلامییەکان وەک ئەهرۆمی سەرەتایی بەکار بێنن. لەژێر ئاڵوگۆڕی نادروستی نیزامی زانستگایی و ئینقلابی فەرهەنگی، هەوڵی گیرەشێوێنی و بە خاک و خوێن کێشانی زانستگاکان بوو، هەتا هەنگاوەکانی پیلانەکانی دوایی خۆش بکەن. لەوڕێگایەدا، هەوڵی ئەنجام دانی پیلانی جۆراوجۆری کۆنەپەرستانەیان دا. - مجاهد شماره ٤٩، شنبه ٦ اردیبهشت ١٣٥٩، ص ٢ -.

د. ئایەت لە قسەکانی نیو کاسێت دا، دەڵێ:" ئێستا مامۆستاکانی نا ئیسلامی دەبێ پاکسازی بکرێن. ئێمە مامۆستای غەیرە ئیسلامیمان ناوێ، بچن لە شوێنێکی دیکە کارێ بکەن. بەهیچ شێوە ئیزن بە کومونیستەکان نادرێ بێن. دەمێنێتەوە موجاهیدەکان کە عینوانی ئیسلامیان هەیە. ئەوانیش بەکردەوە پێشیان دەگیرێ و ئیزنیان پێ نادرێ ئیسلام بەجۆرەی دەیانهەوێ...[دامەزرێنن].

زانستگاکان دەبێ داخرێن و بەرنامەکانی داهاتوو،کردوەکانی خەڵکی لە بەستێنی ئیدئۆلۆژی و ئیسلامی کردن دەچێتە پێشێ. ئەوە چوارچێوەی مەسەلەکەیە. - سەرچاوەی پێشوو. موجاهیدی ٩٣ -.

بەوشێوە بیرکردنە و کردەوە نادروستەکانی بەڕێوەبەرانی نیزامی نوێی ئیسلامی سیاسی بوو کە بەناو"شۆڕشی فەرهەنگی" گەورەترین زەبریان لە زانست و خوێندنی بەرز بۆ پێشکەوتن و کەشەکردن دا. دیارە دوای تێپەڕینی ٣٠ سال - کە دواتر باسی دەکرێ-، بە کەلک وەرگرتن لە "خوێندکارانی دەوڵەتی، بەسیجی"، سەهمیەیی"بونیادی شەهید و جانبازان"، نەتەنیا "ئیسلامی کردنی زانستگاکان" نەهاتە دێ، بەڵکوو زۆربەی ئەولادەی بەرپرسەکانی نیزامی ئیسلامی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیهیش، تێکەڵ بە بزووتنەوەی خوێندکاری بوون کە بناغە قایمەکەی بەخوێنی "بزورگ نیا، قەندچی و شەریعەتی ڕەزەوی" لە ساڵی ١٣٣٢، داڕێژرا و سەدان فیداکاری ڕێی ئازادی سەریان بۆ دانا و ژیانیان بۆ تەرخان کرد.

## شەڕ بیانوویەکی گەورە بۆ سەرکوت

دوای ئەو ڕوداوە، یەک لەیەک تاڵترانە، شەڕیماڵوێرانکەری ئێران و ئێراق، کە فەرمی لە ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ (١٩٨٠) بەهێرشی عێراق دەستی پێکرد. - پێشتر لە دەمەتەقە و خوڵقاندنی فەزای شەڕ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نوێ، دەسپێشخەر بوو -. ئەو شەڕە، گەورەترین بەڵا بوو بۆ گیان و ژیانی گەلانی ئێران. بەڵام دەسەڵات بەدەستانی ڕژێم بەتایبەتی خومەینی، ئەو شەڕە نگریسەی بە "نیعمەت" زانی. دیارە ئەوان کە لە ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بەنهێنی خەریکی فێڵ و تەڵەکە بوون و بەدوای بیانوویەکی گەورەدا، دەگەڕان هەتا ئیسلامی سیاسی بەو مانایەی کە بۆخۆیان لێکیان دەداوە، تەنانەت بە چاوپۆشی لە زۆربەی مادده و خاڵە گرینگەکانی یاسای بنەڕەتی پەسندکراوی فیلاوی خۆیان سەبارەی بە "مافی خەڵک"، ئێرانیان وێران کرد.

قسەکانی حەسەن ئایەت - کە گەڵاڵەی پیلانەکانی باس کردبوو - بەکردوە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەکران. هێرش بۆ زانستگاکان کران و داخران. شەڕ لە کوردستان و هێرش بۆ خەڵکی کورد و تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی ئەو گەلە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەستیان پێکردەوە. هێرش بۆ ناڕازییەکانی تورکە ئازەرییەکان و حیزبی "خلق مسلمان" لە تەورێز و شارەکانی ئازەری نشین کرا و ئا. شەریعەتمەداری "تۆبە" ی پێکرا و لە قوم دەستبەسەر کرا. بزووتنەوەی گەلی تورکمەن سەرکوت کرا. ناڕەزایەتیی عەرەبەکانی ئەحواز لە خوێن دا شەڵاڵ کرا. دەخوازییەکانی گەلی بەلووچ بە ئاگر و ئاسن وڵامیان پێدرا.

لەسەر ڕووداوە نێوخۆیی و دەستێوەردانە دەرکییەکانی خومەینی و هاوبیرەکانی و بەتایبەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و زۆربەی مەجلیسی یەکەمی شووڕا و دەزگای قەزایی، کە خۆیان بە "خەتی ئیمام" پێناسە دەکرد، لەلایەک و بەنی سەدری سەرکۆمار، کەماتەتیی مەجلیس و ژمارەیەک لە ڕووحانییەکانی موخالیفی شێوەی زاڵی دەسەڵات و موجاهیدینی خەڵق و چەپە ئیسلامییەکانی نزیک لەوان، لە لایەکی دیکە، کەوتنە ململانێ.

## موجاهیدین خەڵق و کردوەی چەکداری

موجاهیدینی خەڵق، لە ڕۆژێک پێش والانانی بەنی سەدر لە لایەن مەجلیسی شووڕا، ڕێپێوانی هەزاران کەسی لە تاران لە ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠دا، وەڕێخست کە لە لایەن هێزە نیزامییەکان بەتایبەتی سپای پاسداران هێرشی بۆ کرا. ڕێبەری موجاهیدین دژکردەوەی نیشان دا و لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی چوە نێو

دەورە(فاز)ی چەکداری و پاشان هەوڵ دان بۆ ڕووخان و بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ. - لێردا پێویستە ئاماژە بکەم کە بە بڕوای من موجاهیدینی خەڵق لە هاوینی ١٣٥٨ وە و دەنگ نەدانی بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و نووسراوەکانی سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبەری و دابین کرانی مافی گەلانی بەرایی ئێران، پێویستە حیسێبی لە دەسەلات بەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی تا جۆزەردانی ١٣٦٠ تا ڕادەیەک جیا بکرێتەوە. و دوای ئەوکاتیش وەک موخالیف یا دژبەر پێویستە سەیەری بکرێ. نووسەر -.

## شەڕی دوو بۆچوونی ئیسلامی

تێکهەڵچوونی موجاهیدینی خەڵق و دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی و ڕێکخراوەی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی - کە پێکەوە زۆربەی دەسەلاتەکەیان بەدەست بوو -، شەڕی دوو بۆچوونی ئیسلامی بەرانبەر بەشێوەی ئیدارەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران لەلایەک و بەڕێوەبەری لە تاران و قوم لەلایەکی دیکە بوو.

موجاهیدینی خەڵق لە ڕوانگەی سەردەم و مۆدرنیزاسیون و تێکەلاوێک لەگەڵ عیرفان، دەیڕوانییە وزەکانیعەدالەت خوازانە و سوسیالیستی ئیسلام و گۆمەڵگای فرەگەلی ئێرانی قبووڵ بوو. بەرنامەی ئەرینی و جێی سەرنجیشی هەبوو و خوازیاری چارەسەری جیدی کێشەکان بوو. بەلام خومەینی و ئاخوندەکانی قوم، لە ڕوانگەی سونەتی ئیسلامی و شێوەی بەڕێوەبەری کۆن و بۆچوونی پێکهاتەی"ئۆمەت" لە ئێران، دیانڕوانییە کێشەکان و لەجیاتی بەرنامەی هاوبەشی گەلانی نافارس بە تایبەتی ناشیعەکان، سەرکوتی دەکردن و وەک ناخۆیی سەیری دەکردن.

جگە لەوەش دامەزرێنەران و زۆربەی هەرەزۆری کادرەکانی موجاهیدینی خەڵق خوێندکار و پەروەردی زانستگاکانی ئیران و جیهان بوون. لە تێکۆشانی دەیەی ٥٠ ش دا، ئەوان بوون کە یەکێک لە گەورەترین مەترسی بۆ دەسەلاتی پەهلەوی دوویەم هەتا پاییزی ١٣٥٧ (١٩٧٨) بوون. هەروەها موجاهیدین لە ڕیزی میللی - مەزهەبییەکانی چەپ بوو و لە هەناوی نیهزەتی ئازادی و جەبهەی میللی دروست ببوون.
بەلام ڕێڕاوانی خومەینی و ژمارەیەکی زۆر لە دەسەلات بەدەستانی نوێ، لە حەوزی علیمیەکانی قوم، تارا، نەجەف، مەشهەد، ئیسفەهان و... خوێندبوویان و دەرێژەدەری بۆچوونەکانی شێخ فەزلوڵلا نووری - مەشرووعە خواز -، مودریسی - دژی جیایی دین لە دەوڵەت و پێداگری مەشرووعە- و نەوابی سەفەوی - خوازیاری حکوومەتی ئیسلامی- بوون.

## موجاهیدین خەڵق و کردوەی چەکداری

موجاهیدینی خەڵق، لە ڕۆژێک پێش والانانی بەنی سەدر لە لایەن مەجلیسی شوورا، ڕێپێوانی هەزاران کەسی لە تاران لە ۳۰ی جۆزەردانی ۱۳٦۰دا، وەرێخست کە لە لایەن هێزە نیزامییەکان بەتایبەتی سپای پاسداران هێرشی بۆ کرا. ڕێبەری موجاهیدین دژکردەوەی نیشان دا و لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی چوە نێو دەورە(فاز) ی چەکداری و پاشان هەوڵ دان بۆ ڕووخان و بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ. پێویستە ئاماژە بکرێ کە موجاهیدینی خەڵق لە هاوینی ۱۳۵۸وە و دەنگ نەدانی بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و نووسراوەکانی سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبەری و دابین کرانی مافی گەلانی بەرایی ئێران، کە کەوتە جەخزی سیاسەتی پشتیوانی و ڕەخنە، حیسێبی لە دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی تا جۆزەردانی ۱۳٦۰ تا ڕادەیەک جیا بکرێتەوە. و دوای ئەوکاتیش وەک موخالیف یا دژبەر پێویستە سەیری بکرێ.

بە بڕوای "حمید فرخندە" جۆزەردانی ٦۰، توندوتیژی لە خوارێ و لەسەرێ هەبوو. هەم حکوومەت و هەم بەشێک لە موخالیفانی حکوومەت، دەستیان بۆ توندوتیژی برد. ... ئەو ڕۆژە شکستی گومانێک و دەسپێکی ڕەشتیرین دەیە لە مێژووی دوای شۆڕشی ئێران بوو.

ئەو ڕووداوە لەحالێکدا بوو کە ... ڕووحانییە دەسەڵاتدارەکان لەبەر ناکۆکی بنەڕەتی کە لەگەڵ ئەبوولحەسەن بەنی سەدر بوویان؛ ئەویان بە "بازرگان"ێکی دیکە دەزانی و دەبوو لەسەر ڕێگای خۆیانی لابەرن. ئەوان خۆشەویستی ڕێژەیی سەرکۆمار لەنێو خەڵک و ئەرتەشییەکان لەلایەک و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق لەلایەکی دیکە، وەک مەترسییەککی بەهێز بۆ دەسەڵاتی خۆیان چاولێدەکرد.

بەنەقڵ لە:- سی خرداد شصت، روز آغاز سیاهترین سالها، حمید فرخندە، سایت خبری گویا، بیستم ژوئن ۲۰۰٦ -.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، تێکهاڵچوونێکی خوێناوی لە نێوان ئەندام و لایەنگران و "ملیشیا" (چەکدارەکانی موجاهیدین)، موجاهیدین لەلایەک و هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی سپای پاسداران لەلایەکی دیکە دەستی پێکرد. ژمارەیەک زۆر لە لاوان و مێرمنداڵانی موجاهید گیران و هەر بۆ شەوێ زۆربەی گیراوەکان، تەنانەت بریندارەکانیش ئێعدام کران. - هەروەک کوشتارە بەکومەڵەکەی سنە، پاوە، مەریوان، سەقز و... لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی دا -.



سەرچاوە
Serchawe

لەو تێکهەڵچوونە دا، حیزبوڵڵاش هاتە مەیدان و ئاخوند غەفاری - کە نوێنەری مەجلیسی یەکەمی شووڕاش بوو -، سەر دەستە و فەرماندەری حیزبوڵلا بوو. بەکەیفی خۆیان و بەوپەڕی قین لەدڵیەوە، ئەندامان و لایەنگرانی و تەنانەت خەڵکی دیکەشیان بەو ناوە پالامار دا و کەش و هەوای شەڕی نێو شارەکان، نائەمنی لە شەقام و کۆچە و کۆڵان و ماڵەکان زاڵ کرا. هەواڵیی زۆربەی ڕاگەیەنەرەکان، گیران، کوژران، تەڕی کرانی گرتووخانەکان لە کەسانی موجاهیدینی خەڵق بوو. "اسدالله لاجوردی" - وەک دادستانی دادگای شۆڕش و "آ. محمد محمدی گیلانی" - وەک حاکمی شەرع ئەو دادگایە -، و هاوکار و هاوبیرەکانیان، لە زیندان و بازداشتگاکان لە دادگا داخراو چەند خولەکییەکانیان، زۆربەی گیراوەکانیان بە ئێعدام مەکووم دەکرد و حوکمە داسەپاوەکەش دەستبەجێ ئیجرا دەکرا. ئەو کردوانە ئەوپەڕلە ژێر پێ نانی مافی ئینسانی بوون. هەروەک لە کوردستان، تورکمەن سەحرا و ئەحواز پێشتر کرابوون و بەردەوامیش بوون. لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، شەڕ بوو و خوێن ڕژان.

لەوسەروبەندی دا، کاتێک هەواڵنێرێکی بیانی ڕەخنە لە لاجوەردی دەگرێ کە ئێعدام کراوەکان، چۆن بە بوونی پارێزەر مەحکووم بە ئێعدام کراون وڵامی دایەوە:"تاوانی ئەوان بەڕیدەیەک ئاشکرایە کە هیچ پارێزەرێک زاتی ئەوەی نییە، بەرگری لەوان وەخۆ بگرێ. چونکە ئەگەر ئەو کارە بکەن دەستبەجێ بۆخۆشیان دەچنە ژێر پرسیار". - سەرچاوەی پێشوو -.

-----------------------------------------------

## ٭ بەشی نۆیەم

### لابرانی یەکەم سەرکۆمار

بەنی سەدر لەکاتی بەربژاری بۆ سەرکۆماری و پێوانی ماراتۆنی بوونی بە سەرکۆماری هەتا ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٩ دەورەیەکە کە بەشێویەک - کە هەڵکشان و داکشانیشی هەبووە -، وەک کەسێکی گرینگ بەدەسەڵاتیکی تایبەت لەگەڵ زۆربەی دەسەڵات بەدەستانی ڕێژیم سازا. بەڵام لە ١٤ی ڕەشەممە هەتا ١ی پووشپەڕ - کە پرۆسەی لەسەرکار لابرانی بە ئەنجام گەیشت-، دەورانێکی پرکێشە و ناکۆکیی تێپەڕ کرد. وەک نارازییەک و هێندێک جار وەک ئۆپۆزیسیون لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕووحانییەت، بەتایبەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و تەنانەت ویلایەتی فەقیهیش دا، ڕاوستا.

ئیئتلافیکی ڕانگەیاندراو لە نێوان بەنی سەدر و ڕێکخراوەکانی، موجاهیدینی خەڵق، نیهزەتی ئازادی،



سەرچاوە
Serchawe

جەبهەی میللی و ڕێکخراوی دیکە و کەساتەتییەکانی بە بۆچونی لیبرالی و میللی - مەزهەبی پێک هاتبوو. لەم بارەیەوە نووسراوە:" هەلومەرجێکی نوێ لە بەربەرەکانی بەنی سەدر و ئیمام و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەستی پێکرد. موجاهیدین، جەبهەی میللی و نێهزەتی ئازادی و گرووپە چوکەکانی وەک حیزبی میللەتی ئێران و حیزبی مائۆئیستی ڕەنجبەران، چالاکییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کێشە خوڵقێنی خۆیان پەرە پێدا".

- پیوند سرنوشت بنی صدر و سازمان ص ٥٤٥ -.

بەڵام دەستپێکردنی بەپەلەی موجاهیدینی خەڵق بە شەڕی چەکداری و بێ بەرنامەی بۆ درێژکێشانی و خوێندنەوەی هەڵەی لە دەسەڵاتی نوێ و کاریگەری فەرمانەکانی خومەینی و نەهاتنە مەیدانی خەڵک و پشتیوانی ئەرتەش و هێزە نیزامییەکانی تازە دامەزراو لە بەرەی خومەینی ودەوڵەت، نەیتوانی بەشێوەیەکی دروست لەو وەزعە و بەتایبەتی ئامادەیی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی نەتەوە چەوساوەکانی نا فارس کەلک وەرگرن.

فەزای ئێران لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی دا، بەرەو ئاڵۆزی پترچوو. نێوان بەنی سەدر - وەک فەرماندەری گشتی هێزە چەکدارەکان - و بەشێکی زۆر لە ئەرتەش لەلایەک و سپای پاسداران کە خومەینی، خامنەیی و ڕەفسنجانیان لەپشت بوو لەلایەکی دیکە، بۆ ئیدارەی شەڕ ناکۆکی هەبوو. بۆ ئیدارەی وڵات و هەڵسوکەوتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و دەستێوەردانیان لەکاروباری دەوڵەت و هەوڵدان بۆ یەکدەست کردنی دەسەڵات، دیسان لەگەڵ بەنی سەدر جیاوازی بیروڕا - کە لە سەرتاوە هەبوو -، قوڵتر ببوو. کردوەکانی بەنی سەدرو لایەنگرنی لەنێو خەڵک دا پشتیوانی بەرچاوی لێدەکرا.

دەسەڵاتدارانی ئاخوندی و لە سەرووی هەموویان حجا، بەنی سەدر یان وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای سەرەڕۆیانەی خۆیان دەدیت، بۆیە هەوڵی لابردنیان دا.

لەوپێوەندییە دا، لە ١٨ی جۆزەدانی ٦٠، بە حوکمی دادستانی شۆڕشی ئیسلامی مەرکەز، بڵاوکراوەکانی "آرمانی ملت" - ئۆرگانی حیزبی میللەتی ئێران -،"انقلاب اسلامی" - ئۆرگانی بەنی سەدر -، "جبهه ملی" - ئۆرگانی جنهەی میللی ئێران-، "میزان" - ئۆرگانی نێهزەتی ئازادی - "نامه مردم" - ئۆرگانی حیزب توودە - و "عدالت" - ئۆرگانی حیزبی ڕەنجبران -، لەبەر گیرەشێوێنی هەتا کاتێکی نادیار وەستێندران.
- کیهان ١٨ - ٣ - ١٣٦٠ ص ٤ -.



سەرچاوە Serchawe

سەید محەممەد خامنەیی - برای سەید عەلی خامنەیی -، نوێنەری مەجلیسی یەکەم لەبارەی لەسەرکار لابرانی بەنی سەدر دەڵێ: من کاریگەری زۆرم هەبوو لە دەنگ دان بۆ لابرانی بەنی سەدر. چونکە لە هەوڵێ ڕا قبووڵم نەبوو. ئەو لە خاریج ڕا هاتبۆوە. موخالیفی ڕووحانییەت و ئیمام بوو. لەگەڵ حیزبی جمهوری ئیسلامی و بەتایبەتی محەممەد حوسێن بەهێشتی زۆر موخالیف بوو. ئەو وەک ئەندامانی نێهزەتی ئازادی پێی وابوو، ئیمام دەبێ بچێتە قومێ و ڕووحانییەت دەبێ بە شێوەی واتیکان بن. ئەو وەک موسەدیق بیری دەکردەوە. - ناگفتەها دربارەء عزل بنی صدر، مرکز انقلاب اسلامی. -

بەنی سەدر بۆخۆی دەڵێ: ئاغای خومەینی بەمنی کوت و دوایەش نووسی بە سێ دەلیل من لەگەڵ سەرکۆماری تۆ موافیق نەبووم. یەکەم موخالیفەت لەگەڵ ویلایەتی فەقیە. دوویەم موخالیفەتی ڕووحانییەت لە شوغڵی دەوڵەتی دا. سێیەم خاوەنداری تایبەتی (مالکیت خصوصی) ت قبووڵ نەبوو. - باز خوانی غائله ١٤ اسفند، یوتوب -

جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١)، ناکۆکییەکان گەیشتنە کووتکە. بەنی سەدر لە ڕێکەوتی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠، بە یەک دێڕ نووسراوەی خومەینی لەسەر کار لابرا، کە بەم جۆرە بوو.

"بیسمیللاهی ڕەحمانێ ڕەحیم

ستادی فەرماندەری هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی!
ئاغای ئەبوولحەسەن بەنی سەدر لە فەرماندەریی هێزە چەکدارەکان لابرا.
ڕووحوڵڵا ئەلمووسەوی ئەلخومەینی".

- کتاب خاطرەها، ج اول، تألیف محمد محمدی ری شهری، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، چاپ دوم، زمستان ١٣٨٣-.

دوای ١١ڕۆژ لە ٣١ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەیەکی درێژ ماوەی تایبەتی دا، بە ئامادە بوونی ١٩٠ نوێنەری مەجلیس، بە ١٧٧ دەنگی موافیق و ١ دەنگی موخالیف و ١٢ دەنگی مووممتەنیع، نەبوونی لێوەشاوەیی سیاسیی سەرکۆمار - بیخوێننەوە هاوکاری نەکردنی ئاخوند و حیزبووڵلاییەکان و درێژەنەدان بەسەرکوت و تەپەسەرییەکان - لە ٣١ی جۆزەردان، پەسند کرا. ڕۆژێک دواتر خومەینی بەم شێوەیە دەنگی مەجلیسی شوورا، کە هەر فیتی خۆیان بوو، بەم شێوەیە ڕواڵەتی یاسایی پێدرا.

"بیسمیللاهێ ڕەحمانێ ڕەحیم

دوای زۆربەی دەنگی نوینەرانی بەحورمەتی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی سەبارەت بە نەبوونی کیفایەتی سیاسی ئاگای ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، ئەوم لە سەرکۆماری ئیسلامی ئێران وەلا نا.

١ی پووشپەڕی ١٣٦٠. ڕووحووڵڵا ئەلمووسەوی ئەلخومەینی".

- سەرچاوەی پێشوو -.

کۆماری ئیسلامی لەدوای ڕووداوەکانی ٣٠ی جۆزەردان، لە سێ بەرەی دا، شەڕی ڕاستەوخۆی دەکرد. بەرەی ئێران و عێراق، موجاهیدینی خەڵق و سەرکۆماری لەسەرکار لابراو، شەڕی داسەپاو لە کوردستان دا. هەرچەند ناڕاستەخۆش لەگەڵ ڕەخنەی حیزبی توودە و فیداییانی ئەکسەریەت (زۆرینە) و نارەزایەتی نیهزەتی ئازادی و جەبهەی میللی و کەسایەتییەکانی دیکتاتۆڕ نەویست و لەنێوخۆی کاربەدستانیش دا، کێشەو ململانیی تایبەتی و تەنانەت شێوەی بەڕێوەبەری حیزبی (حجا) و ڕێکخراوییش بەرەڕوو بوو.

خومەینی کە شەڕی وەک بەرکەت بۆ دەسەڵاتە نگریسەکەی هێنایە زمان، دوو بەرەی شەڕی نێوخۆی و هەموو جیابیرانی ئیسلامی و چەپ، دێموکڕاسی خواز و نەتەوەیی لە ماوەی ٢ ساڵ دا، بە سەرکوتی بێبەزییانە و خوێن ڕێژی و گیران، زیندان و ئەشکە دان، ئێحدام و تیرباران و جێ پێ لێژکردن لە ئێران، بەشێوی کاتی، دەباز کرد.

### بۆمب دانانەوە بۆ خامنەیی و دەفتەری حجا

لەوماوەیە دا، زەبری زۆر گەورەش لە دەسەڵاتە پاوانخوازەکەی درا. سەید عەلی خامنەیی- ئەوکات نوێنەری مەجلیسی شووڕا بوو -، لە مزگەوتی ئەبووزەڕ، لەلایەن موجاهیدینی خەلق، لە ڕێکەوتی ٦ی پووشپەڕ تێرۆڕ کرا. ناوبراو دەستێکی لەو تێرۆڕەدا، پەڕی. ڕۆژی دواتر٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠، ڕووداوێکی زۆر گەورە و کارێگەر و خۆێناوی قەوما. لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی حیزبی جمهووری لە "سەرچشمە"ی تاران، بۆمبێکی بەهێز تەقیندرایەوە. یا بە بە قەولی بەنی سەدر: بۆمب گوزارییەکی دراێژراوی مهەندیسی کرا. نزیکەی ١٠٠ کەس لە بەرپرسانی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

بەهێشتی - وەک سکرتێری حجا و بەرپرسی دەزگای قەزایی -، چەند وەزیر و جێگر وەزیر نوێنەرانی

مەجلیسی شوورا و بەڕێوەبەران و بەرپرسانی ڕەدە سەرووی حجا ی لە نێو کوژراوەکان بوون. بە پێی نووسراوەکانی بەناوی "دفتر مطالعات سیاسی"، ئەو ڕووداوە بەهۆی کەسێکی موجاهیدینی خەڵق بەناوی محەممەد ڕەزا کولاهی ئەنجام دراوە. بەڵام بە پێی نووسراوەیکی دیکە: موجاهیدین ئەو کوشتارەی وەیەستۆی خۆی نەگەرتوە؛ بەڵام مەحکومیشی نەکردوە. هەر ئەو نوسراوە لە زمانی ... دوای ڕووداوەکەی تێرۆری خامنەیی دەڵێ: ناوبراو بە دۆستانی خۆی لە زیندانی کوتوە. چەند ڕۆژی دیکە کاری ڕێژیم تەواو دەکرێ، بۆیە کاری ئەوانە. بەنی سەدریش دەڵێ: سەرتا گوتیان بەنی سەدرە. پاشان کوتیان موجاهیدینی خەڵق ە. دواتر کۆتیان توودەیەکانیش دەستیان تێدابوە. دەستی دەرکیش لە ڕووداوانە، هەمیشە هەیە. کەسانێکێش لەنێوخۆی دەسڵاتداران دەڵێن: کاری بەیتی ڕێبەڕی و لەژێر ڕێنوێنی رەوفسەنجانی ئەوکارە کراوە. بۆیە ئەو و ئەحمەد خومەینی پێش تەقینەوەکە لەوێ ڕۆیشتوون.

ئەو ڕووداوە کە زەبرێکی زۆر کاریگەر لە ڕێژیم دا، داستانی ٧٢ کەسی کربلای زەمانی حوسێن یان لێ دروست کرد. - لەوانەیە بوونی ناوی محەممەد حوسێن بەهێشتی وەک بەرزترین پەلەی دەسەڵات لەنێو ئەو دەستەیە، بیانوویەکی باش بۆ هاوشێوەی دروستکردنی ئەو ڕووداوە باشتر بێیکێ - بۆیە جەوێکی زۆر خوێناوی چ لە شەقام و گەڕەکەکانی تاران و هێندێک لە شارەکان و چ لە زیندانەکان، وەڕێخران. ڕێژیم خۆی بەمەزلووم و حیزب و ڕێکخراوە دژبەرەکان، بەتایبەتی موجاهیدینی خەڵق - دژبەری نوێ- ی بە زاڵم لە قەڵەم دا و ئەو کردەوەی، کرد بە میحوەرێکی تازەی سەرکوت و تەپەسەری لە سەرانسەری ئێران دا.

لەو ڕووداوە دا، ٤ وەزیر و چەند جێگر وەزیر، ٢٧ نوێنەری مەجلیس و ژمارەیەک لە ئەندامانی حجا کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

ئەو ڕووداوە بە کەسێک بەناوی "محمد رضا کلاهی"لە ئەندامانی موجاهیدینی خەڵق، لە قەڵەم دراوە. بەڵام موجاهیدین وەئەستۆی خۆی نەگرتوە. بە پێی بڵاوکراوەی "موسسە مطالعات و پژوهشهای سیاسی"، کولاهی خوێندکاری زانستگای عیلم و سەنعەت بوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش چوە نێو ڕێکخراوی موجاهیدین خەڵق. ئەو لەپێش دا، پاسداری کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی شەقامی پاستۆر بوو. پاشان بە ڕێنوێنی موجاهیدین دەچێتە نێو حجا. ئەو لەو حیزبە دا، پلەی دەچێتە سەرێ و دەبێتە بەرپرسی بانگهێشتنەکان بۆ کۆنفڕانس و میزگردە و کۆبوونەوەکان، وێڕای ئەوەی بەرپرسی پارێزگاری حیزبیش بوو. ناوبراو بۆمبێکی لە جانتا دەستییەکەی خۆی دا، دەباتە نێو کۆبوونەوەی حجا لە نزیک چوار ڕێی سەرچەشمەی تاران و چەند خولەک پێش تەقینەوەکە لە بنای حیزب دەچێتە دەرێ.



سەرچاوە Serchawe

دوای تەقینەوەکە، کولاهی لە ماڵە یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی خۆی دەشارێتەوە و دوایە لە ڕێی سنوورەکانی ڕۆژئاوای وڵات دەبرێ بۆ عێراق. لەوێ لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی سازمان زەماوەندێ دەکا. بەڵام لەساڵی ١٣٧٠ (١٩٩١) دا، لە لیستی کەسانی "مسئلەدار"ی موجاهیدین داندرا. لە ساڵی ١٣٧٢ (١٩٩٣)، لە عێراقێ ڕا چوو بۆ ئاڵمان.

ئەو ڕووداوە لە لایەن موجاهیدینی خەڵق وە، وەئەستۆ نەگیرا. بەڵام پاشان بە پێی لێکدانەوەکانیان ئامڕەی موسبەتیان بەو ڕووداوە کردوە. لەوپێوەندییە دا، ڕەفسەنجانی لە قەولی مهەندیس مووسەوی دەڵێ: کولاهی ون بوە، بە بیانووی بەستەنی کرین چۆتە دەرێ و پێش تەقینەوەکە هەڵاتوە. پاشان موحسین ڕەزایی لە ١٤ی پووشپەڕ (٥ی جولای) هاتە ماڵە ئێمە و ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە تاقمۆکەکانی دژی شۆڕش باس کرد. ڕوون بۆوە کە تەقینەوەی حجا، موجاهیدینی خەلق کردویەتی. - عبور از بحران، صفحات ١٧٨، ١٨١، ١٩٠- لەرەجایی وەک سەرکۆماری دوویەم، بەهێشتی و باهونەر وەک دوو سکرتێری حیزبی بەهێزکراوی جمهووری ئیسلامی و بەرپرسانی دەزگای قەزایی و بەشی هەر گرینگی ئیجرایی، ژمارەیەک نوێنەری مەجلیس و کاربەدستی جۆراوجۆری دیکە بوونە قوربانی سیاسەتە نادروستەکانی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی و دروست بوونی گۆڕاپانێکی پڕ لە ناکۆکی و چەند بەرەکی و ترسێنەر لە سەرانسەری ئێران دا.

کۆی ئەو ڕووداوانەش، هەر بەقازانجی ڕووحانییەتی شیعەی لایەنگری ویلایەتی فەقیە و بەڕێوەبەرانی خوێن ڕێژ و سەرکۆتکەر شکایەوە. دەستی ئاخوندەکان بۆ سەرکۆماریش - کە هەتا ساڵی ١٣٦٠، پێشی پێگیرابوو-، ئاواڵە کرا و هەموو ڕێەکان بە پێوانەی ئاخوندکان پێوران.

-----------------------------------------------

* بەشی دەیەم

### کاک ئەحمەدی موفتی زادە، دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین

موفتی زادە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و دیاریکرانی نیزامی ئیسلامی سیاسی لەئێران - بە پێچەوانەی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی -، پشتیوانی لەو دامەزراوە نوێ و بێ وێنەیە کرد. مەکتەبی قورئانی لەشارەکانی، سنە، سەقز، بۆکان بەئاشکرا دامەزراند.

موفتی زادە خۆی بە ڕێبەرێکی مەزهەبی - سیاسی دادەنا و لە کۆماری ئیسلامی دا، خۆی بەبەشدار و حەقدار دەزانی. چونکە بەقەولی خۆی: "کاتێک ئاگری شۆڕش لە جۆزەردانی ١٣٤٢ (١٩٦٣) بۆ یەکەمین جار هەڵبوو؛ ئەو لە شەقامی ناسر خوسرەو لە تاران بوو و حیماسەی خەڵک و جینایەتیەکانی ڕژێمی شای بەچاوی خۆی دیتوە و بیروبۆچوونی خۆی گۆڕیوە و پێوەندی عاتیفی لەگەڵ جووڵانەوەی سەرانسەری ئێران پەیدا کردوە. پێش ئەو ڕیکەوتە چالاکییەکانی ناوبراو تاڕادەیەک بەدژی خورافاتی مەزهەبی، لابردنی ستەمی نەتەوایەتیی و خزمەت بەفەرهەنگی کوردی بوە و پێوەندییەکی ئەوتۆی بە بزووتنەوەی سەرانسەری ئێرانەوە نەبوە." - درباره‌ء کوردستان، احمد مفتی زاده، انتشارات نور، چاپ رودکی، تابستان ١٣٥٩، ص ١٥٨ -.

لە ڕەشەممەی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا، موفتی زادە لەگەڵ چەند کەس لە پێش نوێژەکانی ژمارەیەک لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەسانی میللی - مەزهەبی کورد، لەسەر مافی ئیسلامی، نەتەوەیی گەلی کورد، لەسەقز کۆبوونەوە و نووسراوەیەکیان لەم بارەوە واژۆ کرد. واژۆلێدەران بریتی بوون لە:

ئەحمەد موفتی زادە - لە سنە -، مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی - پێش نوێژی هەینی مەهاباد -، قازی محەممەد خزری - لە شنۆ -، سەید عەبدولعەزیز - لە قەسری شیرین -، حوسێن عەلایی - مامۆستای مزگەوتی حاجی ئەرجومەند -، برایم مەردووخی - لە مەریوان -، عەبدولڕەحمان تاهیری - مەرخوزی سەقز -، مامۆستا ئەبووبەکر شەفیعی - پێش نوێژی هەینی شاری بۆکان -، زەڕینی - لە قروە -، جەلال شافعی - لە سەقز -، سەید عوسمان خالیدی - لە مەریوان -، مەلا محەممەد ڕەبیعی - لە کرماشان -، سەید عەلی زاهید وارسی - لە ناوچەی شنۆ -، مەلا خدر عەباسی - لە ناوچەی سەردەشت -، سەید جەلال حوسێنی - لە بانە - ، مامۆستا عەبدوڵڵا محەممەدی - پێش نوێژی هەینی سەقز -، مەلا ساڵح ڕەحیمی - پێش نوێژی هەینی نەغەدە -، حەکیم خوسرەوی - لە کرماشان-. - سەرچاوەی پێشوو ل ٦٠ -.

هەروەها لە ڕەشەممەی ١٣٥٧ دا، موفتی زادە نامەیەکی لەسەر مافی نەتەوەکانی بەڕایی ئێران لە تاران بڵاوکردوە کە تێدا نووسرابوو:"

١- یەکسانی مافی نەتەوایەتیی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی هەموو نەتەوەکانی موسڵمانی ئێران.
٢- یەکسانی قانوونیی شیعە و سونی.
٣- یەکسانی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ هەموو خەڵک". - سەرچاوەی پێشوو ل ٦١ -.

لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا، ژمارەیەک لە ئیسلامی - میللییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە

شاری سنە کۆنفرانسێکیان سەبارەت بە خودموختاری گرت و گەلاڵەیەکی ١٥ مادەییان پەسند کرد. لەو گەلاڵەیە دا، زۆربەی بیروبۆچوونەکانی موفتی زادەی تیدا گۆنجێندرابوو. - سەرچاوەی پێشوو ل ٦٢ -. موفتی زادە موخالیفەتی توندی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتدارانی تاران و قوم، بەتایبەتی ڕێکخراوە چەپەکان، کۆمەلە و دیموکرات دەکرد. لایەنگری دەسەڵاتداریەتیی ئیسلامی سیاسی ئا. خومەینی بوو. بەڵام لە کاتی دەستووری جیهادی خومەینی بە دژی گەلی کورد و هێرشی بەربلاوی ڕژیمی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاک ئەحمەد موخالیفی ئەو خەزایە بوو و بەشێوەی ناڕازی چوو بۆ کرماشان.- ماڵپەڕی ویکی پیدیا و یووتووب-

لەبارەی بیروبۆچۆن و هەڵسوکەوتی ئەحمەد موفتی زادە، کارەبەستێکی پێشووی کۆماری ئیسلامی دەنووسێ:"کۆڕی موسڵمانانی کورد لەدەوری موفتی زادە کۆببونەوە کە لە بواری سیاسی- ئیدئۆلۆژی یەوە لاگەڵ دوو حیزب و ڕێکخراوی [دیموکرات و کۆمەڵە]، جیاوازیان هەبوو. بەڵام لەسەر مەسەلەی خودموختاری بۆ کوردەکان لەگەڵ دوو ڕێکخراوەکەی دیکە یەک بۆچوونیان هەبوو. ناوەندی ئەو بزووتنەوەیە شاری سنە بوو". - کوردستان علل تداوم بحران آن پس از انقلاب اسلامی- دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، حمید رضا جلایی پور، چاپ اول تهران، سال ١٣٧٢، ص ٦٠ -.

## دامەزرانی شەمس

شەمس (شووڕای مەرکەزی سونی)، لە ساڵی ١٣٦٠ (١٩٨١) لەتاران دامەزرا. ئامانجی ئەو دامەزراوە، بەرگری لە خەڵکی سونی مەزهەب لە ڕێگای ڕاوێژ کردن وراوتەگبیر (گفتمان) دەکرد و خۆی وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی پێناسە دەکرد. ئەو شووڕایەی بۆ کار کردن لە هەموو ناوچەکانی سونی نشینەکان لە ئێران هەوڵی دەدا. ئەندامانی ئەو شووڕایە، زانایانی بەرجەستەی وەک: ئەحمەد موفتی زادە، مەولەوی عەبدولعەزیز مەلازادە، ناسر سوبحانی، مەلا عەبدوللا محەممەدی تێدا ئەندام و بەڕیوەبەر بوون. کەسانی دیکەش وەک... تێدا چالاک بوون. - چاو لە ساتی شەمس کەسایەتییەکان بکە.-

شەمس یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە ڕێکەوتی ١٢ و ١٣ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە تاران و دوویەمین کۆنگرەی لە ١٤ و ١٥ ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢)، لە ماڵە ئەحمەد موفتی زادە لە شاری کرماشان گرت. - سایت شمس -.

**شەمس بەرنامەی خۆی لە ١٦ خاڵ لە کۆنگرەکانی دا، پەسند کرد کە بریتین لە:**

١- بەپێی نێوەرۆکی شەمس، یەکەمین ئەرکی شووڕای مەرکەزی سونەت، هەوڵدانە بۆ لێک کۆکردنەوە (احیا) ی ئۆمەتی یەکگرتووی ئیسلامی و لەنێوبردنی پەرش و بڵاوی ئەو ئۆمەتەیە.

٢- هەوڵدان بۆ سازمان دانی خەڵکی سونیی ئێرانە بۆ لای یەکگرتوویی ئیسلامی.

٣- دامەزراندنی شووڕاکانی سەر بە ناوەندی سونی لە کەسانی مەرجەکانی ئەندامەتیان تێدابێ، لە تەواوی شار و ناوچەکانی سونی نشین بەشێوەیەک کە پێوەندی نێوان خەڵک و شەمس ی لێبکەوێتەوە.

٤- تێکۆشانی شێلگیر و لێبڕاوانەی بۆ لابردنی ستەمی مەزهەبی، میللی و چیناتەتی لەسەر سونییەکانی سەرانسەری ئێران؛ لە ڕێی چاکسازی زۆربەی مادەکانی یاسای بنەڕەتی، بەتایبەتی مادەی 12.

٥- هەولدان بۆ پێکهێنانی ناوەندیک لە تاران وەک مزگەوت بۆ کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی و خزمەتگوزاری دینی یانی نوێژی هەینی، جەماعەت و قسە کردن (سوخەنرانی) یەکان.

٦- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی مەدرسەکانی علوومی دینی لە تەواوی ناوچەکانی سونی نشین و دانانی دەورەکانی فێرکاری بۆ مامۆستایانی پەروەردەی دینی.

٧- دانانی گرووپ گەلێکی زۆر لەکەسانی بە ئیمان و باوەڕ بەپێی زانیارییەکانیان بۆ تەبلیغات لە ناوچەکانی ژیانی سونییەکان.

٨- دانانی گرووپێکی شارەزا بۆ نووسینی تەعلیماتی دینی مەدرەسە سونییەکانی ئێران.

٩- هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی دایمی کە باسی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگای سونی لە ئێران دا، بکا.

١٠- ئیقداماتێک بۆ بەرگری لە بێ ڕێزی بە گەورەگانی ئیسلام و گونجاندنی لە قانوونی ئەساسی دا.

١١- هەوڵدان بۆ تەرخان کرانی چەند کاتژمێر بەرنامە لە ڕادیۆ و تلویزیۆنی سەرانسەری و ناوچەیی (محەللی) لەشەوڕۆژ ێ دا، بۆ تەبلیغاتی مەزهەبی سونی لەژێر چاوەدێریی شمس دا.

١٢- دیاری کرانی پێش نوێژانی هەینی و حاکمی شەرع لە ناوچە سونیی نشینەکان. ئەو کەسانە دەبێ بە پێوانەی بیروڕای خەڵک و پەسندی ئەو شووڕایە بن.

١٣- هەوڵدان بۆ کۆکردنە و وەگەڕ خستنی سەروەت و ئیمکاناتی ماڵی موسڵمانانی سونی بۆ بەرهەمهێنان و خۆبەڕێوەبەری، بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی ئیسلامی.

١٤- هەوڵدان بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ موسڵمانانی ئێران و جیهان بۆ قایم کردنی بناخەکانی برایەتی و یەکگرتوویی ئیسلامی و بەتایبەتی کەڵک وەرگرتن لەکەسانی ئۆگر بە بەرنامەی کاری شەمس.

١٥- هەوڵدان بۆ ناردنی کەسانی بەتوانا بۆ ناوەندە ئیسلامییەکانی جیهانی بۆ فێربوونی علووم و معاریفی ئیسلامی.

١٦- بەپێی پێشنیار و پەسندی تەواوی بەشدارانی گۆنگرە، بڕیارەکانی شووڕای مەرکەزی سونی بە پەسندی حەزرەتی عەلامە ئەحمەد موفتی زادە و حەزرەتی مەولەوی عەبدولعەزیز مەلازادە - ڕێبەرانی خەڵکی سونی - و دامەزرێنەرانی شمس بەڕێوە دەچن.



سەرچاوە
Serchawe

**تێبینی:** ئەو پێڕو (ئەساسنامە) یە، لە کۆنگرەی یەک پەسند کرا و لە کۆنگرەی دوو جەختی لەسەر کرایەوە. بەڵام لە دوایین کۆنفڕانسی ئەو پێکهاتەیەدا، لە ڕێکەوتی ١١ و ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ (٢٠٠٨) دا، ئاڵوگۆڕ لە خاڵی ١٦ دا، پێک هات. - بە نەقڵ لە ماڵپەری فارسی زمانی شەمس-.

## کردەوەی جیاواز

بە پێی بۆچوونی حەسەن ئەرفەع، کە لە بەشی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان، مەسەلەی نەتەوەیی لاوازترە لەبەشی ناوەند و باکووری ئەو بەشەی کوردستان، دابەشینی جوغرافیایی ناوچەکان و دروستکرنی پارێزگا نوێیەکان، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێوەندی و هاوخەباتی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. بۆ وێنە دروستکردنی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و دابەشینی ناوچەی موکریان بەسەر ئەو پارێزگایە دا، مەبەست لاوازکردنی بیری ئازادیخوازی لە لایەک و کێشە خوڵقینی پتر لە لایەکی دیکە لەگەڵ تورکە ئازەرییەکان بوو. هەروەها دوای شەڕی دوویەمی جیهانی و لەسەردەسەڵات لابردنی پەهلەوی یەکەم و داگیرکردنی کاتی ئێران لە لایەن بریتانیا و ئەمریکا لە باشووری جوغرافیای ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو لە باکوور، دوای دروست بوونی کۆماری کوردستان بە پێی بۆچوونی دوکتور ئازاد حیکمەت، تابلۆیەک لەسەر ڕێگای سەرا چەقێندرابوو. لە بۆکان بەروو سەقز کە دەڕۆیشتی لێی نووسرابوو: بەخێر بێن بۆ کوردستان. لە سەقز بەرەو بۆکان کە داهاتی لێی نووسرابوو: بەخێر بێن بۆ ئازەربایجان. - بڵاوکراوەی پێشەوا ل...-

جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە شارەکانی سنە و سەقز، مەریوان و هەورامان و بەشێک لە کرماشان ودەورووبەریان، بەهۆی بوونی بیری تەریقەت و شێخایەتی بەتایبەتی لە تەوێڵە، دوورو، هەڵەبجە و... کردوەی ژمارەیەک لە مەلاکانی سونی سەقامگیری دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شا لە ناوچەکە دا، بیری نەتەوایەتی لاواز و بیری مەزهەبی بەهێزتر بوو.

بۆیە کردەوەکانی ئەحمەد موفتی زادە و هاوبیرانی لە ساڵی ١٣٥٧ هەتا ١٣٦١، لە ناوچەکانی سنە، کرماشان، سەقز و بۆکان، لەشێوەی خۆی دا، جیاوازییەکی گەورەی هێنا ئاراوە. کۆماری ئیسلامی لەدوای شکست یا پشوودان و خۆگۆڕانی لە دوای شەڕی جیهادی بەدژی خەڵکی کوردستان و داخوازەکانی، لە ڕێگەی بۆچوون و کردەوکانی مەکتەبی قورئان و شمس و هێنانی دکتور موزەفەر پەرتۆما- یەکێک لە خوێندوارانی ئەمریکا لە ڕشتەی فیزیکی ئەتۆمی دا -، بۆ سنە و دامەزرانی شوورایەکی کەم دەسەڵاتە لەوشارە و لاوازکردنی بیری نەتەوەیی و سکولاری کوردی - بەهەموو کەم و کووریەکانی-، لەوکات دا مەبەست بوو. جێێ سەرنجە کە بۆ بەهیزکردنی ئیسلامی سیاسی و سەقامگیری دەسەڵاتی تاران لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،

لەڕێگای کوردە موسڵمانەکان،لە هاوینی ١٣٥٩ دا - لە ڕێکەوتەکە دڵنیا بە - ، بەرپرسانی هەرسێک هێزی دەسەڵات یانی بنی سەدر - سەرکۆمار -، ڕەفسەنجانی - سەرۆکی مەجلیسی شوورا - و بەهێشتی - سەرۆکی دەزگای قەزایی - و ئا. تاڵقانی لەگەڵ موفتی زادە لە شاری سنە کۆبوونەوە و کردیانە لایەنی سەرەکی وتووێژ کە دووبەرەکی و ئاژاژاوە دروست بێ. بەڵام لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد کە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی کورد چووبوونە تاران و قوم، بەشێوەیەی و یەک جێ لەگەڵیان دانەنیشتبوون.

لە حاڵێک دا بەڕێز مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی پتر لە بەڕێز موفتی زادە لە ناوەندی سیاسی کوردستان نزیکتر و جێی پتری متمانەی خەڵک و تەنانەت هێزە سکولار و دێموکرات بوو. ئەگینا خودموختاری -کە ئەوکات داخوازی ڕۆژ بوو -، درابا بە موفتی زادە و هاوبیرەکان، خەڵکی کورد بەگەشتی، دەفتەری مامۆستا. حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بەتایبەتی و لاوانە بوو کۆمەڵە وچریکە فیداییەکان- لقی کوردستان - موخالیفەتی جیدییان لەگەڵ نەدەکردبا و ئاسانکارییشیان بۆ کردبا.

لە ئاکام دا، ئەو کردوە جیاوازانە و هەڵسوکەوتی دەسەڵات بەدەستانی ئیسلامی، لە بەهێز کردنی ئیسلامی سیاسی کورد و چاندنی تووی "تیرۆری موقەدەس" ی دیکتەکراوی تاران و قوم و بەستێن دروستبوونی نائەمنی و فشار هێنان بۆ پاشەکشە پێکردنی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوی کۆمەڵە و سەرکەوتنی سەرەڕۆیی ئیسلامی سیاسی تازە دامەزراوی ئێرانی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکەوتەوە.

بۆ وێنەی لە مەهاباد بۆمب دانانەوە، لە مەقری مەفرەزەی شاهۆ لە گەڕەکی باغی سیسە بۆ پێشمەرگەکانی حدک (ئێران) - کە پێش تەقینەوەی پێی زاندرا و خونسا کراوە -. بۆمب دانانەوە لە مەیدانی چوارچرا لە ڕێبەبندانی ١٣٥٨ (١٩٨٠) دا، لە مێتنگی چریکە فیداییەکان، کە بە بۆنەی ڕاپەڕینی سیاکەل بەرێوە چوو. هەروەها تەقینەوەی بۆمب لە دەستی ئەندامێکی سەربەگرووپی "چریکەکان عومەری فارووق" لە گەڕەکی ئەرمەنیان، کە بوو بەهۆی کوژران و ئاشکرا بوونی تۆڕێکی تیرۆریستی و...
پاشان ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان، دروستکراوی موفتی زادە و هاوبیرانی - کە ئاماژەیان پێکرا - بە پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ئیخوانولموسلمین و جەماعەتی دەعوت و ئیسلاح ی ئێران، کە لە کوردستان بەهۆی چالاکانی شمس بە تایبەتی سوبحانی و عەبدولڕەحمان پیرانی - سکرتێری ئێستای دەعوت و ئیسلاح -، بەلاڕێ دابردنی بیری نەتەوەخوازی سکۆلار و دێموکراسی خوازانە بوو.

## گیرانی موفتی زادە و ژمارەیەک لە هاوبیرەکانی

ئەحمەد موفتی زادە بەپێی هەڵسوکەوتی نزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و ناسینی نێورۆکی ئیسلامی سیاسی ئەوان و بیری دەسەڵاتی شووڕایی خۆی و موخالیفەتی لەگەڵ بەردە باران (سەنگسار)ی ئیسلامی کە لەدیاردەیەک بەناوی "قصاص" دا، باسی لێدەکرا، چۆن پێی وابوو: لەتاران تەحەمول دەکرێ و ئیزن بە تەبلیغی بیروبۆچوونەکەی دەدرێ، جێی داخە. بەڵام بۆچوونی خۆم ئەوەیە: ئەو ڕێژیمە دوژمنی هەر مرۆڤێکی نەتەوەخواز و داکۆکی کاری گەلی کورد و نەتەوە ماف پێشێل کراوەکانی دیکەیە، تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕی ئیسلامیشی هەبێ. دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە تەنیا بیر لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە.

ئەحمەد موفتی زادە لە خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) لەگەڵ ٢٥٠ کەس لە قوتابییە (هاوبڕوا) کانی دەگیرێن. ئەوان جگە لە موفتی زادە دوای ٣ ساڵ و چەند مانگ ئازاد کران. بەڵام ناوبراو بۆ ماوەی ٦ ساڵ و ٨ مانگ - یا ٧ ساڵ - یووتووب -، لە زیندانی تاکە کەسی لە زیندانی ترسناکی "ئەوین" لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دا، زیندانی کێشا. پاشان بۆ زیندانی گشتی(عمومی) دەگوێزرێتەوە. سەرجەم دوای ١٠ ساڵ زیندانی و شکانی سێ مۆرەی پشت و ملی، بەناو ئازاد دەکرێ و ٣ مانگ دواتر لە ڕۆژی سێ شەممۆ ٢٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٣) لە نەخۆشخانەی ئاسیا، لە تاران دوای سەرکەوتوو نەبوونی نەشتەرگەریەک، کۆچی دوایی دەکا و لە شاری سنە بە خاک دەسپێردرێ.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣)، لە تاران بە تاوانی ئەندامەتی لە تەشکیلاتی تاران ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گیرا و بۆ ماوەیەک زیندانی بوو، هەروەک لە پێشوو دا ئاماژەی پێکرا. لەنێو زیندان دا، بە هۆی خوێندنەوەی کتێبەکانی ڕێبەرانی ئیخوانولموسلمین، "سید قطب و ابوالعلا مودودی" و دکتور عەلی شەریعەتی، لەبیری نەتەوەیی و سکۆلار دوور کەوتەوە و پێی وابوو لە ڕێگای "عەداڵەتی ئیسلامی" و لە قالبی "حکوومەتی ئیسلامی" دا، دەتوانێ بەئاوات بگا.

بۆیە "ئاغای موفتی زادە بۆ بەدەستگرتنی ڕێبەری سیاسی کۆمەڵگای سونی ئیران بەتەواوی هەوڵی خۆی دا. لە ڕەوەدی تیئۆریک دا، کۆبوونەوە گەلێکی سەبارەت بە حکوومەتی ئیسلامی، گرینگی دان بە شووڕا، دیالکتیکی ئیسلامی و...ی گرت و پاشان کردنی بە نامیلکە... ئەو هەوڵی دەدا، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ ئیسلام هەبێ و دین بە مۆدێرن و دێموکراتیک بقەبڵێنێ. بەپێی بۆچوونەکانی و خوێندنەوەی نوێی لە دین، بۆ وێنە بە پێچەوانەی تەواوی لێکدانەوەکانی دینی، ئەو "ارتداد" یانی وەرگەڕان لە دین و

بەردەباران(سەنگسار) ی قبووڵ نەبوو. لەلایەکی دیکە بە کردەوە، بە پێکهێنانی شوورایەک لەژێر ناوی شەمس (شوورای مەرکەزی سونی) پێکهاتوو لە خاون بڕوایان و ڕێبەرانی سونی لە ئێران دا، و هەروەها هەوڵ دان بۆ چاوپێکەوتن و ڕازیکردنی ڕێبەری دەسەڵاتی ئێران، هەوڵی بۆ وەدەست گرتنی ڕێبەرایەتی کۆمەڵگای سونی ئێران دا. کە ئەو پرۆژەیە لە هەنگاوەکانی یەکەم دا، بەئاشکرا بوونی فێڵ و تەڵەکەی دەسەڵات - کە بەداخەوە، خوازراو و نەخوازراو لە ڕووانگەی موفتی زادە بەدەر بوو -، سەرکەوتوو نەبوو. بە نەقل لە - بازیگران جدید در عرصهء سیاسی کوردستان، کامیار رامیاری، ماڵپەڕی ڕێنێسانس نیوز -. ناسر سوبحانی - کە لەدوای گیرانی کۆنگرەی ٢ی شمس، بڕیاری گیرانی دەردەچێ-، پاش ٨ ساڵ خۆشاردنەو و بە نهێنی ژیان، لە ١٦ی جۆزەردانی ١٣٦٨ (١٩٨٩)، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستگیر دەکرێ و لە ٢٨ی ڕەشەممەی ئەو ساڵە (١٩٩٠)، لە سێدارە دەدەرێ. ماوەی ٩ ساڵ و ٩ مانگ، بنەماڵەکەی لێی بێ هەواڵ دەبن. ناوبراو کە یەکێک لە زانایانی سونی و یەکێک لە ڕێبەرانی میللی - مەزهەبی ئیخوانولموسلین ی ئیران لە کوردستان و شمس بوو. ناوبراو لە شاری قوروە نێژراوە. - سایت ویکی پدیا -.

دوای ئەو ڕووداوانە، مەکتەبی قورئان و شمس تووشی پاشەکشە، ناکۆکێی و لێکدابران دەبن و ڕێکخراوی دیکە لە هەناویان دا، دروست دەبن و تێکەڵ یا نزیک بە ڕەوتی گرووپە بناژوویەکانی باشووری کوردستان دەبن و هەوڵ بۆ دروستکردنی ئەماراتی ئیسلامی دەدەن. کۆماری ئیسلامیش پێشیان پێ ناگرێ و یارمەتیشیان دەدا کە لە داتوو دا و لە قوناغێکی دیکە دا، کەڵکیان لێوەردەگرێ. - ئەو گرووپانە دواتر باسیان دەکرێ - ڕێبەندانی ١٣٦١ (١٩٨٢)، هێرش بۆ حیزبی توودەی ئێران کرا و زۆربەی ڕێبەران و کادرە زانا و بەتواناکانی سیاسی و نیزامی گیران و زیندانی کران. لە بەهاری ساڵی دواتر هێرشی دوویەمیان کرایە سەر و ژمارەیەکی دیکەش لە ڕێبەران و کادرەکانی، بەتەمەنترین حیزبی چەپی ئێران دەسبەسەر کران. ئەوجار هێرش بۆسەر فیداییانی ئەکسەریت و حدکا(پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) یش کرا. ڕێژیم بەو کردەوانە، ڕێگای هەرچەشنە چالاکییەکی ڕێکخراوەیی سیاسیی و مەدەنی غەیرە خۆیی ئیسلامی و سکولار ی بەست.

### هێرش بۆ سەر حیزبی توودە و فداییانی ئەکسەریەت

ڕێبەندانی ١٣٦١ (١٩٨٢)، هێرش بۆ حیزبی توودەی ئێران کرا و زۆربەی ڕێبەران و کادرە زانا و بەتواناکانی سیاسی و نیزامی گیران و زیندانی کران. لە بەهاری ساڵی دواتر هێرشی دوویەمیان کرایە سەر و ژمارەیەکی دیکەش لە ڕێبەران و کادرەکانی، بەتەمەنترین حیزبی چەپی ئێران دەسبەسەر کران. ئەوجار هێرش بۆسەر فیداییانی ئەکسەریت و حدکا(پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) یش کرا. ڕێژیم بەو



سەرچاوە
Serchawe

کردەوانە، ڕێگای هەرچەشنە چالاکییەکی ڕێکخراوەیی سیاسیی و مەدەنی غەیرە خۆیی ئیسلامی و سکولار ی بەست. - پتری لەسەر بنووسرێ - /

## ڕاگیرانی چالاکییەکانی ئەنجومەنی حوجەتییە

دوای ئینقلاب بەهۆی فەزای ئینقلابی و سیاسی کۆمەڵگا و بەهۆی نەبوونی بڕوا بە چالاکی سیاسی، ئەنجومەن لەلایەن ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئینقلاب، بە عینوانی (وەک) عونسرێکی مەترسیدار ناسێندرا. - سەرچاوەی پێشوو، جعفریان، رسول، جریانها و سازمانهای مذهبی - سیاسی ایران، تهران، انتشارات مرکز اسناد انقلاب ص ٣٧٤.- بۆ پێشگرتن لە چوونە نێو ناوەند و شوێنە گرینگەکان تەبلیغاتێکی بەربڵاویان بە دژی ئەنجومەن دەست پێکرد. بۆچوونی بەشێک لە دژبەرانی ئەنجومەن ئەوە بوو کە دوای شۆڕش، ئەنجومەن خەبات دژی بەهاییەکانی وەلا ناوەو ئاڵای دژایەتی لەگەڵ مارکسیزمی بەرز کردۆتەوە و هەوڵی داوە بە ئاشکرا و ئامانجدار بۆ گۆڕینی شتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و ئینقلاب هەڵسوکەوتی بکا. لەڕاستی دا، بە جێی مەترسی ئەمریکا، مەترسی مارکسیزمی کردۆتە ئامانج. - علیانسب، پشین، ص ١٦٦- ١٦٥.-

حەڵەبی و گرووپەکەی لە ساڵی ١٣٦٢ دا- دوای ٥ ساڵ هەڵسووڕان بە شێوەی نوێ -، بە هەڕەشەی خومەینی و تۆمەتبارکرانی بە خەیانەت و دواکەوتوویی، پاش ٣٠ ساڵ کاروتەبلیغات، چالاکییەکانی خۆی ڕاگرت.

دوای ڕاگیرانی ئەو ئەنجومەنە جموجۆڵ بۆ پاکسازی لایەنگرانی حوجەتییە لە دامودەزگا ئامووزشی، زانستگایی و سیاسەت دانەری لەسەرانسەری ئێراندا، وەرێخرا. "عمادالدین باقی" کتێبێکی بەناوی "در شناخت حزب قاعدین زمان" نووسی کە لە زیادبوونی گوشاری پتر بۆ حوجەتییە کاریگەری بەرچاوی هەبوو. پاشان بە پێی ڕەوتی ڕووداوەکان، لە نووسراوەکەی پەژیوان بۆوە و کوتی: ئەو کات، دەروێشی "روح الله خمینی" بووەو دوای تێپەڕینی چەند ساڵ بیروبۆچونی لە هێندێک لە ڕوانگەکانی ئەنجومەنی حوجەتییە نزیکترە.

کێشەی بنەڕەتی ئەنجومەنی حوجەتییە لەگەڵ ڕوانگەی زاڵ بەسەرکۆماری ئیسلامی دا، لەوەدابوو کە حوجەتییە، هەوڵ بۆ دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی هەتا هاتنی مێهدی نادا. بەڵام کێشەکە پتر لەبەر ترس لە ڕوانگەکانی ئەنجومەن و دەسەڵاتیان لەنێو شوێنەکانی بڕیاردەری ڕێژیم بوو. چونکە بە وتەی "

ئەکبر موحتەشەمی پوور" - ماوەیەک وەزیری نێوخۆ بوو.-: ئەنجومەن بەهۆی پێوەندی لەگەڵ دامەزراوە حکوومەتییەکانی وەک "جامعەی مدرسین حوزەی علمیەی قم، شورای نگهبان و مجلس خبرگان رهبری" ڕەخنەیان لە دەسەڵات دا کردبوو.

حیزبی توودەی ئێران دژایەتی توندی لەگەڵ ئەنجومەنی حوجەتییە هەبوو. لە شوێنێک دا لەسەر ئەو ڕێکخراوە نووسیویانە: "بەهۆی ئەنجومەنی حوجەتییە و هێزە دەمامکدارەکانی دژی شۆڕش کە لەژێر" "اسلام قشری" دا جموجۆل دەکەن؛ لە سەرانسەری وڵات جەوی توندی دژی کۆمۆنیستی و دژی سۆڤیەتی دەخوڵقێنن و دوژمنایەتی ئاشکرا لەگەڵ ئەحزاب و ڕێکخراوە جیابیرە شۆڕشگێڕەکان بە تایبەتی حیزبی توودەی ئێران، پەرە پێدەدەن. "نورالدین کیانووری اتحاد نیروهای انقلابی ضامن پیروزی نهایی. انتشارات حزب تودەء ایران بهمن، ١٣٦١، ص ٢٤."

هەروەها لەبارەی گرفتەکانی ڕێژیم و کەلک وەرگرتن لە دەورانی جۆراوجۆر، لە حوجەتییەکان دا، بڵاوکراوەی "ڕێگای توودە" ژمارە ١٩٦ دەنووسێ: ئێمە ئەمڕو لە وڵات دوو گرفتمان هەیە "فرقەی زالەی بەهاییەت و وهابیەت". دیسان مەراجعی حەوزەی علمییەی قوم بۆ وڵامدانەوە و ئیسپاتی زانستی، بۆ گرفتەکانی ئاماژە پێکراو دەستەوداوێنی پەروەردەکراوانی ئەنجومەنی حوجەتییە دەبن. هەر لەوێ دا ئاماژە بەوە دەکرێ کە "مهندس مادرشاهی" - کەسی دووهەمی حوجەتییە-، ڕاوێژکاری بەرزی خامنەیی لە کاتی سەرکۆماریەکەی دابوە.

شێخ حەڵەبی بەفرانباری ١٣٧٦ (١٩٩٧)، کۆچی دوایی کرد. بە پێی دیمەنی ڕووداوەکان وکردوە تۆند ئاژۆکان - کە ئەمڕۆ ناوی "اصولگرا" یان لە خۆیان ناوە-، حوجەتییە دەستێکی بەهێزی لە بەڕێوەبەری بیتی ڕێبەری و کابینەی ئەحمەدی نیژاد و خیبرەگانی ڕێبەری و... دا هەیە و "مصباح یزدی" یەکێک لە "تئوریسین" ە ئاشکراکانیانە و ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویش دا، لەگەڵ عەبدولکەریم سرووش، بۆ منازەرەی تلویزیۆنی، لە بەرانبەر ئێحسان تەبەری - تێئۆریسێنی حیزبی توودە- و فەرووخ نیگەهدار - ڕێبەری ئەوکاتی فیداییانی ئەکسەریەت-، بەشداری باسی فەلسەفی، بە لاینگری لە کۆماری ئیسلامی بەشدار بوون.

### سەرچاوەکانی دیکە

"آنیا نیوز، آفتاب، ایسنا - وتوێژی عیمادەدین باقی. -، کتێبی "جریانهای و سازمانهای ملی - مذهبی ایران. نوشتەی رسول جعفریان صفحات ٣٦٨ تا ٣٧٦ ."

## بەرەودانی پتر بە پاوانخوازی ئیسلامی

بەبیانووی شەڕ، هەموو نارەزایەتییەکان بە درندانەترین شێوە تەپەسەر کران. هەتا ساڵی ١٣٦٢(١٩٨٣)، هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی، غەیرە خۆیی و جیابیریان هەڵوشاند و هێرشیان پێکردن و بەتەواوی پاوانخوازی ئیسلامی سیاسی بە قەوارەی کۆماری ئیسلامی ئێران - کە هەر چوار بەشی دەسەڵات- یانی ڕێبەری و سێ هێزەکانی یاسا دانان، ئیجرایی و قەزایی، بەرپرسە ئەسڵی و گرینگەکان لەژێر دەسڵاتی ئاخوندەکان دا بوو، بەشێوەیەکی جیاوازتر لە پێشوو دەستی پێکرد.

گرتن، زیندان، ئەشکەنجە، ئیعدام، تیرۆر، دەربەدەری و ئاوارەیی، خوێن و کوشتار بەرەوی زۆرتریان لە ساڵانی پێشووتر لە سەرانسەری ئێران پێدرا. خوێن ڕێژی و مرۆڤ کوژی و وێرانی هەم لە بەرەکانی شەڕ دەبینران و دەبیسران، هەم ڕوانان و لەنێو بردنی باشترین ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بەهۆی سەرەڕۆیانی پاوانخوازی ئیسلامی سیاسی دژی مرۆڤی لە ئارا دا بوو. بەداخەوە ئەوانە دیمەنە پڕ لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی پێنج ساڵی کۆماری ئیسلامی ئێران و چەند ساڵی دواتری بوو.

درێژەی کردەوەکان بۆ سەقامگیرکردنی ئیسلامی سیاسی و ململانێی نێوخۆییەکانی نێو دەسەڵات، جیابوونەوە و دابڕانەکانی حیزب و ڕێکخراوە بەراییەکانی ئیسلامی پێش شەڕ و دوای شەڕ، درێژەدانی شەڕ و بەرفراوان کردنی پتری دەسەڵاتی وەلی فەقیە جیاواز لە یاسای بنەڕەتی، یانی "حوکمی حکومتی" کە دواتر شووڕای لێکدانەوە (تەشخیس) ی مەسڵەحەتی نیزامی لێکەوتەوە. کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان، خواردنەوەی جامی ژاری خومەینی و گاریگەرییەکانی لەسەر بەڕێوەبەران و دەست و پێوەندەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ناکۆکی وەلی فەقیهی یەکەم (ئا. خومەینی) و جێگرکەی ئا. مونتەزیری. ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و دامەزراندنی ڕێکخراوەگەلی ئیسلامی بناژۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، مەرگی ئا. خومەینی و دانانی عەلی خامنەیی وەک وەلی فەقیهی دوویەم و بە ئایەتوڵلا کردنی، سیاسەتە جیاوازەکانی ناوبراو لەگەڵ پێشوو. گۆڕانی یاسای بنەڕەتی بۆ یەکدەست کردنی دەسەڵات؛ درێژەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، هێنانە کایەی بەشێکی دیکە لە ڕێکخراوی دوای تەواو بوونی شەڕی ئێران و عێراق- بەتایبەتی دانی ئیمتیازی زۆر گەورە بە سپای پاسداران-، لە بەرگێکی دیکەی دا، باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ.

بەو ئۆمێدەی تەمەن و کەند و کۆسپەکانی و دژواری ڕۆژگاری ئێمە مەودا بدا، بە قەولی ماموستا هێمن ی - یاد بەخێر - کە کوتی: ئاخۆ ڕۆژگاری تاڵ مەودا دەدا، ببینم سەردەمیکی تر، دەمێکی تر.- تەکمیل



سەرچاوە
Serchawe

بکرێ-

حەسەن حاتەمی، ٢ی ژانوییەی ٢٠١١، ماری هامن - فینلاند.

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe